# فاشیزم

**له نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا**

ئەم کتێبە پێشکەشە بە:
هەمــوو قــوربــانییــانی فــاشـیـزم لە کــوردسـتــان و
جیهاندا.

# فاشیزم

## لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و مێژووییە
لەبارەی بیری فاشیزمەوە

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەردەڵان عەبدوڵڵا
فاشیزم لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢٠
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٠ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

## ناوەڕۆک


پێش گوتە ..... 7
پێشـەکی ..... 10

بەشی یەکەم
فاشیزم چییە ..... 13
سەرەتاکانی بیری فاشیزم و راسیزم ..... 15
شۆڤێنیزم ..... 16
راسیزم چییە ..... 17
سەرەتای بەکارهێنانی راسیزم وەکو سیاسەت ..... 18
گۆبینۆ باوکی راسیزم ..... 19
خوێندکار و هەوادارانی گۆبینۆ ..... 20
ئایدۆلۆجیا و ئامانجی فاشیزم ..... 21
ناسیۆنالیزم و فاشیزم ..... 23
سەرەتای مێژووی بیری ناسیۆنالیزم ..... 24
ناسیۆنالیزم و راسیزم و فاشیزم ..... 28
جۆرەکانی فاشیزم ..... 30
هۆکارەکانی دروستبوونی بیری فاشیزم ..... 31
پێرەو و بنەماکانی فاشیزم ..... 36

بەشی دووەم
فاشیزم لە دنیادا ..... 51
نازییەتی ئەڵمانیایی ..... 53
هۆکارەکانی دروستبوونی فاشیزم لە ئەڵمانیا ..... 53
تاوانی نازییەکان دژی گەلی ئەڵمانیایی ..... 58
فاشیزمی ئیتاڵیایی ..... 60
ئیسپانیا و فرانکۆ ..... 64
ئەفریقیا و رێژێمی راسیزمی ..... 65
رۆدیسیا ..... 65

باشــووری ئەفــریقــیــا ........ 66
فاشـیزم لە ئەمـەریکای لاتین ........ 67
ئەرجـەنتین ........ 67
شـیلی ........ 68
ئەمــــەریکا ........ 69

بەشی سێیەم

فاشـیزمی نوێی ئەوروپا ........ 71
فـاشـیزمی نوێ ........ 73
هـۆکـــارەکـــانی دروســـتـبـــوونی فـــاشـــیـــزمی نـوێ ........ 74
ئایدۆلۆجـــیـــا و بـەرنـامـــەی فـــاشـــیـــزمی نـوێ ........ 79

بەشی چوارەم

فاشیزمی رۆهەڵاتی ........ 87
جیاوازیی فـاشـیزمـی رۆهـەڵاتی و ئەوروپایی ........ 87
بۆرجـوازی رۆهـەڵاتی ........ 88
دەوڵـەت ........ 92
سەرەتاکانی بیری ناسیۆنالیزم و فـاشیزم لە رۆهەڵاتدا ........ 96
فاشـیزمی عەرەبی ........ 98
سعووییە دایکی فاشـیزمی ئاینی ........ 99
ئیـخوان مـوسلمین ........ 101
ناسـرییەکان ........ 103
پارتی بەعس ........ 105
فـاشـیـزم و بەربەریەتـی تورکی ........ 109
بنەمـاکـانی فـاشـیـزمـی تورکی ........ 123
فـاشـیـزمی فـارسـی ........ 127
فـاشـیـزمی نـەتەوەیی ........ 127
خـومـەینی و فـاشـیـزمـی ئاینی ........ 130
دوا وشـە ........ 133

# پێش گوته

نا، نا، هەرگیز وا بیر نەکەنەوە کە فاشیزم هێندە بابەتێکی خۆشە بۆیە من باسی دەکەم، بگرە بە پێچەوانەوە، کاتێک کە باسی فاشیزم دەکرێت، یان رووداوێک دەبینم کە بیری فاشیزمی هاندەری بووە، چەندین شەو خەو لە چاوانم دەزڕێنێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاتێک سەیری مێژووی گەلەکەم دەکەم، کە خۆشبەختانە هیچ وەختێک پارتێکی فاشیستی لە مێژوویدا نەبووە، کە ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییەکی گەورەیە بۆ هەموو کوردێک، چونکە لە زۆربەی نەتەوە و دەوڵەتانی جیهان، فاشیزم ئامادەی دیوانی سیاسی بووە. بەڵام لەلایەکی ترەوە سەیر دەکەیت، ئێمەی کورد، گەورەترین قوربانیی بیری فاشیزمی تورکی، عەرەبی، فارسی بووین. کەچی بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش، نووسەرانی کورد، نەهاتوون بە شێوەیەکی جیدی و زانستییانە شرۆڤەی ئەم بیرە نەگریسە بکەن. تەنانەت کتێبێکیشمان لەو بارەیەوە نییە.

بە دڵنیاییەوە، بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە کە بزانین ئەم بیرە چۆن دروست بوو؟ وە هۆکاری دروستبوونەکەی چی بووە؟ خزمەتی چ چینێک یان توێژێکی کۆمەڵگە دەکات؟ مامۆستا و قوتابخانەکانیان کامانەن؟ ئامانج و ئایدۆلۆجیایان چییە؟ وە چۆن کار دەکەن؟.

هەموو ئەم پرسیارانە گرینگن بۆ ئەوەی تێ بگەین و شارەزاییەکی وامان لەمەڕ ئەم بیرە نەگریسەوە هەبێت. هەروەک چۆن بیری (کۆمۆنیزم، دیموکراسی، لیبراڵی، سۆسیال دیموکرات، ناسیۆنالیزم) هەموویان لە دایکێکی ئەوروپایی لەدایک بوون، بەهەمان شێوەش بیری فاشیزمیش دایکێکی ئەوروپاییی هەیە.

لێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم بیرە تەنیا لە ئەوروپادا چەقی بەستبێت، یان بەواتایەکی تر تەنیا لە ئەوروپادا فاشیزم بوونی هەبێت. بگرە فاشیزم لە رۆژهەڵات و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینیش، بوونێکی گەورەی هەبووە.

## چیرۆکی ئەم کتێبە:

بۆ یەکەم جار کە دەستم دایە نووسین، هەوڵم دا بابەتێک لەسەر فاشیزم بنووسم. لێ زۆرجـار هێندە بابەتەکـە لە ڕووی دەروونییـەوە ئازاری دەدام، تاقـەتی تەواوکردنیم نەبوو. هەر بۆیە وازم لێ هێنا هەتا ساڵی پار دەستم بە تەواوکردنی کرد.

من لەم کتێبەدا هەوڵم داوە، سەرەتا پێناسەیەکی ئەم بیرە بکەم. ئەم چەمکە نەگریسەی سیاسەت مانای چی دەگەیەنێت. دیارە گەر باسی فاشیزم بکەیت، دەبێت بە جەنگەڵی بیری راسیزم و دارستانی ناسیۆنالیزمدا تێ پەڕیت. هەر بۆیە باسێکی کورتی بیری راسیزمم کردووە، چۆن وە بۆچی پەیدا بوو. پاشان بیری ناسیۆنالیزم، چۆن پەیدا بوو، مامۆستاکانی کێن. هەوڵم داوە باسێکی کورتی مێژووی هەردوو بیری راسیزم و ناسیۆنالیزم بکەم. پاشان ئاخۆ چ جیاوازییەک لە نێوان (راسیزم، ناسیۆنالیزم، فاشیزم)دا هەیە. ئاخۆ ناسیۆنالیزم و فاشیزم یەک مانایان هەیە؟

بە وردی باسی ئامانج، ئایدۆلۆجیا، چۆنێتیی کارکردنی پارتە فاشیستەکانم کردووە. ئێمە هەتا لەمانەش نەگەین، لە کرۆکی بیری فاشیزم ناگەین. دیارە ناچارین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکان و مامۆستا یەکەمەکانی بیری فاشیزم کە خۆیان لە (مۆسۆلینی، هیتلەر) دەبیننەوە. بەبێ باسکردنی نازییەتی ئەڵمانیایی و فاشیزمی ئیتاڵیایی، باسەکە زۆر لاواز دەبێت. لەبەر ئەوە بەشێکم بۆ باسکردنی ئەم دوو پارتە داناوە.

پارتێکی فاشیی تری ئەوروپایی، پارتی فاشیستی فرانکۆی ئیسپانیاییە. ئەویش بە یەکێک لە سیمبولە گەورە و نەگریسەکانی فاشیزمی ئەوروپایی دەژمێردرێت.

لە بەشەکانی تریشدا هەوڵم داوە باسێکی کورتی فاشیزم لە شوێنەکانی تری جیهاندا بکەم، لەوانە (فاشیزم لە ئەرجەنتین، شیلی، باشووری ئەفریقیا، رۆدیسیا).

دیارە فاشیزمی ئەمڕۆی ئەوروپایی لە چاو فاشیزمی سەدەی پێشوودا کەمێک

جـیـاوازیی هـەیە. لە بەشـێكی تایبـەتیـدا، هـەوڵم داوە، باسـی فـاشـیـزمی نـوێی ئەورووپایی بكەم. ئامانج و ئەركەكانیان دیاری بكەم. من پێم وایە فاشیزمی نوێی ئەورووپایی كە بە پۆست فـاشیـزم دەناسـرێت، لە ڕووی چەمك و تێـڕوانینیـان بۆ جـیـهـان، هیچ جـیـاوازییـەكی وایان لەگـەڵ نەوەكـانی پێـشـوودا نیـیـە، بگرە جیاوازییەكەیان لە شێوەی كاركردن و جۆری دەسەڵات دەگۆڕێت. ئەمڕۆ ئەمان هێشتا هیچ كامیان نەیانتوانیوە دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، هەر بۆیە ئەم جیاوازییەش دروست بووە.

لە دوا بەشیشدا هەوڵم داوە، باسێكی تایبەتی بیری فاشیزمی ڕۆهەڵاتی بكەم، بەتایبـــەت (توركی، عـــەرەبی، فـــارسی). ئەم چەمكە چۆن دروست بوو، چ كـاریگەرییـەكی خراپی بۆ سەر گەلەكەمان هەبوو؟ و تاوانە نەگریسـەكانیـان و هەروەها باسی ئامانج و چۆنێتیی كاركردنیان دەكەم.

هیوادارم لە ڕێگەی ئەم كتێبەوە، توانیبێتم تیشكێكی بچووك بخەمە سەر تاریكاییی چەمكی فاشیزم. بۆ ئەوەی خوێنەرانی هێژامان، بتوانن شـارەزایی و ئاگـادارییـان لەبارەی ئەم چەمكە نەگریسـەی سیـاسـەتەوە هەبێت. لە هەمـان كاتیشدا بتوانین كتێبخانەی كوردیمان دەوڵەمەند بكەین.

## پێشەکی

ماوەیەکی زۆر بوو بە دوای کتێبێک یان نووسینێک لەسەر فاشیزم و کێشەکانی و فێرگەکانی و مێژووی فاشیزمدا دەگەڕام. تا بە ڕێک کەوت چاوم بە کتێبێکی نایاب کەوت کە لە نووسینی نووسیاری گەورەی ئیتاڵی بالمیرۆ تۆلیاتی بوو، کە بە یەکێک لە نووسینە گرینگەکان دەژمێررێت لەسەر فاشیزم بەگشتی و فاشیزمی ئیتاڵیایی بەتایبەتی. بۆ خۆشی یەکێک بووە لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیایی و زۆر لە دژی فاشیزم و بۆچوونەکانیان و بزووتنەوەکانیان کاری کردووە. لە زۆر شوێندا سیمینار و کۆبوونەوەی بەستووە. نووسەر لەم کتێبەیدا باس لە فاشیزمی ئیتاڵیایی و میتۆد و فەرمانڕەواکانیان لە ئیتاڵیادا دەکات. هەروەها نووسەر لەم کتێبەیدا هەوڵی داوە کەم یان زۆر تیشک بخاتە سەر فاشیزم و نازییەتی ئەڵمانیایی و جیاوازییەکانیان.

دەتوانم بڵێم کاتێک کە ئەم کتێبەم دەخوێندەوە، یەکسەر فاشیستەکانی لای خۆمانم بیر دەکەوتەوە، چونکە لە زۆر ڕووەوە فاشیستەکانی دنیا لەیەک دەچن. لە هەڵسوکەوتیان بەرامبەر کۆمەڵگە و دەوروبەر و چۆنیەتیی کارکردنیان و میتۆد و پارت و سیاسەتەکانیان. دەتوانم بڵێم لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن. زۆرجار جیاوازیی دین و زمان و کولتوور و شوێن و ئاووهەوا ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتیی مرۆڤ و دەوڵەت و کۆمەڵگەکان، بەڵام ئەوەی کە تەنیا ئەم هۆکارانە کاری تێدا نییە فاشیزمە. چونکە فاشیستەکان هەموویان یەک زمان و یەک کولتووریان هەیە. ئەویش زمانی لەناوبردنی بەرامبەرە بە هەموو شێوازێک، زۆرجار شێوازەکانیشیان لەیەک دەچێت.

ئەم کتێبە زۆر پشتگیریی کردم کە شتێک ئەگەر بە کورتیش بێ، لەسەر فاشیزم بەگشتی و فاشیزمی ڕۆهەڵاتیش بەتایبەتی، بنووسم. دیارە ئەم کتێبە چیرۆکی خۆی هەیە. ئەمە یەکەمین کتێب بوو، کە خەریکی نووسینی بووم. بەڵام زۆرجار کاتێک سەیری تاوان و سیاسەتە قێزەونەکانی فاشیستەکانم دەکرد، زۆر بێ

تاقــەتی دەکــردم. هــەر بۆیە مــاوەیەکی زۆر بوو وازم لێ هــێنابوو. بەڵام ئەم ســاڵ دەستم کرد بە پاکنووسکردنی و زۆر شتی تریشم بۆ زیاد کرد.

هیوادارم لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە، هەندێک زانیاری بەخوێنەری کوردی بدەم. لە هەمان کاتیشدا خزمەتێکی کتێبخانەی کوردی بکەم.

ئەردەڵان عەبدوڵڵا
ئەڵمانیا- مانهایم ٢٠١٠/١٠/١٦

بەشی یەکەم

# فاشیزم چییە

## فاشیزم چییە

دیارە لەسەر فاشیزم و پێناسەکردنی، چەندان بۆچوون و ڕای جیاواز هەیە. وشەی فاشی Fscis وشەیەکی لاتینییە و ماناکەی "کۆمەڵ" یان یەکەتی دەگەیەنێ، ئەم وشەیە بە ئیتاڵیایی Fascio فرەنسایی (Faiscieu) ئەڵمانیایی (faschis) دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە[1]، ئەم وشەیە لە دوای ساڵی ١٩٢٣وە لە ئیتاڵیاوە تەشەنەی کرد و چووە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە. زیاتر ئەمڕۆ وەکو جنێوێکی سیاسی یان وشەیەکی ناشیرین بەکار دێت، کە مانای توندڕۆیی و دڕندەیی و تۆقاندن و تیرۆر و دیکتاتۆری دەگەیەنێ[2].

### سەرەتاکانی بیری فاشیزم و راسیزم:

ئەگەر پێشتر بیری ناسیۆنالیزم تەنیا لەناو چینی وردە بۆرجوازی و ڕۆشنبیرەکاندا بڵاو بووبووەوە، ئەوا لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەمدا هەموو کون و کەلەبەرێکی گرتبووەوە و بووبووە باس لای زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵ. تا دەهات پێوەندیی نێوان گەلە جیاوازەکان خراپتر دەبوو، بووبووە هۆی دروستبوونی شەڕ و کێشە لە نێوان نەتەوەکاندا.

نەتەوەپەرستی تا دەهات بازاڕی گەرمتر دەبوو، لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا زۆر بە خراپی دژایەتیی گەلانی تریان دەکرد، بە تایبەت دراوسێکانیان، لەپێش هەمووشیانەوە فرەنسا. زۆر بەچاوێکی گومان لێکراوەوە سەیری فرەنسایان دەکرد و باوەڕیان بە ئاشتی نەبوو لەگەڵ فرەنساییەکان. لەم سەردەمەدا مەسەلەی زمان و نەتەوە و گەلە جیاوازەکان زۆر بە گەرمی باسی لێوە دەکرا و چەندان لێکۆڵینەوە و فێرگەی جیاواز دروست بوو. بیری ناسیۆنالیزم بووە بنکەی بیرکردنەوە و بەرژەوەندیی دانانی زۆربەی گەلان و بیری لیبرالیزم و دیموکراتیزم

1. Johannes Zerger. was ist Rassismus. Lamuv verlag. 1997.S13.

2.www. wikipedia. de. Rassismus.

پاشـەکـشـەیەکی گـەورەی بەخـۆوە بینـی. بیـری ناسـیـۆنالیـزم ڕۆڵـی زۆر بوو، بنەوا بنەڕەتییـەکانی بۆ بیر و ئـایدۆلۆجیـا و پێوەندییـە دەرەکییـەکانی دیاری کرد. هەر نەتـەوە و خـۆی بە باشــتـر و چاکـتـر لەوانی تـر دەزانی و بەس تـەنیـا بیــری لە نەتەوەکـەی خـۆی دەکردەوە و هـەوڵـی بچـووککردنەوەی نـەتەوەکانی تر دەسـتی پێ کـرد. بـەمـجـۆرەش بیـری ناسـیـۆنالیـزم هـەنگاوی نا بـەرەو شـۆفـێنیـزم، بیـری شـۆفـێنیـزمـیش تەنیا و تەنیـا بیـر لە بەرژەوەندیی نـەتەوەکـەی خـۆت دەکـەیتـەوە و ئەوانی تر ڕەت دەکەیتەوە.

### شۆفێنیزم

دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو سـەربازە لووتبـەرزەی کە ناوی Chauvin بوو کە سـاڵی ١٨٣١ نـووسـەری فـرەنسـایی Cogniard لـە شـانۆگـەریی La corcarde tricolore نووسـیبـووی[٣]. کـە ئەمـە بووە سـەرەتایەک بۆ بیـری راسـیـزم و نووسـەری تریش بەدوایدا هاتن.

سـەرەتا لە فـرەنسـاوە دەسـتی پێ کـرد و بە ئـەورووپادا بـڵاو بووەوە. لەپێش هەمووشـیانەوە هەردوو نووسـەری فـرەنسـایی Derouled و Barres سـاڵی ١٨٤٦–١٩١٥، Derouled ساڵی ١٨٨٢ پاش دۆڕاندنی شـەڕ پارتێکی فـاشیی دروست کرد بەناوی Ligue des Patriotes کـە ئامـانجی پارتەکەی ئـەوە بوو کە دەبـێ فـرەنسـا خـۆی لە نەتەوەکانـی تر دابڕێت و خـۆی لە رووی سـەربازی و سـیاسـییـەوە بەهێـز بکـا. گـیـانـی نەتەوەپـەرسـتی بـەهێـز بکاتـەوە. زیاتر خـۆی بە کـۆنتـرۆڵکردنی دەریاکـانەوە خـەریک نەکـات. پێی وا بوو کـە تاکـە رێگە بۆ سـەرکـەوتنـی فـرەنسـا شـەڕە، شـەڕیش پێویسـتیـیـەکی گرینگە بۆ فرەنسـا و پاش بردنـەوەی شـەڕەکـان ئینجا بیر لە پێکەوەژیانی نەتەوەکان بکرێتەوە[٤].

ئەگەرچی Maurice Barres /١٨٦٢ – ١٩٢٣ کە نووسـەر و سـیاسـەتوانیش بوو، کە پێشتـر کـەسێکی چەپ بوو. ئەم زیاتر داوای دەوڵەتێکی بـەهێزی دەکرد لەگەڵ

٣. هـەمان سەرچاوەی پێشوو.

4. Poliakov Leon. Der Arische Mythos: zu den Quellen von Rassismus und Natio nalismus. Hamburg. 1993.S34

بوونی سیستەمێکی باشی کۆمەڵایەتی. داوای لابردنی ژیانی پەرلەمانی دەکرد و هەرچەندە پێشتر خۆی ئەندامی پەرلەمانیش بوو[5].

## راسیزم

سەرەتای ئەم وشەیە بۆ سەدەکانی پێشتر دەگەڕێتەوە. وشەی راسیزم لە زمانی رۆمانیی کۆندا بە (Razza) هاتووە. کە تا ئێستاش هەر وای پێ دەڵێن. لە زۆربەی زمانەکانی جیهانیش هەر هەمان وشە بەکار دەهێنن. بە ئیسپانیایی (Raza) بەکار دەهێنن. بە فرنسایی Race. بە ئەڵمانیایش Rasse دەنووسرێ. چەند بۆچوونێکی جیاوازیش هەیە لەسەر چاوگ و مانای ئەم وشەیە. لە زمانی لاتینیی کۆندا (Ra-dix) بەمانای رەگ هاتووە. Ratio بەمانای زانین و سروشت هاتووە[6]، هەندێک زاناش پێیان وایە، ئەم وشەیە لە (رأس)ی عەرەبییەوە هاتووە، کە مانای سەری شتێک یان سەرەکی هاتووە.

## راسیزم چییە؟

راسیزم رەگەزی گرووپێک دیاری دەکات، کە دەیەوێ بەهۆی رەگەزەکەیەوە خۆی لە گرووپەکانی تر جیا بکاتەوە[7] راسیزم ئایدۆلۆجییەکی سیاسی توندڕۆیانەیە، کە لە رێگەیەوە مرۆڤەکانی تر بە پیسترین و درندانەترین شێوە دەچەوسێنێتەوە. راسیزم ئایدۆلۆجیایەکی دەبەنگانە و درندانەیە، کە مرۆڤەکان لەسەر بنەوایەکی بایلۆجی بەسەر چەند گرووپێک دابەش دەکات. وەکو گرووپی (رەشپێستەکان، سپیپێستەکان، قاوەییپێستەکان). یان لەسەر بنەوای کولتوور و ناوچەوە، مرۆڤایەتی دابەش بکا. بۆ نموونە (رۆهەڵاتییەکان، رۆئاواییەکان، ئیسلام، مەسیحی، ئاری، سامی). مەبەستی سەرەکیی ئەم دابەشکردنەش، قازانجکردنی گرووپێک یان دەوڵەتێکی بەهێزە، کە دەیەوێ گرووپێک یان دەوڵەتێکی بێهێز بچەوسێنێتەوە. بە واتایەکی تر دابەشکردنی مرۆڤایەتی بەسەر (ئێمە و ئەوان)دا.

---

٥. هەمان سەرچاوە.

6. Johannes Zerger. was ist Rassismus. Lamuv verlag .1997. S4.

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## سەرەتای بەکارهێنانی راسیزم وەکو سیاسەت

بۆ یەکەم جار ئەم وشەیە لە سەدەی ١٣مدا وەکو سیاسەتێک، لە ئیسپانیا و فرەنسا بەکار هێنرا. پاش ڕزگاربوونی ئیسپانیاییەکان لەژێر دەستی عەرەبەکان، توندڕۆییەکی فراوان هەموو ئیسپانیای گرتەوە. گیانی تۆڵەسەندنەوە زۆر بوو. هەرچی عەرەبە – هێنراوەکان (مسطوطنات) هەبوون، دەرکرانە دەرەوەی ئیسپانیا. پاشانیش دەستیان کرد، بە ڕاونان و دەرکردنی ئەوانەی یارمەتیی عەرەبەکانیان دابوو، بە تایبەت جوولەکەکان. جێگەی ئاماژەیە، ئەم قۆناخەی ئیسپانیا، بە قۆناخی دادگەکانی پشکنین (محاکمات تفتيش) ناوی لە مێژوودا هاتووە. پاش ڕزگاربوونی ئیسپانیا، سیاسەتی پاککردنەوەی ئیسپانیا لە جوولەکە و عەرەب و غەیرە ئیسپانیایی دەستی پێ کرد. ئیسپانیاییەکان دەیانوت (جوولەکەکان، ڕەگەزێکی بێگانەن بە ئیسپانیا و ئەوروپا). بۆ یەکەم جار (خوێن) وەکو سیاسەتێک بەکار هێنرا. ئەمەش سەرەتای بزووتنەوەی نەگریسیی (دژە سامی، دژە جوولەکە، Antisimitism) دادەنرێ. ئەم بزووتنەوەیە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەم سیاسەتە نەگریسەی ئیسپانیا درێژەی کێشا، تا دۆزینەوەی پارزەوینی ئەمەریکا. ئەوە بوو هێندەی تر ئەم سیاسەتە تەشەنەی کرد و، ئینجا ئیسپانیاییەکان کەوتنە گیانی خەڵکی سیڤیل و بێهێزی ئەمەریکا. ئەوە بوو گەورەترین کوشتار و کۆمەڵکوژییان لە دژی ئەو گەلانەی ئەمەریکا تۆمار کرد[٨].

لە سەدەی ١٦مدا لە فرەنساش، چینە ئەرستۆکراتەکان، لەسەر بنەمای بنەچە و ڕەگەزیان، پۆستی دەوڵەتیان وەردەگرت.

ئەرستۆکراتەکان بۆ ئەوەی ماف و دەستکەوتەکانیان بپارێزن، خۆیان لە خەڵکی تر جیا کردەوە و خەڵکی بێگانە بە خۆیان، بە چاوێکی سووک و نزمەوە سەیر دەکرد. دیارە پاش دۆزینەوەی پارزەوینی ئەمەریکا وەکو ئەوروپاییەکان دەڵێن! هەرچەندە ئەو قسەیە ڕاست نییە، هەزاران ساڵە پارزەوینی ئەمەریکا خەڵکی تێدا ژیاوە. هێندەی تر بیری راسیزم پەرەی سەند. لە هەمان کاتیشدا کۆلۆنیالیزم، هێندەی تر بەنزینی بە بیری راسیزمدا کرد.

---

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## گۆبینۆ باوکی بیری راسیزم

نووسەری فرەنسایی (Gobineau 1816-1882) بە باوکی راسیزم دێتە ژماردن. لە ساڵی ١٨٥٢ – ١٨٥٣ کتێبێکی بەناوی "Essai sur l Inegalite des Races Humaines" نووسی، دیارە ئەم بووە مامۆستای زۆر نووسەری فاشیی تر و زۆریشی پێ گەیاند لەوانە (نیتچە و ڤاگنەر و شامبێرلا و لەبپۆگ)، ئەو پێی وابوو کە ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی جیاواز و پلەدارن. رەگەزی فرەنساییش پیرۆزترین رەگەز بوو لای ئەو، هەروەها ئەو مرۆڤایەتیی دابەش کرد بەسەر سێ رەگەزی بنچینەیی (سپی و قاوەیی و رەش )[9] رەگەزی سپی بەپیرۆزترین و باشترین و چالاکترین ڕەگەزی دانا. رەگەزی قاوەیی زیاتر بە ڕەگەزێکی بازرگانی و پیشەیی دانا. ئەگەرچی رەگەزی رەش، لای ئەو هیچ قابلیەتێکی نەبوو و بە ڕەگەزێکی کەمی ژمارد. لەلایەکی ترەوە نەتەوە ئارییەکانی باکوری رۆهەلاتی ئەوروپای بە بەرزترین پلە ژمارد و بە رەگەزێکی ئازا و چالاک و بەرز، کە هەموو کات پێشڕەو و پێشەوای هەموو ڕەگەزەکانی تر بووە و فرەنساییەکانی بەباشترین رەگەزی ئاری ژمارد، ئەگەرچی ئەڵمانیاییەکانی بەڕەگەزێکی تێکەڵاو بە سلاڤەکان ژمارد.

دیارە ئەم زیاتر دوو نووسەری پێش خۆی کاری زۆریان لێ کردبوو، ئەوانیش نووسەری فرەنسایی Henri de Boulainvilliers (١٦٥٨–١٧٢٢) کە ئەویش – رەگەزی فرەنسایی بەپیرۆزترین رەگەز ژماردبوو، ئەو زیاتر وەک ئەنترۆپۆلێک بیری رەگەز و جیاوازیی رەگەزەکانی باس کردبوو، نەک وەک کەسێکی ڕاسیزم.

هەروەها نووسەری ئەڵمانیایی Friedrich Schlegels کە لە کتێبی Über die Sprache und Weisheit der Inder (1808).

لەم کتێبەیدا باس لە پلە و بنەڕەتی زمانەکان دەکات، پێی وایە کە ئەو زمانانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ زمانی هیندی وەکو (یۆنانی و لاتینی و ئەڵمانی) بەباشترین و چاکترین زمانی مرۆڤی دادەنرێت، زمانەکانی تر کە لەم خێزانە نین بە زمانێکی ناچالاک و خراپ دادەنرێت[10].

---

9. Robert Miles. Bedeutungskonstitution und der Begriff des Rassismus.Hamburg.1990.S105.

١٠. هەمان سەرچاوە.

## خوێندکار و هەوادارەکانی گۆبینۆ

گۆبینۆ لە پاش خۆی چەند نووسەرێکی تری ئەوروپایی رەگەزی ئاری بووە تەوەری بنەڕەتی لایان و بیری رەگەزپەرستی بە شێوەیەکی ترسناک بڵاوتر و گەرمتر تەشەنەی کرد. هەر لە کاتی خۆیدا نووسەرێکی تری ئینگلیزی بە ناوی Anatom Robert Knox (١٧٩٨ – ١٨٦٢ ) کتێبێکی نووسی بە ناوی The Races of Men (١٨٥٠ )، ئەویش هەمان قسەی کرد. بەڵام لای ئەم باشترین رەگەز ساکسۆنەکان بوون واتە ئینگلیزەکانی بەباشترین ڕەگەزی مرۆڤ ژمارد. ئەم لە گۆبینۆ توندڕۆتر بوو. هەرچی ڕەگەزی سپی نەبوو، بە ڕەگەزێکی خراپ و بێ کەڵکی ژمارد. ڕەگەزی ڕەشیش لای کنۆکس، بە ڕەگەزێکی زۆر کەم دانا. هەروەها جوولەکەکانی بە ڕەگەزێکی خراپ ژمارد. هەرچەندە گۆبینۆ تۆزێک رەحمی پێ کردبوون بەڵام کنۆکس جوولەکەی بە شتێکی زۆر خراپ لە قەڵەم دا[11].

دیارە بیری ڕەگەزپەرستی و باشیی رەگەزی ئاری و خراپیی رەگەزەکانی تر بووە باسی نووسەری فەرەنسایی Vacher de Lapouge ١٨٥٤– ١٩٣٦ کە لە کتێبی Le Aryen ڕەگەزی ئاری بەڕەگەزە بەرز و پیرۆزەکان دەژمێرێت و باسی ئەو شەڕانە دەکات کە رەگەزی ئاری کردوویەتی دژی رەگەزە جیاوازەکانی تر و چۆن توانیویانە سەربکەون بەسەر ڕەگەزەکانی تردا. دیارە ئەم نووسەرە بۆچوونەکانی بووە سەرچاوەیەکی گرینگی بیری پارتە فاشیستەکەی فەرەنسا Action Francaise، هەروەها لەپاش ئەمانیش بیری رەگەزپەرستی گەورەترین تەوژمی بەخۆیەوە بینی. لەناو هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکان بڵاو بووەوە و پاش چەند ساڵێکیش نازییەکانی ئەڵمانیا هاتنە سەر کار و هەمان بیری ڕەگەزپەرستییان دووبارە کردەوە و کەوتنە لەناوبردنی هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئاری نەبوون بە تایبەت جوولەکە و سلاڤەکان[12].

11. Sommer, Antje. Entstehung und Entführung des Rasse Begriffs 1984. S151.

١٢. هەمان سەرچاوە.

## ئایدۆلۆجی و ئامانجی فاشیزم

فاشیزم هەوڵدانێک یان بزاوێکی سیاسییە بۆ دروستکردنی کولتوور و فەلسەفەیەکی سەربەخۆ و تایبەت. دروستکردنی کیانێک یان دەوڵەتێکی نەتەوەیی توندڕۆیانە و تۆتالیتاری، کە بە هیچ شێوەیەک خۆی بە پرەنسیپ و مۆدێلی-سیاسیی نێودەوڵەتییەوە - نابەستێتەوە. لە هەمان کاتیشدا کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بەبێ گوێدان بەجیاوازیی بیر و بەرژەوەندیی ئەندامانی، لە هەمان کاتیشدا کۆنترۆڵکردنی هەموو کەرتە ئابووری و سامانەکانی نەتەوەیی و خستنە ژێر رکێفی خۆیەوە و دروستکردنی شێوە مۆدێلێکی ئابووریی سیاسی کە بە سۆسیالیزمی نەتەوەیی دەناسرێت[13].

لە هەمان کاتدا باوەڕبوون بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک یان گرووپێک، کە بەهۆی ڕەگەز و نەتەوەوە دیاری دەکرێ. لە نێوان ئەم گرووپ و نەتەوە جیاوازانەدا مونافەسە یان شەڕ هەیە. ئەمانیش خۆیان لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەیی کۆ دەبنەوە، واتە فاشیزم باوەڕی بە شەڕ و پێکدادان لە نێوان نەتەوەکان هەیە، نەک ئاشتی و پێکەوەژیان[14] بەهێزترین پێناسە کە لەسەر فاشیزم کرابێت، پێناسەکەی جۆرج دیمیتڕۆف سەرۆکی پێشووی بولگاریایە کە لە ساڵی ١٩٣٥ لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی حەوتەمدا لە مۆسکۆ کردی.

دیمیترۆف دەڵێ "فاشیزم دیکتاتۆریەتێکی تیرۆریستییە، لەلایەن زۆرترین بەشی سەرمایەی ماڵی دواکەوت و شۆفێنی و ئیمپریالییەوە بەڕێوە دەچێ"[15]. ئەو پێی وا بووە کە فاشیزم لە کەرتە هەرە دواکەوتووەکانی سەرمایەدارییەوە دروست دەبێ، واتە ئەو کەرتانەی کە توانای مونافەسەکردنیان لەگەڵ کەرتەکانی تری سیستەمی سەرمایەداریدا نییە. هەر لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی دەوڵەتێکی

---

13. Ernst Nolte. Die Faschistische Bewegungen. München. 1968. S7.

14. Stanley Payne. Geschichte des Faschismus. München. 2001

هەروەها سەیری

Wolfgang Wipperman. Faschismustheorie. Primus Verlag. Darmstadt .1989.

١٥. بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١. ص٣٥.

تیرۆریستییەوە زاڵ ببن بەسەر هەموو کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵگە بۆ خۆیان داگیر بکەن. دیارە ئەم پێناسەیە بوو بەپێناسەی زۆربەی زۆری کۆمۆنیستەکانی دنیا. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ هەر ئەو پێناسەیە زاڵە.

تۆلیاتیش هەر هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوە و پێشی وایە کە وردە بورجوازیی بچووک زیاتر دەخزێتە ناو بیری فاشیزم و ئەوان دەبنە پێشڕەوی بزاڤەکە. لە هەمان کاتدا فاشیزم زیاتر لەناو چینی جووتیار و هەژارەکانی ناو شار و زۆر جاریش کە فاشیزم تەشەنە بکا چینی کرێکاریش دەگرێتە خۆی و لەناو ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیست دەریان دەکات[١٦] گاس هۆل سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئەمەریکایی لە پێشەکییەک کە بۆ کتێبەکەی تۆلیاتی نووسیوە لەسەر فاشیزم دەڵێت:

"لەناو خودی سیستەمی سەرمایەداریدا، شێوە مەیلێکی دژە دیموکراتی دروست دەکات، کە ئەم مەیلە بزووتنەوە فاشیزمەکانی پێ بەهێز دەبێ. لەو کاتەی کە سەرمایەداری سەپێنراو (رأس المال الاحتكاري) نەتوانێ زۆرترین قازانجی لە ڕێگەی دەزگا دیموکراتییەکان دەست بکەوێ، ئەوا دەست دەکات بە لەناوبردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵیان. لە هەمان کاتیشدا دەست دەکات بە گۆڕینی ئەم دەزگایانە بەدەزگای کۆنەپەرستی و سەربازی. ئەو فاشیزمەی کە بەم شێوەیە دروست بێ، ئەوا دڕندەترین و بەربەریترین شێوەی فاشیزم دەبێ"[١٧].

دیارە ئەم ڕستەیەی پێش ٣٥ ساڵ لەمەو پێش وتووە. گەر گاس هۆل ئەمڕۆ لە ژیاندا بوایە، هەمان قسەی بەرامبەر ئەو سیاسەتە فاشییانەی کە جێگرەکەی نکسۆن، جۆرج بوش بەڕێوەی دەبات و دەیەوێ بەهەمان شێوەش هەڵسوکەوت بەرامبەر جیهان بکا. ئەو سیاسەتانەی کە بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو مرۆڤایەتین. هەروەها گاس هۆل باسی ئەو سیاسەتانەی نیکسۆن دەکات کە چۆن هەوڵی داوە لە ڕێگەی تازەترین شێوازی پۆلیسەوە ناو و ئەدرێسی هەموو ئەو کەسانە بزانن و بە کۆمەڵیش ئەو کەسانە بگیرێن کە دژایەتیی سیاسەتە فاشیستەکانی دەکەن. لە هەمان کاتیشدا هەوڵەکانی نیکسۆن بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کۆنگرێس و دادگەی فیدراڵی دەخاتە ڕوو، پێی وایە ئەو سیاسەتانە هەمان

١٦. هەمان سەرچاوە.

١٧. هەمان سەرچاوە.

سیاسەتی مۆسۆلینی و هیتلەر دووپات دەکاتەوە.

پێشتر پێیان وا بوو کە فاشیزم بزووتنەوەیەکی وردە بۆرجوازییە بەڵام چ تۆلیاتی و چ هۆڵ ئەم بۆچوونە رەت دەکەنەوە. ئەوان پێیان وایە کە راستە بۆرجوازیی بچووک گەورەترین هەواداری فاشیزمن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فاشیزم هەڵقوولاوی ئەمان بێت و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئەمان بکات. بگرە بەپێچەوانەوە فاشیزم هەڵقوولاوی سەرمایەداری خۆیەتی لە ماوەیەکدا پێویستی بە بزووتنەوەیەکی فاشیزم هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی. ئەگەرچی ترۆتسکی فاشیزم بە (بزووتنەوەیەکی پۆناپارتی) دادەنێ. ئەو پێی وایە زیاتر فاشیزم نێزیکە لە شێواز و بۆچوونەکانی ناپلیۆن و بزووتنەوەکەش بە بەربەرییەت و دژە مرۆڤایەتی دەشوبهێنێ و بە بزووتنەوەیەکی دیکتاتۆری و خوێنمژ وەسفی دەکات[18] من ئەم باسانە بەوە کۆتاییی پێ دەهێنم و دەڵێم: "فاشیزم واتە نکووڵیکردن یان ڕەتکردنەوەی بەرامبەرەکەتە و، هەوڵدانێکە بۆ خۆ سەپاندن بەسەر بەرامبەر و لەناوبردنی هەموو ئەو بیر و بۆچوون و کولتوور و دین و زمان و هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤێک لە مرۆڤێک، یان گەلێک لە گەلێکی تر یان کۆمەڵێک لە کۆمەڵێکی تر جیا دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەوانی تر کە لە تۆ جیاوازن، چ وەک تاک یان کۆمەڵ یان نەتەوە و دەوڵەت. بەشێوازێکی دڕندانە و کۆنەپەرستانە، هەوڵی لەناوبردنیان بدەیت".

**ناسیۆنالیزم و فاشییەت:**

ئاخۆ دەتوانین ناسیۆنالیزم و فاشیزم تێکەڵاوی یەکتر بکەین؟ یان جۆرە جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوانیاندا هەیە و ناتوانین هەردووکیان وەک یەک پێناسە بکەین. کەسانێکی زۆر لەلای خۆمان ناسیۆنالیزم و فاشیزم وەک یەک تەماشا دەکەن و هەر واش دەزانن کە یەک ئایدۆلۆجیا و یەک خوێندنگە و یەک مێژوویان هەیە. دیارە ئەو کەسانەش زۆر زانیاریی تەواویان لەسەر هەردوو بیرەکە نییە. لەلای خۆمان لایەنگرانی کۆمۆنیزمی کارگەری پێیان وا بوو کە (ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت ) ئەم وشەیە یان ڕستەیە لەسەر زاری هەموو ئەندامانیان بوو. هەر لە بچووکترین ئەندام تا دەگاتە گەورەترین ئەندامیان، دیارە

18. Leo Trotzki. Texte über den Faschismus. www. Marxists. orge.deutsch.

ئەمانیش ئەم بیرەش هی خۆیان نەبوو، بگرە مەنسووری حیکمەت فێری کردبوون. هەر بۆیە بەپێویستی دەزانم بە کورتی چەند دێرێک لەسەر ناسیۆنالیزم و مێژووی ناسیۆنالیزم باس بکەین.

**سەرەتایەکی مێژوویی بیری ناسیۆنالیزم:**

زۆربەی مێژوونووسان و زانایانی سۆسیۆلۆجی پێیان وایە، سەرەتای بیری ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە. لەم کاتەدا کۆتا بەسیستەم یان شێوازی فیئودالیزم (دەرەبەگایەتی) هاتبوو یان لە مردندا بوو. سیستەمێکی نوێ یان جۆرە ژیانێکی نوێ هاتبووە ئاراوە کە دوایی بە کەپیتالیزم ناسرا، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەو سیستەمە بەردەوامە و زۆربەی زۆری جیهانیش ئەمڕۆ ئەو سیستەمە پێڕەو دەکەن. ئەمڕۆ سەرمایەداری بووەتە کولتوورێکی سیاسی و فەرهەنگیی زۆربەی وڵاتان لە دنیادا. کاتێک مۆدێرنیزم لە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان دەستی پێ کرد، ئەمە وای کرد پێویستی بەبازاڕی ناوچەکانی تر یان نەتەوەکانی تر بێت. پێوەندییە بازرگانییەکانیش لە نێوان وڵاتان و نەتەوە جیاوازەکان لە بەهێزبووندا بوو. سەرمایەگوزاریی بێگانە هاتبووە وڵاتان و بەشداریی لە پرۆسێسی بنیاتنانی ئابووریی وڵاتان دەکرد.

لەلایەکی ترەوە وەکو زۆربەی سەرچاوەکان دانیان پێدا ناوە، کە بیری ناسیۆنالیزم بەتایبەت پاش شۆڕشی فرەنسایی تەشەنەی کرد و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە گەشەکردن و تەشەنەکردندا بوو[19] شۆڕشی فرەنسایی شۆڕشێکی بۆرجوازیی دیموکراتی بوو کە لەپاش ئەو شۆڕشەیان وەکو هەندێک دەڵێن هەر لەگەڵ شۆڕشی فرەنساییەوە ئەم بیرە بڵاو بووەوە. دیارە بۆرجوازییەت یەکەم جار پێویستی بە دەوڵەتێک هەبوو، بۆ بەرگری لێکردن و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات. دیارە ئەم بیرە پاش بەرەوپێش چوونی سیستەمی سەرمایەداری گۆڕاوە. ئەمڕۆ بۆرجوازییەت ئەو بیرەی جارانی نەماوە بۆ دەوڵەت و

19. Ernst Gellner. Nationalismus und Moderne. Berlin.1991.

هەروەها سەیری

Ericj. Hobsbwan. Nation und Nationalismus. Mythos und Rialität Seit 1780. Frankfurt. 1991

نەتەوە. ئـەمـڕۆ بـۆرجـوازیـیـەتـی ئەورووپایی خـۆی لە قـەوارەی دەوڵەت دەرکـردووە و قــەوارەیەکی تری بۆ خـۆی دروست کـردووە کــە لە قــەوارەی دەوڵەت گــەورەترە و بەهێـزترە کـە ئەویش قـەوارەی (پـارزەوینـیـە) ئەمــڕۆ بۆرجـوازیـیـەتی ئـەورووپایی بەرژەوەندییـەکانی لە قەوارەیەکی پارزەوینـی دەبینێتـەوە و قـەوارەی دەوڵەتی لەناو دەبات. دیارە ئەم گـۆڕینی ئایدۆلۆجیـایەی بۆرجـوازییـەتی ئـەورووپایی لەوە دروست بوو، کە بەهـۆی کەڵەکەبوونی سـەرمـایەوە، کێشـە و قـەوارە و بەرژەوەندییـەکانی گـەورەتر و بـەهێـزتر بـوون. هـەر بۆیە زانیـیـان لەگـەڵ گـەورەبـوونیـان جـێـیـان لە دەوڵەتێکی بـچـووکدا نابێتـەوە و پێویسـتـییـان بە مـاڵێکی گەورەیە، هـەروەک چۆن راوێژکاری پێشـووی ئەڵـمـانیـا هیلمـەت کۆل وتی: پێویسـتـیـمـان بە دروسـتکردنی مـاڵی ئەورووپایی هـەیە.

### هانس کۆن و بیری ناسیۆنالیزم:

هـانس کـۆن نووسـەری ئەڵمـانیـایی بە یەکـێک لە کۆنتـرین ڕووناکبیـرەکانی بیـری ناسیـۆنالیزم دێتە ژماردن. لە چەند کـتێبێکی هـەمـەجۆردا هـەوڵی داوە ڕوونکردنەوە و تاقیکردنەوەی تایبـەت لـەسـەر بیـری نـاسـیـۆنـالیـزم بکا. بەتایبـەت لە کـتـێبی Die Idee des Nationalismus، ئەو پێی وا بووە کـە بیـری نـاسـیـۆنالیـزم هـەسـتـێکی بنچینەیی و کۆنی مرۆڤە، کە لە سـروشتی هـەموو مرۆڤێکدا بوونی هـەیە، بۆ نموونە مـرۆڤ هـەمـوو کـات جـۆرە خـۆشـەویسـتـیـیـەکی تایبـەت دەیبـەسـتـێتـەوە بـەشـوێنی لەدایکبـوون و شوێنی منداڵییەوە، لە هـەمـان کاتیشدا خـۆشەویستییـەکی زۆری بۆ زمـانی دایکی خـۆی و ئەو خـەڵکانـەی کە لەگـەڵیـان ژیان بـەسـەر دەبات، هـەیە. لە کـۆتاییـدا شـێـوەی ژیانی خـۆی لا خـۆشــەویسـتـە و ڕێزی لێ دەگرێت، بەرامـبـەر بەڕەتکردنـەوەی هـەمـــوو جـــۆرە شـــێـــوازێکی نـوێ و جـــیـــاواز بەژیـانی خـــۆی دەوەستێتەوە[٢٠] دیارە نووسـەر پاش چەندان لێکۆڵینەوە گەیشـتووەتە ئەم ئەنجامانە و تا ڕادەیەکیش دەتوانین بڵێین ئەو شتانە ڕاستن کە باسی لێوە کردوون.

---

٢٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## هێردێر و بیری ناسیۆنالی

نووســەری ئەڵمــانیــایی (Johann Gottfried Herder ١٧٤٤– ١٨٠٣) لە نیــوەی ســەدەکانی هەژدەدا کۆمەڵە کتێبێکی گرینگی لەسەر ناسیۆنالیزم و زمانەکان نووسی. بە یەکێک لە گەورەترین و بنەڕەتترین نووسەری بیری ناسیۆنالیزم دێتە ژمـاردن لە مێـژووی ئەوروپا و دنیــادا. ئەم نووسـەرە پاش سـەردانێکی درێژ بۆ فـرەنسا کـە تا سـاڵی ١٧٧٦ی خـایاند کۆمـەڵێک کـتێبی گـرینگی لـەسـەر بیـری ناسیۆنالیزم نووسی لەوانە Über den Ursprung der Sprache (١٧٧٢) واتە لەسەر بنەڕەتیی زمـانەکان، Leider alter Völker Über Ossian und die (١٧٧٣) لەسـەر ئۆقیـانووسـەکان و گـۆڕانی گـەلە کـۆنەکـان، Ges- Die Idee zur Philosophie der chichte der Menschheit (١٧٨٤) چەند بیـرێک لـەســەر فـەلســەفـەی مـێـژووی مرۆڤایەتی. ئەو پێی وا بووە کە گۆڕانییە میللییەکانی هەر گەلێک کەسایەتیی گەلەکان دەردەخات، یان لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین لە کەسایەتیی گەلەکان تێ بگەین. لە هەمان کاتیشدا گۆرانیبێژەکانی ئەرشیڤ و سامانی زانین و ئاینی هەر گـەلێک دەردەبڕن. هەروەها پێی وا بووە کـە هەر گـەلەی خـاوەنی پرەنسـیپـێکی تایبـەت بەخـۆی هەیە و لە نەتەوەکـانی تر جیـایان دەکاتەوە. ئەو پرەنسـیپـانەش دەلالەت لـە بۆچوونی ڕوحـی و ئاینـی تایبــەتی نـەتەوەکـان دەکـات. لەلایەکی ترەوە نەتەوەکـان بۆ ئەو، هـەریەکـە بەشـێـوەیەکی ســەربەخـۆ و تایبـەت بەشـێـوەیەکی ئۆرگانیزم دەگۆڕێن و پێش دەکەون. هەر لەبەر ئەمەشە، کە چیرۆکی ئاینی و بیری ئاینی و چارەنووس و کار و کرداری جیاواز دروست بووە. لە هەمان کاتیشدا هەر نەتەوە و خاوەنی مافێکی تایبەت و شانسێکی خۆیەتی، کە تایبەتمەندییەتیی ژیانی نەتەوەکـان دیاری دەکـات. کـەسـیش نـاتوانێ ئەم یاسـایە بگۆڕێت، چونکە ئـەمـە یاسـایەکی سـروشـتـیـیـە و هـەمـوو نەتەوەکـانیش، لەو بـازنەیەدا دەخـولێنەوە[٢١] لە فرەنساش بەهەمان شێوە بیری ناسیۆنالیزم پێش کەوت بەتایبەت پاش شۆڕشی فرەنسایی کە تینێکی گەورەی دا بەبیری ناسیۆنالیزمی فرەنسایی.

Jules Michelet بە یەکێک لە ڕووناکبیرەکانی بیری ناسیۆنالیزمی فرەنسایی دێتە ژمـاردن و چەندان نووسینی لەم بارەیەوە هەیە. لای ئەو نەتەوە یان گەلەکان

٢١. هەمان سەرچاوە.

هەموویان یەک تایبەتمەندییەتی یان سەربەخۆیان نییە. بگرە لای ئەو کەسایەتیی مرۆڤەکان جیاوازن، وە کەسایەتیی تایبەت و جیاواز، کەسایەتیی نەتەوەکان یان گەلەکان دەردەبڕێت. ئەو پێی وا بووە کەسایەتیی فەرەنسایی بەهێزترین کەسایەتییە لە دنیادا و هیچ کەسایەتییەکی تر لە کەسایەتیی فرەنسایی گەورەتر نییە. ئەو دەڵێ: "کەسایەتیی فرەنسایی بوو توانی شۆڕشە گەورەکەی ١٧٩٨ بکا و هەموو دنیا رزگار بکا و ئاشتی و ئازادی بۆ هەموو نەتەوەکانی دنیا بهێنێ. فرەنساش ببێت بەخوێندنگەیەک بۆ هەموو نەتەوەکانی تر و رزگاریان بکا لە دەست زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان، واتە ببنە مسیۆنار بۆ نەتەوەکانی تر[٢٢] Henri Martin ١٨١٠–١٨٨٣"، ئەویش پێی وا بووە کە نەتەوەی فرەنسیایی جوانترین و بەهێزترین نەتەوەی دنیا بووە. (fracois Guizot ١٧٩٧–١٨٧٤) فرەنسا بە سەنتەری هەموو شارستانیی دنیا و ئەوروپادا دەنێت. هەموو بیرێکی پێشکەوتن و شارستانی لە فرەنساوە بووە و هەموو کاتێکیش فرەنسا بەشداریی هەموو بیرێکی شارستانی و پێشکەوتنخوازی کردووە و رۆڵێکی گرینگی لە مێژووی شارستانیی مرۆڤایەتیدا دیوە. هەر لەبەر ئەوەش فرەنساییەکان خاوەنی جۆرە کەسایەتییەکی تایبەت و ڕۆحێکی بەهێزن.

لە ئیتاڵیاش (Giuseppe Mazzini ١٨٠٥ –١٨٧٢) ئەویش زیاتر بۆچوونەکانی رووناکبیرە فرەنساییەکانی دووپات دەکردەوە بەڵام بە ئیتاڵیایی! مەزینی بە باوکی ناسیۆنالیزمی ئیتاڵیایی دێتە ژماردن و رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بەرەوپێش چوونی ئەو بیرە. لە ساڵی ١٨٣١ یەکەمین گرووپی ناسیۆنالیزمی دروست کرد بەناوی (لاوانی ئیتاڵیا) کە پاشتر ساڵی ١٨٣٤ گۆڕی بۆ (لاوانی ئەوروپا). ئەو پێی وا بووە کە ئیتاڵیا گەورەترین رۆڵی بینیوە لە مێژووی دنیادا لە سەردەمی رێنسانسی ئەوروپادا، گەورەترین رۆڵی هەبووە. هەر لەبەرئەو رۆڵە گرینگەی لە مێژوودا، پێویستە ئیتاڵیا جارێکی تر خۆی کۆ بکاتەوە و ئەو رۆڵەی جارانی ببینێت. مەزینی کابرایەکی دیموکراتخواز بووە و دەڵێ: "هەر دیموکراتییە نەتەوەکان بەرز دەکاتەوە". کابرایەکی کۆماریخوازیش بووە و لای ئەو تەنیا لە کۆماردا دەتوانین برایەتی و ئاشتی و ئازادی بەرقەرار بێت و هەر لە رێگەی یەکەتیشەوە هێز دروست دەبێ[٢٣].

٢٢. هەمان سەرچاوە.

٢٣. هەمان سەرچاوە.

## ناسیۆنالیزم و راسیزم و فاشیزم:

دیسانەوە با بێینە سەر جیاوازییەکانی ئەو دوو ئایدۆلۆجییە و فاکتەر و گەشەسەندنەکانیان دەربخەین. ئەم جیاوازییەش کەسانێکی زۆر خەریک بوون پێوەی، هەریەک لە روانگەی خۆیەوە جیاوازی و یەکچوون و تێکەڵاویانی بەپێی بیر و بۆچوونی خۆی دەرخستووە. کەسانێکی زۆر پێیان وا بووە کە بیری راسیزم ئەنجامی بیری ناسیۆنالیزمە[24] هەندێکی تر پێیان وایە کە ناسیۆنالیزم بە گشتی شتێکی خراپە و دەبێتە هۆی دروستبوونی بیری فاشیزم و بە یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی فاشیزمیان لە قەڵەم داوە[25] بەڵام هەندێکی تر بەپێچەوانەی ئەمانەوە پێیان وایە، فاشیزم و راسیزم دوو بیری جیاوازن، لەبەرئەوەی بیری راسیزم یان بەواتایەکی تر بیری (ئەنتی سیمیتیزم) بەکوردی دژایەتیی جوولەکەکان، ئەم بیرە لە پێش ناسیۆنالیزم و کەپیتالیزم بووە. بیری ناسیۆنالیزم بەرهەمی سەدەیەکی نوێیە کە ناتوانین لە شۆڕشی فرەنسایی جودای کەینەوە. چەند کەسانێکی تر پێیان وایە کە دەبێ جۆرە جیاوازییەک، لە شێوازەکانی بیری ناسیۆنالیزم بکرێت، واتە هەموو ناسیۆنالیزمێک نابێت بەخراپی دابنێین[26] هەر لەسەر هەمان بۆچوون خەڵکانێکی تر وا بۆی دەچن کە ناسیۆنالیزم، نابێ هەموویان بخەینە یەک قاڵبەوە. بگرە دەبێت جیاوازیی نێوان ئەو ناسیۆنالیزمە بکەین، کە بەئاسایی و ئاشتییانە دێتە سەر کار و فەرمانڕەوایی دەکات، لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە کە بەداگیرکردن و چاوترساندن و توندڕۆیی دێتە سەر کار و فەرمانڕەوایی دەکات. لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوە بزانین کە ناسیۆنالیزمی رزگاری هەیە و ناسیۆنالیزمی داگیرکردنیش هەیە و نابێ بەیەک چاو سەیر بکرێ. لە هەمان کاتدا کەسانێکی تر دەڵێن کە ناسیۆنالیزم باشیشی هەیە، لەبەرئەوەی نەتەوەکان کۆ دەکاتەوە، نەک بەپێچەوانەوە جیایان کاتەوە[27] ناسیۆنالیزم، ئایدۆلۆجیایەکە یان بزاوێکی

24. Étienne Balibar, Immanuel Wallerstein: Rasse Klasse Nation. Ambivalente Identitäten. Hamburg: Argument 1990. S59.

٢٥. هەمان سەرچاوە

٢٦. هەمان سەرچاوە.

27. Christoph Butterwegge. Rechts extremismus, Rassismus und Gwalt. Primus Verlag.1996.S135

سیاسییە، کە مرۆڤەکانی نەتەوەیەک بەبێ گوێدانە لە جیاوازیی بیر و بۆچوونی سیاسی و بەرژەوەندی، کۆیان دەکاتەوە و بەهەموویان دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست دەکەن.[28]

لە کۆتاییی ئەم باسەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، پێویستە بۆچوون و سەیرکردنەکانمان بۆ بیری ناسیۆنالیزم بەوردی بۆی بڕوانین و گوزارەی بکەین. دیارە ئەویش بەبۆچوونی من پێویستە ئێمە لە سەیرکردنمان بۆ ناسیۆنالیزم لە چەند فاکتەر و هۆکار و شوێن و باری سیاسی و فەرهەنگی ناسیۆنالیزم ئاگەدار بین. من دەتوانم بڵێم ئەو ناسیۆنالیزمەی کە کاری دژی مرۆڤایەتییە، دەبێ ئێمە بە شتێکی خراپی دابنێین و دژایەتیی بکەین. لەبەرئەوەی ئەو بیرە بەرەو فاشیزممان دەبات. گرینگە هەموو نەتەوەیەک و گەلێک شانازی و پارێزگاریی کیانی خۆی بکات، بەمەرجێک ئەم شانازییە یان ئەم خۆ پاراستنە نەبێتە هۆی لەناوبردنی نەتەوە و گەلانی تر و چەوسانەوە و ماڵوێرانی بۆ گەلانی تر نەبات. بەو پێیەی کە نەتەوەکەی خۆی یان گەلەکەی خۆی باشتر بژی، یان خۆشیی خۆی لەسەر ناخۆشیی گەلانی تر بێ. بۆ نموونە دەبێ ئێمە دژایەتیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و فارسی و تورکی بکەین و بە شتێکی خراپی دابنێین، چونکە ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر بنەمایەکی چەوسانەوە و ماڵوێرانی بۆ گەلانی تر وەستاوە لەوانە کورد و ئەرمەنی و ئاشووری و کلدانی و قبتی و...

بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئێمە ناسیۆنالیزمی ئەم گەلانە واتە کورد و ئەوانی تر، بە شتێکی باش دابنێین و پشتگیریی بکەین، لەبەرئەوەی ئەم گەلانە شۆڕشی رزگاریخوازی دەکەن و هەوڵی ئازادیبوونی خۆیان دەکەن، لە دیلی و ملکەچی لە دەست ئەوانی تر خۆیان ڕزگار دەکەن. دیارە وەکو لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، ئەگەر هەر نەتەوەیەک ناسیۆنالیزمی خۆی بەسەر ئەوی تردا سەپاند و خۆشیی خۆی لە ناخۆشیی ئەوانی ترەوە بەدەست هێنا، پێویستە دژایەتی بکرێ. جا ئەگەر ئەوە نەتەوەی خۆشت بێت، چونکە لە ئەنجامدا بیری فاشیزم بیرێکە دژی هەموو مرۆڤایەتییە و، ماڵوێرانی بۆ هەموو کەسێک دەهێنێ.

28. Tilman Mayer. Prinzip Nation. Dimention der nationalen frage. opladen. 1986.S232.

## جۆرەکانی فاشیزم

فاشیزم بەچەند جۆرێک ناسراوە لە دنیادا و جۆرەکانیشی بەپێی شوێن و بنەما فیکرییەکانی دەگۆڕێت من هەوڵ دەدەم فاشیزم بەچەند شێوەیەک پێناسە بکەم و ئەگەر بە کورتیش بێت، باس لە جۆرەکانی بکەم و هەوڵیش دەدەم بەپێی پێویست و توانای خۆم، شیکردنەوەیەکی بچووکیشی لەسەر بکەم.

بەڕای من فاشیزم لە چەند شێوەیەک دەبینم و جۆرەکانیشی ئەمانەن:

١ – فاشیزمی نەتەوەیی

واتە ڕەگەز و نەتەوەی خۆت لە هەموو ڕەگەز و نەتەوەکانی تر پێ باشتر بێت و بە هەموو شێوەیەک ڕەت یان نکوولّیی بەرامبەرەکانت بکەیت. پەناش بەریت، بۆ چەند شێوازێکی دڕندانە بۆ لەناوبردنی نەتەوەکانی بەرامبەرت. فاشیزمی نەتەوەییش دەتوانم دابەشیان کەم بە چەند شێوەیەک کە بەپێی شوێن و کولتوورەکان دەگۆڕێن و کار لە چەندایەتی و چۆنایەتیی کردوون ئەوانیش:

(أ) فاشیزمی ئەورووپایی، کە کۆنترین فاشیزمە و لەوێشەوە فاشیزم بوو بەبیرێکی سیاسی و بە دنیادا بڵاو بووەوە. دیارە دڕندەترینیان نازییەتی ئەڵمانیایی و فاشیزمی ئیتاڵیایی بوو، کە بەدرێژی لە شوێنەکانی تردا باسی لێوە دەکەین.

(ب) فاشیزمی نوێی ئەورووپایی، کە ئەمڕۆ بەپۆست فاشیستەکان یان نازییە نوێکان ناسراون.

(ج) فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی، کە بریتییە لە فاشیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی. ئەمانیش بەڕای من جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەورووپاییەکان هەیە، کە دوایی باسی لێوە دەکەین.

(ح) فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی نوێ، کە زیاتر لە شێوەیەکی ئاینی خۆی دەبینێتەوە و کە بەئیسلامی سیاسی ناسراون.

٢ – فاشیزمی ئاینی

ئەو فاشیزمەیە کە لەسەر بیرێکی ئاینی دروست بووە. پێی وایە ئاینەکەی خۆی، لە هەموو ئاینەکانی تر باشترە و ئەوانی تر هەموویان بە خراپ دەبینێ. بەچەندان شێوازی دڕندانە دژایەتییان دەکات و هەوڵی لەناوبردنیان دەدات.

٣ – فاشیزمی پیاو

بریتییه لەو جۆرە فاشیزمانەی کە لەلایەن پیاوەوە دەکریت دژی ژن و خواستەکانی. بەهیچ شێوەیەکیش وەک مرۆڤێک، ددان بەمافەکانیدا نانێ. بگرە پێی وایە کە ژن لە پیاو کەمترە و رەگەزی پیاوی لە رەگەزی ژن پێ باشتر و چاکترە. لە هەمان کاتیشدا رەگەزی ژن بەرەگەزێکی خراپ و پیس دادەنێت، دژی هەموو ددان پێدانانێکی مافەکانی ژنە و بگرە دژی بوونی ژنە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی. ددان بەپێداویستی و حەز و ئارەزووەکانی نانێ، بگرە دوژمنایەتییەکی دڕندانەش دژی، هەموو ئەو هەوڵ و بیرانە دەکات، کە بەرگریی ئەم جۆرە بۆچوونانە دەکەن.

٤ – فاشیزمی سێکسی

بریتییە لەو جۆرە فاشیزمەی کە ددان بە ئارەزووە سێکسییەکانی لانی بەرامبەر نانێ. دەکەوێتە دژایەتی و سزادانی ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو جۆرە ئارەزووانەن. بۆ نموونە دژایەتیکردن و سزادانی کەسانی هۆمۆسێکسوێل (ئەو کەسانەی کە ئارەزوویان لە رەگەزەکەی خۆیان هەیە، وەکو ژن و ژن یان پیاو و پیاو).

**هۆکارەکانی دروستبوونی بیری فاشیزم:**

فاشیزم وەکو هەموو بیرێک و ئایدۆلۆجیایەک، پێویستی بە ژێرخانێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو ژێرخانانەش چەند هەلومەرجێکی تایبەت و جیاواز دروستیان دەکات. کە ئەمانیش پێوەستن بەچەند هۆکارێک کە کاریان تێ دەکات. لەوانەش، شوێنی جوگرافیایی و کولتوور و مێژوو و ئاین و باری ئابووری و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی گرینگیان هەیە لە دروستبوونی ئەو ژێرخانەی کە بیری فاشیزمی لێوە لەدایک دەبێت. لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییان لە شێوە و چۆنیەتیی بیری فاشیزم هەیە. بەواتایەکی تر جیاوازیی فاشیزم لە وڵاتێک بۆ وڵاتێک دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ئەو ژێرخانە ئابووری و مادییانەی کە لێوەی دروست بووە. لێرەدا بەکورتی باس لەو هۆکار و ژێرخانانە دەکەم، کە دەبنە هۆی دروستبوونی بیری فاشیزم بەگشتی و فاشیزمی ئەوروپایی بەتایبەت بکەم.

لە پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی سەرۆک شالیارانی ئیتاڵیا Giovani

Giolitti وتی "دوایین ئیمپراتۆریەتی لەشکرتاری لە دنیادا لەناو چوو. ئەمە شتێکی زۆر باش بوو. لەشکرتاری بەم شێوەیە تەواو بێهێز بوو، دیموکراتی لە دوایین و زەحمەتترین تاقیکردنەوەی سەرکەوت و بردیەوە. بەم شێوەیەش بەهەموو دنیادا بڵاو دەبێتەوە و بەمجۆرەش جارێکی تر قوربانییەکان هەروا ئاسان نابێ". بەڵام ئەم برادەرە گەشبینێکی گێلانەی کرد. هەر پاش ماوەیەک لە یەکێک لە هۆتێلەکانی رۆمادا، بەدەست فاشیستەکان تیرۆر کرا. دروستبوونی بیری فاشیزم لە ئەوروپا و گەشەسەندنی، لە سەرەتاکانی سەدەی پێشوو، بووەتە مشتومڕی زۆر لە مێژوونووس و سۆسیۆلۆجیی ئەوروپایی.

کاتێک کە باسی ئەو کاتی ئەوروپا بکەین پێویستە هەموو فاکتەرە کولتووری و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی بەوردی لە بەرچاو بگرین. لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین.

١- یەکێک لە نووسەرەکان هۆکەی گەڕاندووەتەوە بۆ بوونی کاتێکی زۆری (فەراغ). لە هەمان کاتیشدا دروستبوونی ئەو وەرزشانەی کە خەڵکانێکی زۆر کۆ دەکەنەوە و گیانێکی بزوێنەری گەورە بەمرۆڤ دەدات وەکو (تۆپی پێ)[29].

٢- بوونی کێشەیەکی گەورە لەناو بیری نووسەران و رۆشنبیرانی ئەو کاتی ئەوروپا. کە یەکێک لە نووسەرەکان بەکێشەی رۆشنبیرەکانی نەوەتەکانی سەدەی ١٩ ناوی دەبات[30].

٣- بوونی کەسێکی وەکو نیتچە و بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (مردنی خوا) کە لەلای زۆر کەس ئەمە یەکەمین سەرهەڵدانی فیکری فاشیەت بوو لە ئەوروپادا. هەرچەندە زۆر کەس پاکانە بۆ نیتچە دەکەن، کە گوایە نازی نەبووە. بەڵام زۆربەی بۆچوونەکانی بەرەو فیکری فاشیزم دەڕوات. نیتچە پێی وا بوو کە دەبێ یان هەوڵ بدرێت بۆ دروستکردنی کەسێکی سەروو تاقە و توانای مرۆڤەکان واتە ئەو کەسەی لە هەمووان باشتر و بەهێزترە کە بە Super Mensch ناو دەبات. ئەو کەسە، کەسێکی ئاسایی نییە لەچاو ئەوانی تردا لە رێگەی ئەمیشەوە گرووپێکی تایبەت یان کۆمەڵێکی تایبەت دروست دەبێ.

29. Ernst Nolte. Die Faschistische Bewegungen. München. 1968.S7.

30. Stanley Payne. Geschichte des Faschismus. München. 2001

٤- راسیزم

بیری راسیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێشووی ئەوروپا. کە تا ماوەیەکی زۆر ئەم بیرە باڵی کێشابوو بەسەر هەموو ئەوروپادا. یەکەمین جار راسیزم بەشێوەیەکی سەرەکی دژی جوولەکەکان بوو کە بەبیری (ئەنتی سیمیتیس) ناسراوە. دیارە جوولەکەکانی ئەوروپا بەچەندان شێوە دەچەوسێنرانەوە بەهەزاران جاریش کەوتنە بەر هەڵمەتی لەناوبردن و جینۆساید لەلایەن حکومەتە جۆرەوجۆرەکانی ئەوروپاوە. جگە لەوەی دژایەتیی جوولەکە چووبووە ناو دەماری هەموو ئەوروپاییەکەوە و تێکەڵی کولتوور و فەرهەنگی ئەوروپا بووبوو. کاتێک نووسینەکانی (دیستۆفسکی و شێکسپیر و..) دەخوێنیتەوە ئەو کات دەزانیت کە جوولەکە، وەکو مرۆڤ و کەسایەتی چۆن دژایەتی کراوە و بە -چ چاوێکی سووک و ناشرین پێشان دراوە. دیارە لەپاش ئەوانیش هەڵمەتەکانی لەناوبردنی - پرۆتستانەکان کە لە فرەنسا و چەند وڵاتێکی تری ئەوروپایی دەستی پێ کرد. بەملیۆنان کەس بوونە قوربانیی ئەو بیرە راسیزمە کۆنەپەرستییە.

٥- ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

دیارە ئەم ئیمپراتۆریەتە دڕندە و نەخۆشە دواکەوتووە، بووبووە مایەی سەرئێشەیەکی گەورە بۆ هەموو ئەوروپاییەکان. چەتەگەری و تاڵانی و بێ مرۆڤیی تورکەکان لە هەموو ئەوروپا بووبووە مایەی تووڕەبوون و ئازاردانیان لەلایەن زۆربەی زۆری گەلانەوە. هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵ، ئەم ئیمپراتۆریەی لا ناشیرین و بۆگەن بوو. تەنانەت نووسەرە چەپەکانیشیان. تورکەکان زۆر بەدڕندەیی و بەربەریانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ گەلە ئەوروپاییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە دەکرد. لە چەندان شوێندا تاوانی جینۆسایدیان دژی ئەو گەلانە کرد و بەبێ گوێدان بەهیچ عورفێکی دەوڵەتی و مرۆڤی لە دنیادا، ئەو چەتەگەرییەی کە تورک لە ئەوروپادا کردی، وای لە ئەوروپاییەکان کرد کە هەتاوەکو ئەمرۆش لە ئیسلام و گەلە رۆهەڵاتییەکان بترسن و بەچاوێکی سووکەوە سەیری ئەو گەلانە بکەن. هەر بۆیە زۆر زەحمەتە ئەوروپاییەکان ئەو ئەزموونە تاڵەی کە بەدەست تورکەکان بینییان، لە دڵیان دەربچێ.

٦- ئاین

ئاین تا کۆتاییـیـەکانی سـەدەی نۆزدەمـیش، ڕۆڵێکی گەورەی لە زۆربەی وڵاتاندا دەبینی. دیارە کڵێـسـاش بەهەمـوو شـێوەیەک دژایەتیی ئاینـەکانی تری دەکرد. تا مـــاوەیەکی زۆریش خـــەڵکی بۆ شـــەڕی ئـاینـی هـان دەدا. دیارە هـەر لـەنـاو کڵێساکانیشدا ڕاسیزمێک بەرامبەر تایفەکانی تری ناو ئاینی کرستی هەبوو. بۆ نموونە جـینۆسـایدەکـانی فـرەنسـا کـە دژی پرۆتسـتـانەکـان کـرا. هـەروەها لە ئێرلەندایش بەهەمان شێوە کاتۆلیکەکان لەناو بران. کڵێسای ئەوروپایی بەتایبەت کـاتۆلیک ڕۆڵێکی گـەورەی لە دژایەتیکردنی جـوولەکـەکـاندا هـەبوو. گـەورەترین هاندەری خـەڵکی بـوو، پڕوپاگـەندەی زۆری دژی جـوولـەکـەکـان و کـولتـوور و ئاینەکەیانی دەکرد. بۆ نموونە دەیانوت کە گوایە عیسا، جوولەکە لە خاچی داوە و ئەمـان هانی ڕۆمـەکـانیـان داوە بۆ ئەوەی لە خـاچی بدەن. جگـە لە چەندان شـێوەی تری پڕوپاگـەندەی جیـاوازی تر، کـە دژی جـوولەکـەکـان دەیـانکرد. ئەوە جگـە لە دژایەتییان بۆ هـەمـوو کەسێکی موسڵمـان و ئاینی ئیسلام کە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە.

٧- کۆلۆنیالیزم

دیارە کۆلۆنیـالیـزم و فـاشـیـزم زۆر لە یەکتـرییـەوە نێـزیکن. چونکە هـەردووکـیـان لەسـەر بنەوایەکی چەوسـانەوەی گـەلەکـانی تر وەسـتـاون. باوەڕیان بـەتاڵانکردن و دزین و کـوشـتنـی گـەلانی تر هـەیە و بەمـافـێکی ئاسـاییی خـۆیـانی دەزانن. چەرچل باوەڕی وا بوو، ئـاسـاییـیـە لە دژی نەتەوە ناشـارسـتـانیـیـەکـانی وەکـو ( کـورد و ئەفغـانی)، چەکی کۆمـەڵکوژ بەکار بـهێنن[٣١] سـەیر لەوەیە ئەم برادەرە دەبەنگە لە بیری چووە کە کۆنتـرین شارسـتـانی لە وڵاتی کـورددا بووە و یەکـەمـین شـۆڕشی مرۆڤایەتی لەوێوە بوو. کاتێک مرۆڤ نیشتەجێ بوو و لە قـۆناخی ڕەوکردنەوە گۆڕا بۆ قۆناخی نیشتـەجێبوون. کە ئەمـە بەگەورەترین شـۆڕش لە مێژووی مرۆڤـایەتیدا دێتە ژماردن. لە هەمان کاتیـشدا کورد و ئەفغـانی لە وڵاتی خـۆیان دانیشتـوون و پەلاماری ئینگلتەرایان نەداوە، تا وەکو هێزێکی بەربەری سەیر بکرێ. لە شوێنێکی

٣١. نعوم تشـومسکي. ٥٠١ سنة الغزو مستمـر. ترجمة. مي النبهان. دار المدى. الطبعة الثانية. ١٩٩٩ ص٤٣

تردا ئەم دەبەنگە دڕندە فـاشـیـیـە هەمـان وتە دووبارە دەکـاتەوە، کـاتێک لـەشکرە دڕندەکەی بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری خێڵەکەی ئال سعوود دەدات. لە زۆربەی ڕۆژنامــەکـانی ئـەوروپا و دنیـا باس دەکـرێ و نـاڕەزایی دەردەبڕدرێت. لـە وەڵامـدا دەڵێ "پێـویسـتـە ئێـمـە لە دژایەتیکردنی خـێڵـە بەربەرییـەکان، چەند شـێـوازێکی بەربەرییانە بەکار بهێنین، چونکە ناتوانین بەشێوازی مرۆڤانە لەگەڵ ئەم خێڵانەدا هەڵسوکـەوت بکەین"[٣٢] بیری کۆلۆنیـالیزم لەلای ئەوروپاییـەکان زۆر بـە شـتێکی ئاسـایی سـەیر کـراوە، تەنانەت کـەسـانێکی وەکو مـارکس و ئەنجلسـیش لە زۆر شــوێندا کــۆلۆنیــالیــزمــیــان پێ باش بووە. بۆ نمـوونە لە جــەزائیــر، ئەنجلس کۆلۆنیـالیزمی فرەنسایی پێ باشتر بووە و بەڕزگارکەری داناوە. گوایە رزگاریان دەکات لە بیری ئیسلامی و دواکەوتوویی.

٨- سیستەمی سەرمایەداری

دیارە ڕاسـتـە سـەرمـایـەداری لە هەندێک شـوێن و کـاتدا دژایەتیی فـاشـیـزمی کــردووە، بـەڵام لە هەمـــان کــاتیــشــدا هـەر ســەرمــایـەداری بوو پشـــتگیـــریی فـاشـیـسـتـەکـانی ئیـتـاڵیـا و ئیـسـپـانیـا و ئەڵمـانیـای کـرد. کـاتێک کـە زانییـان فاشیستەکان دەتوانن بەرژەوەندییەکانیـان بپارێزن، یەکسەر کەوتنە یارمەتیدانیان بەهەمـوو شـێـوەیەک. سـەرمـایـەداری هەر کـاتێک زانیـبـێـتی بـەرژەوەندییـەکـانی بەڕێگەی دیموکـراتـی دەست ناکـەوێ، یـەکـســەر کـەوتووەتـە خـۆی و یارمــەتیی فـاشیسـتـەکانی داوە. ئەمـە بەڕوونی لە ئەڵمـانیـا و ئیتاڵیا و ئیسپـانیـا بەئاشکرا دیارە. پاشـان سـەرمـایەداری درێخی نەکـردووە لە یارمـەتیدانـی فـاشـیسـتـەکـانی جیـهانی سـێیـەم و هـەرگیزیش درێخیی نـاکـات لە هـاوپـەیمانی لەگـەڵ فاشیست و کـۆنەپـەرسـتـان لە دنیـادا. لەلایـەکی تریشـەوە سـەرمـایەداری لەسـەر بنـەوایەکی چەوسـانـدنەوە و نایەکسـانی وەستاوە و ئامادەشە، بۆ دەسـتکەوتنی قـازانج هـەموو مـرۆڤـایەتی بکا بەقـوربانی. تەنانـەت لە هـەندێک کـاتیـشـدا ئـامـادەیە خـۆیشـی بکا بەقوربانی بۆ دەستکەوتنی زۆرترین قازانج.

---

٣٢. علي الوردي. لمحات اجـتـمـاعـيـة من تـاريخ العـراق الحـديث. الجـزء السـادس. قـصـة الاشراف وابن سعود. مطبعة المعارف، بغداد ١٩٧٩ ص ٢٥٠.

**پێڕەو و بنەماکانی فاشیزم:**

تۆلیاتی پێی وایە فاشیزم بەچەند پێڕەو و شێواز هەوڵ دەدات خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ. لێرەدا بەکورتی هەوڵ دەدەم باسیان بکەم.

١- لە رووی سیاسییەوە:

أ- رەگەز

فاشیزم لەسەر بنەوایەکی ڕەگەزپەرستانە دروست دەبێت. هەوڵ دەدات، بیری راسیزم بکاتە ئامانج و کاری رۆژانەی خۆی.

ب- حکوومەتی دیکتاتۆری

زۆربەی فاشیستەکان هەوڵ دەدەن لە رێگەی حکوومەتێکی دیکتاتۆرییەوە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە بکەن. لەبەرئەوەی ئەوان لە کەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکراتدا ناتوانن فەرمانڕەوایی بکەن و گوێ بۆ نەیارەکانیان بگرن. فاشیستەکان گەورەترین دوژمنی ئازادی و دیموکراتین لە دنیادا.

فاشیستەکان باوەڕیان بەبیری سەنترالیزم لەناو دەوڵەت هەیە. ئەوان دەڵێن گەل پێویستی بەسەنتەرێک هەیە، تا کۆیان بکاتەوە. واتە دروستکردنی رێژیمێکی تۆتالیتاری کە لەسەر چەوساندنەوەی مرۆڤەکانی وەستاوە و بەهیچ شێوەیەک ددان بە مافەکانی تاکدا نانێ.

ج- کاریسما (کەسێکی گەورە)

لە هەمان کاتدا ئەم رێژیمانە لەسەر بنەوای دروستکردنی (کاریسما)یەک کە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگە لە شێوەی خواوەند سەیری ئەم کەسە بکەن. ئەمە لای خۆمان بەدیکتاتۆر دەناسرێت[٣٣] دیکتاتۆر واتە ئەو کەسەیە کە هەموو دەوڵەت و کۆمەڵگە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دەسەڵاتی ئەو لە سەروو هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە و کەسیش ناتوانێت هەڵسوکەوت و کارەکانی دادگەیی و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکا. زۆرجار دیکتاتۆرەکان لە رێگەی هەڵبژاردنیشەوە دێنە سەر کار وەکو (هیتلەر و مۆسۆلینی) بەڵام زۆربەیان لە رێگەی کودەتای

٣٣. بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١ص٨٥.

سەربازییەوە دێنە سەر کار، زۆربەشیان زۆر بەدڕندانە و خوێنمژانە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلەکەیان دەکەن بۆ نموونە (سەدام و ستالین و مستەفا کەمال و زۆربەی فەرمانڕەواکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی).

دەبەنگی دەور دەبینێ. چونکە ئەم پارتانە لەسەر بنەوایەکی دیموکراتی دروست نەبوون و هەر کەسیش نارەزایی دەربڕێت سزا دەدرێت. پارتەکە دەبێت بە پارتی سەرۆک. سەرۆک هەرچی بڵێت هەر ئەوەیە و کەسیش بۆی نییە بڵێت وا نییە. هەموو بڕیار و یاسایەک لەژێر کۆنترۆڵی سەرۆکی پارتەکەدایە. هەروەها بە دیسپلینێکی زۆر سەربازییانەش ناسراون و گوێڕایەڵی بێ سنووریش سیفاتی هەموو ئەندامێکی ناو ریزی فاشییەکانە.[٣٤]

د- نەهێشتنی ژیانی پەرلەمانی

هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی و گۆڕینی بەدەزگایەکی تر کە هەموو سیفاتی پەرلەمانی پێوە دیار نەبێ. ببێت بەدەزگایەک کە لەلایەن کەسی دیکتاتۆرەوە یان حکومەتەکەیەوە کۆنترۆڵ بکرێ. ئەمەش پێچەوانەی سیفاتی پەرلەمانە، لەبەرئەوەی پەرلەمان کاری ئەوەیە، کە کۆنترۆڵی حکومەت بکا و یاسا گشتییەکانیش بەبێ پرسی ئەو نابێ بەیاسا. بەڵام لە دیکتاتۆریەتدا بەپێچەوانەیە.

ح- نەهێشتنی ئازادییە سیاسی و کولتوورییەکان

هەموو چالاکییەک یان بزاوێک کە لە دژی ئەوان بێت و لەگەڵ پێڕەو و پرۆگرامی ئەوان نەگونجێت قەدەخە دەکرێت. ئەو کەسانەش بەو کارانە هەڵدەستن، لەلایەن دەزگا پۆلیسییەکانیانەوە سزا دەدرێن. بەکورتی نەهێشتنی ژیانی ئازادی بەهەموو شێوەکانیەوە لەوانەش:

١- نەهێشتنی پارتی سیاسی و گرتن و ڕاونانی ئەندام و هەواداری پارتە سیاسییەکان. ناوبردنیان بەگێرەشێوێن و خیانەتکار و دوژمنی گەل و تابووری پێنج و خزمەتکاری بێگانە و هەزاران ناو و ناتۆرەیان لێ دەنێن و ڕیسوایان دەکەن.

34. Walter Laqueur. Faschismus. Gestern. Heute.Morgen.Propläen Verlag. Wien. 1997. S58.

٢- نەهێشتن و داخستنی هەموو رۆژنامە و کۆوار و میدیاکان کە دژی ئەوانن. بەهەمان شێوەش ئەو کەسانەی بەم کارانە هەڵدەستن وەکو پارتە سیاسییەکان سزا دەدرێن و ناو و ناتۆرەیان لێ دەدرێ و ریسوا دەکرێن. هەروەها هەموو میدیاکان دەخرێتە ژێر رکێفی خۆیان و هەموویان بە سەروباڵی دەوڵەتە فاشییەکەدا دەڵێن. دوور دەبێ لە هەموو وشەیەک یان کۆمەنتارێک کە دژی دەوڵەت بنووسرێت.

٣- گرتن و راونان و سزادانی هەموو کەسێک کە بچووکترین رەخنە یان نارەزایی دەربرێت و ملکەچی دەوڵەت نەبێت.

٤- هەڵوەشاندنەوەی دەستوور و دادگە مەدەنییەکان و گۆرینیان بەدەستووری کاتی و سەپاندنی باری نائاسایی و دانانی دادگەی سەربازی. سەدام دەیگوت "یاسا چییە وشەیەکە دەیگۆرین" گاڵتەجارییەکە لەوەدا بوو، ئەم قسەیەی بۆ یاساناسانی عێراقی دەکرد و هەمووشیان چەپڵەیان بۆ لێ دا. زۆرجار دەستوور دەبێتە رێگر لە بەرامبەر دروستبوونی دیکتاتۆرییەت و فاشییەت، بەڵام زۆرجاریش پارتە فاشییەکان دەیگۆرن. دەستووری زۆر دەوڵەتیش کە دیکتاتۆرەکان فەرمانرەوایی دەکەن، شێوەیەکی گاڵتەجاریی پێوە دیارە، وەکو لە سووریا رووی دا کاتێک حافز ئەسەد مرد، هەر یەکسەر دەستووریان گۆری بەشێوەیەک کە رێگە بۆ کورەکەی خۆش بکا تا ببێتە سەرۆک.

ز- سەپاندنی گیانی شەرەنگێزی و میلیتاریزم بەسەر کۆمەڵگەدا و زیادبوونی رۆڵی لەشکر بەسەر هەموو داوودەزگاکانی دەوڵەتدا.

س- دروستکردنی میلیشیای سەربازی، کە زۆر کات ئەم میلیشیایانە لە خڵتەی پرۆلیتا دروست دەکرێن و رۆڵێکی گرینگیان هەیە بۆ فاشیزم. کاری ئەمان زیاتر بۆ دژایەتیکردن و لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆنەکانە وەکو (جاشی لای خۆمان و پەسیج و پارتی فاشیستی تورکی و حزبوڵڵای ئێرانی و میلیشیا سەربازییەکانی نازییەکان و فاشیستەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا).

ش- دروستکردنی سەندیکای پیشەیی و کولتووری.

فاشیزم بەگشتی هەوڵ دەدەن لە رێگەی سەندیکا کرێکارییەکان و پیشەییەکان، جەماوەر هەوادار و بۆ خۆیان کەسب بکەن. لە رێگەی ئەوانیشەوە هەموو سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکانی تر لەناوبەرن و کۆتا بە

ژیانی هەمـوو ڕێکخـراوە دیموکـرات و ئازادەکـان بهـێنن. چیی تر ڕۆڵیـان لە ژیانی سیاسی و کولتووری و هونەریدا نەمێنێت[٣٥].

ق- هەوڵدان بۆ ڕاکێـشـانی چینی وردە بـۆرجـوازیـی ناو شـار بـۆ ناو ڕیزەکـانی فاشـیزم. کە ئەم چینە ڕۆڵێکی گرینگی دەبێ لەناو فاشـیزمدا و دەبنە ڕابەر و پێشـڕەوی بزووتنەکە. دیارە بەزۆری هەوڵ دەدەن بۆ ڕاکێشانی وردە ڕۆشنبیر و هونەرمـەند و رووناکـبـیـرەکـان. لە سـیـفـەتـەکانی چینی وردە بۆرجـوازیش ئەوەیـە، کـە هـەمـوو کـاتێک خـەون بەچینەکـانی سـەرەوە دەبینێت و هەمـوو کـاتێکیش هەوڵ دەدات بەهـەر شـێـوەیەک بووە لە دەسـەڵاتدارانی وڵات نێـزیک بێـتـەوە و ببـێـتـە ڕابەر و ڕۆڵێکی لە فـەرمـانڕەواییـدا دەست بکەوێ. وردە بۆرجـوازی بە حـوکمـی ئەوەی کە بـاری ئابووریی وەکـو باری ئابووریی چینی بۆرجـوازی نییـە، زۆرجـار ڕۆڵی فـەرامـۆش دەکرێ و نـاتوانێ بەو شـێـوەیەی بۆرجـوازی لە فەرمـانڕەواکان نێـزیک بێ. فـەرمـانڕەواکـانیش خـۆیان بەدوای بۆرجـوازەکـانـەوەن و هەوڵی ڕازیبـوونی دڵی ئەویانە. بـەڵام وردە بۆرجـوازی بەردەوام دەبێت بەدوای پیاوەکانی دەوڵەتدا وێڵ بێت و ماسـتـاویان بۆ بکا. تا ڕۆڵێکی بـدەنێ و بەو ڕۆڵەش خـۆی بەسـەر چینی هەژار و زەحـمـەتکێـشی ناو کۆمەڵگەدا فەرز بکا.

ئەم چینەش بـەزۆری ڕۆشنبـیـر و هـونەرمـەند و دوکـاندار و خـوێندکـاران و نووسـەرەکان دەگرێتەوە. ئەمـانە بەپێی سـەردەمەکانی مێژوو چاویان لە دەسـەڵات بووە و هـەوڵی بـۆ دەدەن و دەبنە دەهـۆڵ لێـدەری زۆربەی ڕێژیمەکـانی لە دنیـادا. لە خـەسـڵـەتەکانی چینی وردە بۆرجوازیش کە پێی ناسـراوە ئەوەیە، کە هەموو کـات ڕاڕا بووە لە نێـوان هەردوو چینەکەدا. ئـەمـەش وای لێ کـردوون کـە زۆر ترسنۆک دەربچێ، لـەبەرئەوەی ئەوان بـەدوو چینی گـەورە دەورە دراون. چینێک کـە هـەمـوو دەسـەڵاتـی ئابووری و سـیـاسـی و فـەرهـەنگیی بەدەسـتـەوەیە. چینەکـەی تریش کە زۆربەی کـۆمـەڵگەکـان پێک دەهـێنێ، وەلێ خـاوەنـی هیچ نیـیـە. بەڵام ئەم چینە بەحوکمی زۆرینەی هەموو کات هەڕەشە بووە بۆ هەردوو چینەکە. لەبەر ئەوە هەتا چینی بۆرجـوازی لەسـەر کار بێت، ئەمـان بـەهیچ شـێوەیەک ئامـادە نین سـڵاوێکی

٣٥. بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١ ص١٠١.

بچووکیش لە چینی کرێکار و زەحمەتکێش بکەن، بەڵام کە زانییان بارەکە بەلای کرێکاراندا دەشکێتەوە، یەکسەر ١٨٠ پلە دەگۆڕێن و دەچنە ڕیزی پێشەوەی شۆڕش. بەهیچ شتێکیش مینبەری شۆڕش بەرنادەن. ئەگەر هەموو گیانیشیان شین و مۆر کردبێتەوە واز ناهێنن و مینبەرەکە بەرنادەن. بەڵام کە زانییان باری شۆڕش و ڕاپەڕینەکە بەرەو شکست دەڕوات، ئەوا یەکسەر بەهەمان پلە دەگۆڕێن و زۆرجاریش ئەمان زۆر شۆڕش و ڕاپەڕینیان لەناو بردووە.

دەتوانین ئەم حاڵەتە لە کۆمۆنەی پاریسدا بەجوانی بەدی بکەین، کاتێک کە کۆمۆنە بەرەو شکست دەڕۆیی، یەکسەر ئەمان ئەوەندەی تر شکستیان بەشۆڕشەکە هێنا و دوایی ڕۆڵێکی زۆر خیانەتکارانەیان بینی و دەستیان خستەوە ناو دەستی بۆرجوازیی فرەنسایی[٣٦].

لێرەدا دەمەوێ ئەم باسە بەیەکێک لە وشە بەنرخەکانی لینین بەکۆتا بهێنم. لینین دەڵێ: "لە شۆڕشی پرۆلیتاریادا، تەنیا یەک کەس لە شەمەندەفەری شۆڕشدا دەمێنێتەوە ئەویش کرێکارانن، ئەوانی تر هەریەکە و لە وێستگەیەکدا دادەبەزن".

ئەگەر سەیری خوێندکاران بکەین، پێ دەچێ لەو کاتەی کە خوێندکار هەستێکی شۆڕشگێری هەبێت، بەڵام پاش ئەوەی خوێندنی تەواو کرد ئیتر وەک بڵێی ئەو نەبووە. هەریەکەیان بەرەو لا=یەک دەچێ و بەپێی شوێن و کارەکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە با باسی سەوزەکانی ئەڵمانیا بکەین، سەوزەکان پێش ئەوەی ببن بەفەرمانڕەوا و پۆستی شالیاری وەربگرن و بەشداری لە فەرمانڕەوایی بکەن، بە ئاشتیخواز و پشتگیری لە ژینگە و لە مافی مرۆڤ و لە سەروو هەمووشیانەوە بەیەکێک لە گەورە پشتیوانانی گەلی کورد دەناسران. بەڵام کاتێک هاتنە سەر کار، یەکەمین شەڕیان لە مێژووی ئەڵمانیا تۆمار کرد. ئەوە بوو بە دڕندەترین شێوە پەلاماری وڵاتی سربیایان دا، بەبیانووی ئەوەی پارێزگاری لە مافی ئەلبانی دەکەن. هەر پاش ئەوەش زیاتر لە ١٠٠٠ تانکی مۆدێرنیان بەدەوڵەتی فاشیستی تورک فرۆشت. یۆشکار فیشەر یەکەم جار ساڵی ١٩٨٢ کە هاتە ناو پەرلەمانەوە کاڵەی Addidace لە پێ بوو. ئەمە وەکو ریکلامێک بوو، بۆ خاکیبوونی. وەلێ کاتێک بوو بە وەزیر، یەکسەر کاڵەکانی فڕێ دا و بەپەلە ڕای کرد بۆ برۆکسل و

٣٦. کیسرا هەورامی. کۆمۆنەی پاریس. کۆواری گاوریاغی. ژمارە. ٦ فێبریوەری ٢٠٠٣. لاپەڕە ٧٧.

پۆستــتاڵێکی ســەربازیی NATO ی پەیدا کــرد و چوو بۆ کــۆســۆفــۆ و شــەڕێکی ماڵوێرانیی بەســەر گەلی یۆگوسلافیدا سەپاند. لەو کاتەی ئەمان بەناو سۆسیال دیموکراتەکان هاتنە سەر کار ئەڵمانیا زیاتر دڕندەتر و شەڕانیتر بوو. کاتی فەرمانڕەوای کۆل ئەڵمانیا تەنیا لە شەڕی بۆسنەدا بەشداریی کرد. کە ئەمە یەکەم شەڕی ئەڵمانیا بوو پاش شەڕی جیهانیی دووەم. بەهاتنی ئەمان ئەڵمانیا بەشداریی شەڕی زیاتری کرد و سەربازیان بۆ زۆر شوێنی جیهان نارد. کە کۆی هەموویان دەگاتە دوو شەڕی گەورە (کۆسۆفۆ و ئەفغانستان). ئەمڕۆ ئەڵمانیا سەربازی لە حەفت وڵات هەیە (کۆسۆفۆ، بۆسنە، ئەفغانستان، مەکدۆنیا، جیبۆتی، کوێت و دەریای سوور)[٣٧].

ک- لە ڕووی پرۆگرامی سیاسییەوە بە دیماگۆگییەت و پڕوپاگەندەی درۆ و دواکەوت و نەناسراون. دیماگۆگییەت بە یەکێک لە هەرە خەسڵەتەکانی فاشیزم دەناسرێ. گۆبلس یەکێک لە گەورە لێپرسراوانی نازییەکان و شالیاری پڕوپاگەندەی نازییەکان لە ئەڵمانیا دەڵێ: "درۆ بکە درۆ بکە تا بڕوات پێ دەهێنن" ئەمە بەیەکێک لە گەورەترین فەلسەفەی فاشیزمەکان دێتە ژماردن. لە هەموو دنیاندا فاشیستەکان پشت بە دیماگۆگییەت دەبەستن. هەوڵ دەدەن خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و خەڵک فریو بدەن و هەڵی بخەڵەتێنن. هەرچەندە ئەمڕۆ زۆربەی پارتە سیاسییەکانی دنیا، خەڵک فریودان و هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵ، بەشێکە لە پرۆگرامی سیاسییان. دیماگۆیییەت لە کاتێکدا بەکار دێت لەلایەن هێزێکەوە یان پارتێک، کە نەتوانێت لە ڕێگەی پیشاندنی ڕاستییەکان و کێشە ڕەواکانی پارتەکەی خۆی بەرەوپێشەوە بەرێت و خەڵکی باوەڕی پێ بهێنن. لەو کاتەدا پشت دەبەسترێت بەدرۆ و پڕوپاگەندەی ناشیرین و نابەجێ، تا بەو شێوەیە خۆی بەسەر نەیارەکانیدا زاڵ بکات[٣٨].

لە عێراقیش دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە لەشکری نۆ دەناسران. ئەو کات عێراق هەشت لەشکری هەبوو، بەڵام ئەمان ڕۆڵیان لە لەشکرێک زیاتر بوو بۆ ڕێژیم. بەشێوازێکی دیماگۆگییانە هەوڵیان دەدا گەلی عێراق هەڵبخەڵەتێنن و بەرگری لە

37. Deutsche Au - enpolitik. Information. bpb .304

38. Walter Laqueur. Faschismus. Gestern.Heute. Morgen Propläen Verlag. Wien. 1997. S36.

فاشیستی عەرەبی بکەن. چ لە کاتی شەڕ چ لە کاتی ئاشتیدا، دیماگۆگییەت گەورەترین خەسڵەتی بەعسییەکان بوو لە عێراقدا.

٢- لە رووی ئابوورییەوە:

لە رووی ئابوورییەوە فاشیزم خاوەنی پرۆگرامێکی توندوتۆڵی ئابووری نین، بەڵام ئەوان پروپاگەندەی ئابووریی نیشتمانی (سۆسیالیزمی نەتەوەیی) دەکەن. لەلایەکی ترەوە دژی بیری جیاوازی چینایەتین و داوای کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی دەکەن[٣٩]. هەرچەندە ئەمە درۆیەکی گەورەیە دەیکەن، لەبەرئەوەی ئەوان بەرگری لە چینێکی دیاریکراو دەکەن. ئەو چینەش دواکەوتووترین بەشی بۆرجوازییە، وەکو پێشتر باسمان کرد. لەبەرئەوەی لەناو ڕیزەکانی فاشیزمدا وردە بۆرجوازییەکی زۆریان لەناودایە و زۆربەی ئەندامەکانیان لەو چینەن، یەکسەر هەوڵ دەدەن خۆیان دەوڵەمەند بکەن و دەست بگرن بەسەر ئابووریی وڵاتدا بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. تۆلیاتی دەڵێ "فاشیستەکان هەر زوو دەستیان کرد بەخۆ دەوڵەمەندکردن و داگیرکردنی زۆربەی کۆمپانیاکان و بەڕێوەبردنیان لەلایەن خۆیانەوە"[٤٠]. هەروەها نازییەکانی ئەڵمانیاش بەهەمان شێوە دەستیان کرد بەم کارە. سامان و موڵکی جوولەکەکانی ئەڵمانیایان داگیر کرد و زۆریش لە ئەندامانیان بەهۆی ئەم سیاسەتە دڕندانەیانەوە بوونە خاوەنی سامان و پارە.

لە عێراقیش ئەم خەسڵەتە دیار بوو، کە کاتێک بەعس هاتنە سەر کار، دەستیان کرد بەخۆ دەوڵەمەندکردن و داگیرکردنی زۆربەی بنەوا ئابوورییەکانی وڵات. هەروەها لە وڵاتی میسریش کاتێک کە ناسر هاتە سەر کار، دەستیان کرد بە دەرکردنی جوولەکە و ئیتاڵی و یۆنانییەکان. ئەمانە لە میسر بە چینێکی دەوڵەمەند ناسرابوون. زۆر لە بنەوا ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە لەژێر دەستی ئەمان بوو. هەر بەو شێوەیەش دەستیان گرت بەسەر موڵک و ماڵی ئەو خەڵکە و زۆر کەسی تریش بەر ئەم تالانییەی ناسر کەوتن. ئەم سیاسەتانەش هەمووی بەناوی ئابووریی نیشتمانییەوە کران. کاتێک کە باس لە ئابووریی نەتەوەیی دەکەن، کە ئەمە یەکێکە لە سیاسەتە دیماگۆکانی فاشیستەکان و هاوڕێکانیان لە دنیادا. بەڵام بۆ خۆی

٣٩ و ٤٠. بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١ص ٣٦.

ئەم سـیـاسـەتەش لە خـزمـەتی چینێکی تایبـەتدایە، دەتوانم بڵـێم ئـەو چینەی کـە توانای کێبـەرکێکردنی نییـە و نـاتوانێ لەو ڕێگەیەوە گەورەترین قازانجی دەست بکەوێ. هەروەک لە سـەرەوەش باسـمـان کرد فـاشـیـزم لەو کـەرتـەی بۆرجـوازییـەوە لەدایک دەبێ، کـە توانای کێبـەرکێکردنی لـەگەڵ کـەرتـەکـانی تر نییـە، لەبەر ئەوە ڕێگەی فاشـیزم هەڵدەبژێرێت. بەشی بۆرجوازیش زیاتر ئەو بەشـانە دەگرێتـەوە کە ناتوانێ لە بازاڕە جیـهانی و ناوەخـۆییـیەکاندا کێبـەرکێ بکا لەگەڵ ئەوانی تردا. هەر لەم ڕووەشـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کە بۆچی فـاشـیسـتـەکـان زۆرتر بەرگـری لە بازاڕی ناوەخۆ و شـمەکی خۆماڵی دەکەن. زۆرجاریش بەناوی بەرگری لە سـامانی نیشـتمـانییەوە کار دەکەن. بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک بـەرگریکردن لە سـامـانی گەل نییە، بگرە بەپێچەوانەوە بەرگریکردنە لە سامانی چین و توێژێکی دیاریکراو.

٣- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە فـاشیسـتـەکان زیـاتر دەست دەکەن بە پڕوپاگەندەیەکی دیماگـۆگی دواکـەوتووانـە. چەندە کـۆمـەڵگە دواکـەوتوو بێت، ئـەوەندە لە خـزمـەتی فـاشیـزمـدایە. دواکەوتوویی باشـترین زەوینە خـۆش دەکات بۆ دروسـتبـوونی بیری فـاشـیـزم و توندڕۆیەتی لە هەر کۆمـەڵگەیـەکدا. بەپێچـەوانەشـەوە چەنـدە کۆمـەڵگە پێشکەوتوو بێ و بیـری پێشـکەوتنخـوازی تێدا بێت، زەوینەی دروسـتبـوونی بیـری توندڕۆیی و فاشیزم کـەم دەبێتەوە. بۆ بەرەوپێش چوونی سیاسەتەکانی فاشیزم لە کـۆمـەڵگەدا ئەوان پشت بە چەنـد دەزگـا و فـاکـتـەرێکی جیـاواز دەبەسـتن، لێـرەدا بەکورتی باسـی ئەوانەش دەکەین:

أ- ئاین

فـاشیـزم و ئاین لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە زۆرجـار لە یەکتری نێزیک دەبنەوە و جـۆرە دۆستایەتییەکی پتەو بەیەکەوە دەیانبـەستێتەوە. لەبەرئەوەی بیری ئاینی پێی وایە کە ئاینەکەی خۆی باشـترە لە هەموو ئاینەکانی تر، پێویستە هەموو کەسـێک گوێ تەنیا بۆ پەیامـەکەی ئەو بگرێت و پەیامـەکانی تری پێ هەڵە بێ. ئەمـە لە هەموو ئاینـەکاندا وایە. تۆ ئـەگـەر کـەسـێکی ئیـسـلامـیی توندڕۆ ببـینیت، پێی وایە ئاینـەکـەی خـۆی باشـترین ئاینە و ئەوانـی تر ڕەت دەکاتەوە و دژایەتیـشیـان دەکات. دیارە کـەسێکی تریش سەر بەئاینێکی جیاواز هەمان بیری هەیە و ڕەتی ئەوی تر دەکاتەوە.

ئاین له زۆربەی زۆری کـۆمـەڵگەکـاندا بـه یەکـێک له گـەورەترین هـۆکـاری بەسـتنەوەی شـیـرازەی کۆمـەڵگه دادەنرێ. له زۆر وڵاتیـشـدا ئاین ڕۆڵی له هـەمـوو بنەواکانی تری دروسـتبوون و بەسـتنەوەی کۆمەڵگه زۆرتره. کـه ئەمه زیاتر له وڵاته ئیسلامییەکان به دەردەکەوێ، بۆ نموونه وڵاتێکی وەکو پاکسـتان لەسـەر بنەوایەکی ئاینی دروست بـووه و له هیند جیـا کـرایەوه و هەتاوەکو ئەمـڕۆش چەندان شـەڕ و پێکدادان له نێـوانیـاندا ڕووی داوه. بـۆ کـۆکـردنەوەی گـەلیش لەسـەر بـیـرێک یان بڕیـارێکی بـه کــۆمــەڵی، ڕۆڵێکی گــرینگیــان هـەیه بـۆ نموونه بڕیاری شـــەڕ و خـۆپێـشـاندان و شـۆڕش. فـاشـیـسـتـەکـان بیری کۆنەپـەرسـتی و ئاین یەکـێکه له کۆڵەکه سـەرەکییەکانیان. لەم ڕووەوە هـەوڵ دەدەن بـه بـاشـترین شـێوه ئاین بەکار بهێنن بۆ فریودانـی خەڵک و کۆکردنەوەی ئـەو کەسـانەی کە زیاتـر خاوەنی بیرێکی ئاینین. زیـاتریش هـەوڵ دەدەن لەناو چیـنی جووتیـاراندا، له ڕێگەی ئاینەوە گەشـە بکەن. لـەبەرئەوەی جـووتیـاران بـاشـتـرین خـۆراک بوون بـەپێی مـێـژوو بۆ پیـاوە ئاینەکان و بیری کۆنەپەرستی به هەموو شێوازەکانیەوە[٤١].

له ئەڵمـانیـا پێـوەندییـەکی پتـەویان لەگـەڵ کـڵـێـسـادا هەبوو. زۆر له بـیـری نازییـەکانیش له خـزمـەتی کڵێسا و پیـاوەکانی بوو. هـەر له کوشـتنی جووله‌که و نێرباز و سۆزانییەکان و داگیرکردن و سـووتاندنی کڵێسای جوولەکەکان، بۆ خۆی بیـری کـوشـتن و لەناوبردنی جـوولەکەکـان دەگەڕێتـەوه بـۆ کڵـێـسـای کریسـتی له ئەوروپـادا. جـوولەکـەکـان چەندین سـاڵ بوو لەلایەن کـڵـێـسـاکـانی ئەوروپاوه دەچەوسـانـەوه و ڕاو دەنران و مـاڵیـان کـاول دەکـرا. بەناوی خـواوه، پیـاوەکـانی کڵێساش گەورەترین ڕۆڵیان هەبووه له بڵاوبوونەوەی بیری دژه جوولەکه که بەبیری (ئەنتی سـیـمـیتس) دەناسرێ. چونکه جـوولەکەکان بەڕەگەزی سامی دەناسـران له هـەمـوو ئـەوروپادا و ئەو ڕەگەزەش بەڕەگـەزێکی نائەوروپایی دەناسـرا. لەبەرئەوەی نیـشـتـمـانی سـەرەکیی جـوولەکەکـان له ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بووه. کـڵـێـسـاکـان پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کـه گـوایه جوولـەکەکان عیسـایـان کوشـتـووه و ئەوان ئازاریان داوه و ئەوانـیش داوای لەخـاچدانیـان له ڕۆمـەکـان کـردووه. دیاره ئەمـانـه هـەمـــووی درۆ بـوون. دەیانـویسـت بـەم ناوەوه بیـــانوویـەک دروست بـکـەن بۆ ئـەو چەتەگەرییـەی کـه له دژی جوولەکەکان دەیانکرد. لەم ڕێگەشـەوه خـەڵکی فریو بدەن

٤١. هەمان سەرچاوه.

بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لە خۆیان، بەم ناوە. هیتلەر کاتێک کە هاتە سەر کار ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کڵێسادا بەست. بەپێی ئەو پەیمانەش دەبوایە هیتلەر لە ٥ ٪ بودجەی ساڵانەی ئەڵمانیا بدات بە کڵێسا "جێگەی ئاماژەیە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەو یاسایە ماوە، بەڵام ناوێکی تریان لێ ناوە و کردوویانە بە باجی کڵێسا" بەرامبەر بەوەش کڵێسا یارمەتی و پشتگیریی خۆی بۆ هیتلەر دەربڕێ و پڕوپاگەندەیان بۆ بکا[٤٢] لەلایەکی ترەوە چ کڵێسا و چ نازییەکان دوژمنی کۆمۆنیستەکان بوون. ئەمەش ئەوەندەی تر پێوەندییەکەیان بەهێزتر کردبوو. هیتلەر لە کتێبەکەیدا دەڵێ یەکەمین دوژمنمان بەلشەفییەکانە واتە کۆمۆنیستەکان. هەرچەندە هەتاوەکو ئەمڕۆش کڵێسا ئەم هاوپەیمانییەی خۆیان بۆ نازییەکان ڕەت دەکەنەوە و نکوولیی لێ دەکەن. دیارە لە ئیتاڵیاش بەهەمان شێوە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان کڵێسا و فاشیستەکان هەبوو. دیارە لەوێش دوژمنایەتیکردنی کۆمۆنیست، گەورەترین بنەوای هاوپەیمانییەکەیان بوو. هەرچەندە ئەمانیش نکووڵی لەو پێوەندییە دەکەن. بە گشتی فاشیستەکان و نازییەکان پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ کڵێسا هەبوو. بەرژەوەندییەکی هاوبەشیش هەردووکیانی بەیەکەوە دەبەستەوە.

ب- خێزان

فاشیزم یەکێکە لە گەورەترین پاڵپشتیی دروستبوونی خێزان و زۆر دژایەتیی بیری سەربەخۆییی ئافرەتان دەکات. دژی هەموو جۆرە پێوەندییەکی ترە، کە ژن و پیاو لە نێوانیاندا ببەسترێ. جگە لە دژایەتییان بۆ بیری خۆشەویستیی ڕەگەزی پیاو و پیاو یان ژن و ژن. وە ئەو کەسانەشیان سزا دەدا و زۆریشیان دەکوشتن و ڕاو دەنان. جگە لە دژایەتییان لە ئازادیبوونی مرۆڤەکان لەبارەی سێکسی و خۆشەویستییەوە. لەمەشدا کڵێسا و پیاوەکانی پشتگیرییان دەکردن.

لەبەرئەوەی ئەوانیش دژی ئەو بیری ئازادیی سێکسی بوون. لە هەمان کاتیشدا لای ئەوانیش باشترین پێوەندی لە نێوان ژن و پیاو، خێزانە و دژی سەربەخۆییبوونی ژن بوون لە کۆمەڵدا.

42. Karl-Joseph Hummel. Deutsche Geschichte. 1933-1945. Olzog. Verlag. München. 1998. S184.

ئەمــەش ئەوەندەی تر پێـوەندییـانی بەهێـز دەکرد بۆ دژایەتیی کۆمـۆنیسـتـەکـان، لەبەرئەوەی ئەوان هەڵگری ئەم بیرە بوون و پشتگیریی سـەربەخۆییبوونی ژنیان لە کۆمەڵگەدا دەکرد.

٤- دروستکردنی ڕێکخراوی لاوان و گەنجان

لە ڕێگەی ئەم ڕێکخـراوانەوە، لاو گەنجێکی زۆریان ڕادەکێشـا بۆ لای خـۆیان و فریویان دەدان بەبیرە کۆنەپەرست و بەربەرییەکانیان. ڕاکێشـانی لاوان بە یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی فاشیـزم دێتە ژماردن. زۆرجاریش دەتوانن لەم کارانەدا سەر بکەون. دیارە ئەویش لەبەرئەوەی کە لاوان هێشـتا ئەزمـوونێکی وایان نییـە لە ژیان و فاشیزم ناناسن. جگە لەوەش لاوان لەم ڕێکخراوانەدا زیاتر ئازادییان وەردەگرت و لە زیندانیی ماڵەوە رزگاریان دەبوو. هەروەک فەیلەسـووفی نەمسایی ولیەم رایش دەڵێ "ڕێکخـراوەکـانی لاوانی نازی، زۆر لە ڕێکخـراوە چەپەکان ئـەکتیـڤتر بوون"[٤٣] جگە لـەوەی ڕێکخـراوەکـانی فـاشـیـزم ئـیمکـانیـاتێکی زۆریان لە بەردەسـتـدا بوو. لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی چەندان ڕێکخـراوی جیاوازەوە دەیانتوانی لاوان ڕاکێشن بۆ لای خۆیان لەوانە:

أ- وەرزشی، وەرزش هەتاوەکو ئەمڕۆ باشـترین ڕێگەیە بۆ ڕاکێشـانی لاوان بۆ لای فـاشیـزم. لەبەرئەوەی لەوێشـدا جۆرە نێزیکییەک هـەیە لە نێوان بیـری وەرزش و فـاشیـزم. لە وەرزشـدا ئەندامی یانەیەک هەمـوو کات حـەز دەکات یانەکەی خـۆی بەسـەر یانەکەی تردا زاڵ بێ و ئەوان یارییـەکە ببـەنەوە و لاکەی تر بیـدۆڕێنێت. جگە لە نێزیکیی بیری گەمەکردن و شەڕکردن کە زۆرجار لەیەک نێزیک دەبنەوە. کـەسـێک لە یانـەیەک وا هەسـت دەکـات لایەنـگرانی یانەکـەی تر دوژمـنی ئەون و پێویسـتـە لەنـاویان بات. وا هەسـتیـش دەکات کـە وەکو یاریزانەکەی تیپـەکەی، بەشداره لەو شـەڕەدا و پێویسـتـە بەرگری لە هـەموو ئەندامانی یانەکەی بکا. هـەر بۆیە زۆرجاریش یارییەکە بە شـەڕ لە نێوان دوو یانەکە کۆتاییی دێت.

ب- ڕێکخراوی هونەری و ئەدەبی.

ج- ڕێکخراوی تەکنیکی و زانستی.

---

٤٣. ئەردەلان عەبدوڵڵا. چەند دێڕێک لەسەر ژیانی ولیەم ڕایش. چاپخانەی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠٠٦.

د- ڕێکخراوی سەربازی.

جگە لە ڕێکخستن و دروستکردنی کەمپی گەنجان و لاوان کە لە ڕێگەی ئەمەشەوە کچ و کوڕ هێندەی تر ئازادی وەردەگرن و لە ماڵەوە دوور دەبن و لەژێر دەستی باوک و دایکیان ڕزگاریان دەبێ[٤٤].

٤- بەهێزکردنی گیانی پیاوسالاری و زاڵکردن و سەپاندنی گیانی پاتریۆتیزم هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی هێز و ماسوولکە لە زۆربەی هەڵوێستەکانی ئەندامانی گرووپەکانیان.

٥- شەڕی نەوەکان: هەوڵدان بەفریودانی گەنجەکان و لاوەکان، پڕکردن و هاندانیان بەبیری شەڕی نەوەکان و خراپیی نەوەکانی پێشوو و ڕۆڵی ئەمان لە گۆڕینی کۆمەڵگەدا. بەلایەنی کەمەوە ئەو گەنجانەی کە خاوەنی ئەزموونێکی باشی ژیان نین.

٦- خۆ بە کەمزانین و ملکەچکردنی ئەندامان و گوێڕایەڵبوونی تەواو بۆ سەرۆک و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکە وە باوەڕبوونی تەواو بەهەموو فەرمان و ئەرکەکانی سەرۆک. هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەرۆک وەکو خواوەندێکی باش تەماشا بکرێ لەلای گەلەوە.

٧- تیرۆر: فاشیزم هەموو کات هەوڵ دەدا، بەڕێگەی تیرۆر و چاوترساندنی خەڵکی، خۆی بەسەر کۆمەڵ و گرووپە نەیارەکانی بسەپێنێ[٤٥] کاتێک هەست بکەن کە لەو ڕێگەیانەی لە سەرەوە باسمان کرد نەتوانن گەشە بەخۆیان بدەن، تیرۆر باشترین ڕێگەیە بۆیان، کە خەڵکی بە بەرنامە و فەرمانڕەواییان ڕازی بکەن. نازییەکان پێش ئەوەی بێنە سەر کار چەندان میلیشیای سەربازییان هەبوو. کە کاریان تیرۆرکردنی کەسانی پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیست و جوولەکەکان بوو لە ئەڵمانیادا. هەزاران کەس بەدەستی خوێناویی نازییەکان کوژران و بوونە قوربانی. نازییەکان دەستیان کرد بەسووتاندنی سەدان کڵێسا و دوکان و بنکەی

٤٤. بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١ص ١١٧.

45. Walter Laqueur. Faschismus. Gestern. Heute. Morgen.Propläen Verlag. Wien. 1997. S80.

جوولەکەکان، تەقاندنەوەی چاپخانە و کتێبخانەی کۆمۆنیستەکان و شەڕفرۆشتن بەئەندام و لایەنگرانیان و کوشتنیان. دیارە ئەمە پێش ئەوەی کە بێنە سەر کار. بەم کارانەش توانییان خەڵکانێکی زۆر لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. ئەم کاتەش لە مێژووی ئەڵمانیادا بەڕۆژانی تیرۆری ڕەش ناو دەبرێ. ئەگەر نازییەکان پێشتر وەکو گرووپێکی تیرۆریست تیرۆریان دەکرد، ئەوا کاتێک هاتنە سەر کار و بوونە فەرمانڕەوا، ئەو کات شێوازی تیرۆرەکەیان گۆڕی و کردیان بەتیرۆری دەوڵەتی و زیادیان کرد کەمتریان نەکرد. هەر زوو ژیانی دیموکراتی و ئازادییان نەهێشت و دەوڵەت شێوازێکی دیکتاتۆری و سەربازیی وەرگرت. ئینجا کەوتنە گیانی خەڵکانی کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز و جوولەکەکان. بە ملیۆنان کەسیان کرد بەقوربانی سیاسەتە بەربەرییەکانیان و بە ملیۆنان کەسیشیان دەربەدەر و ماڵوێران کرد. یەکێک لە شێوازەکانیان سووتاندنی ئەو کتێبانە بوو کە دژی بیری نازییەکان نووسرابوون و نووسەرەکانیشیان سووتاندن. لێرەشەوە وترا "لە هەر شوێنێک کتێب بسووتێنرێ مرۆڤیش دەسووتێنرێ" لەبەرئەوەی پاش ئەوان نازییەکان، زیاتر لە دە ملیۆن جوولەکەیان لە سەربازگەکاندا سووتاند. پێش ئەوەی بیانسووتێنن بەزۆر کاریان پێ دەکردن لە کارگەکان و زۆریشیان لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرمان دروستکردنەوە، تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکردن. زۆرجاریش وەک سووتەمەنی بەکاریان دەهێنان بۆ سووتاندنی ئەوانی تر[٤٦]. چاوترساندن و تیرۆر، باشترین ڕێگە بووە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لای فاشیزمەکان. لەبەرئەوەی ئەوان خاوەنی بەرنامەیەکی پتەوی مرۆڤانە نین و ناتوانن لە ڕێگەی گفتوگۆ لایەنی بەرامبەر ڕازی بکەن. جگە لەوەی لە ڕووی فکری و ئایدۆلۆجی و زانینەوە، خاوەنی شتێکی وا نین کە بتوانن لەگەڵ کەسێکی جیاواز بەخۆیان گفتوگۆ بکەن.

لەبەر ئەوە تیرۆر باشترین ڕێگەچارەیە لە بەردەمیاندا و هیچ ڕێگەیەکی تر لەو باشتریان نییە. دیارە هەموو مرۆڤێکیش گیانی خۆی خۆش دەوێ کورد وتەنی "گیان شیرینە". مرۆڤیش گیاندارێکی خۆپەرستە و حەزی بە مردنیش نییە. تا بتوانێتیش خۆی لە مردن دەپارێزێ و بەدوای ڕێگەیەک دەگەڕێ کە دوور بێ لە مردن. دیارە جگە لەو کەسانەی کە خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتن و ئامادەن لەو

46. Karl-Joseph Hummel. Deutsche Geschichte .1933-1945. Olzog. Verlag. München. 1998. S144.

ڕێگەیدا گیانی خۆیان بکەن بەقوربانی بۆ ئەوانی پاش خۆیان.

بە گشتی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە فاشیزم و تیرۆر پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە لە نێواندا. فاشیزم بەبێ تیرۆر شتێکی مەحاڵە و ناتوانن دەست لە یەکتری بەردەن. چ لە کاتی بێدەسەڵاتی و چ لە کاتی دەسەڵاتیدا، فاشیزم و تیرۆر باشترین سیاسەتی و جوانترین وشەیەتی کە بەرامبەر کەسانی جیاواز لە خۆی، بەکاری دەهێنێ.

٨- پەیامی درۆینەی مۆدێرنیزم

فاشیزم لەگەڵ خۆیدا، پەیامێکی درۆینەی مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگەی پێیە. وەلێ هیچ کاتێک ئەوان دۆستی مۆدێرنیزم نین. بۆ نموونە نازییەکان لە ئەڵمانیا، توانییان لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێگەوبان و سیاسەتی ئاوەدانییەوە، سیاسەتە فاشیستەکانیان بشارنەوە. مستەفا کەمالی باوکی فاشیزمی تورکی، هەتاوەکو ئێستاش لە زۆربەی کاتدا، وەکو باوکی مۆدێرنیزمی تورک و ئیسلامی دەژمێردرێت. کارەساتەکە لەوەدایە، کە بەشێکی زۆری چەپەکانیش، تاوانە نەگریس و دژە مرۆڤییەکانی مستەفا کەمال نابینن.

٩- مرۆڤی نوێ

درۆیەکی تری فاشیزم، دروستکردنی مرۆڤی نوێیە. بۆ نموونە هیتلەر خەونی بە مرۆڤێکی نوێی ئەڵمانیاییەوە دەبینی، کە زیاتر لە سوپەرمانەکەی نیتچەوە نێزیک بوو. مستەفا کەمالیش بەهەمان شێوە، بەناوی مرۆڤی نوێی تورکییەوە، سیاسەتە فاشیستەکانی لە دنیا شاردەوە.

سەرچاوەکانی بەشی یەکەم:

1- Karl-Joseph Hummel. Deutsche Geschichte .1933-1945. Olzog. Verlag. München. 1998. S144.

2- Walter Laqueur. Faschismus. Gestern. Heute. Morgen. Propläen Verlag. Wien. 1997.S80.

3- Deutsche Au- enpolitik. Information. bpb.304.

4- Ernst Nolte. Die Faschistische Bewegungen. München.1968.S7.

5- Stanley Payne. Geschichte des Faschismus. München

6- Christoph Butterwegge. Rechts extremismus, Rassismus und Gwalt. Primus Ver-

lag.1996.S135

7- Tilman Mayer .Prinzip Nation. Dimention der nationalen frage . opladen.1986.S232.

8. Étienne Balibar, Immanuel Wallerstein: Rasse Klasse Nation. Ambivalente Identitäten. Hamburg: Argument 1990.S59.

9- Ernst Gellner. Nationalismus und Moderne. Berlin.1991.

10- Ericj. Hobsbwan. Nation und Nationalismus. Mythos und Rialität Seit 1780. Frankfurt. 1995.

11- Leo Trotzk. Texte über den Faschismus. www. Marxists . orge . deutsch.

12-Wolfgang Wipperman. Faschismustheorie. Primus Verlag. Darmstadt . 1989

13- Sommer, Antje. Entstehung und Entführung des Rasse Begriffs 1984. S151.

14- Robert Miles. Bedeutungskonstitution und der Begriff des Rassismus. Hamburg. 1990 S105.

15- Johannes Zerger. was ist Rassismus. Lamuv verlag .1997.S4.

16- Poliakov Leon Der Arische Mythos: zu den Quellen von Rassismus und Nationalismus Hamburg 1993. .S34

17. www.wikipedi. de . Rassismus.

١٨- ئەردەڵان عەبدوڵڵا. چەند دێڕێک لەسەر ژیانی ولیەم ڕایش. چاپخانەی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی ٢٠٠٦.

١٩- بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١.

٢٠- کیسرا هەورامی. کۆمۆنەی پاریس. کۆواری گاورباغی. ژمارە. ٦. فێبرەوەری ٢٠٠٣. لاپەڕە ٧٧.

٢١- نعوم تشومسكي. ٥٠١ سنة الغزو مستمر. ترجمة. مي النبهان. دار المدى. الطبعة الثانية. ١٩٩٩ ص ٤٣.

٢٢- علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. الجزء السادس. قصة الاشراف و ابن سعود. مطبعة المعارف، بغداد ١٩٧٩، ص ٢٥٠.

بەشی دووەم

# فاشیزم لە دنیادا

## نازییەتی ئەڵمانیا . فاشیزمی ئیتاڵیایی

## نازییەتی ئەڵمانیایی

نازییەتی ئەڵمانیایی بەیەکێک لە دڕندەترین شێوەی فاشیزم دێتە ژماردن. لە هیچ کاتێکی مێژوودا، بەو شێوەیە، شێوازی بەربەرییەت و دژ بەمرۆڤایەتییە بەکار نەهێنراوە. دنیا هەتا ئەمڕۆش ئەو تاوانانەی نازییەکان لە بیر ناکات و ئاسانیش نییە برینەکانی ساڕێژ بێ. بەجۆرێک تا ماوەیەکی زۆریش ئەڵمانیاییەکان شەرمیان لە خۆیان و مێژوویان دەکرد. زۆربەی ئەڵمانیاییەکان حوکمی نازییەکان بەکاتێکی پیس و تاریکی دادەنێن لە مێژووی خۆیاندا.

هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی تاوانی نازییەکان و هۆکار و فاکتەری دروستبوونیان بکەم.

### هۆکارەکانی دروستبوونی فاشیزم لە ئەڵمانیا:

دیارە بۆ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی دروستبوونی نازییەت لە ئەڵمانیا، بەچەندان شێوە هەوڵ دراوە لەلایەن زۆر کەسەوە ئەم پرسیارە ئاڵۆزە وەڵام بدرێتەوە. دیارە هەر کەسەش بەپێی بیر و بۆچوونی خۆی، شیکردنەوەی هەبووە و تاوانەکانی خستووەتە سەر ئەو لایەنەی کە بەدوژمنی خۆی داناوە. من هەوڵ دەدەم ئەو هۆکارانە بەگشتی بخەمە ڕوو:

١- بیری ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیایی نەیتوانی تێکەڵی ناو پارتە لیبراڵ و دیموکراتەکان بێ، بەو شێوەیەی کە لە بەریتانیا و فرەنسا هەبوو[١].

٢- ئەڵمانیا لە چاو پێشکەوتنە پیشەسازییەکەی لە ڕووی سیاسییەوە پاش کەوتبوو. دیارە ژیانی پەرلەمانی و دیموکراسی بەتەواوەتی جێگیر نەبوو. هێشتا ئەڵمانیا لەو ڕووەوە، وەکو فرەنسا و بەریتانیا ئەزموونێکی تەواوی نەبوو.

1. Der Nationalsozialismus: Bewegung, Führerherrschaft, Verbrechen; Verlag.1919 - 1945. Beck, München 2009,


هێتلەر

٣- لە پاش رزگاربوونی ئەڵمانیا بەدەست ناپلیۆنەوە، بیری ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی زیاتر لە هەموو بیرەکانی تر زاڵ بووبوو بەسەر ژیانی سیاسیی ئەڵمانیادا[2].

٤- ساڵی ١٨٧١ پاش دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیایی بە سەرۆکایەتیی بسمارک، کە زیاتر شێوازی بیرۆکراتی و عەسکەرتاری و پاشایەتییەکی گەندەڵی ناسرابوو.

٥- بەکارهێنانی شێوازی توندرۆیی و درندانە لەلایەن دەوڵەتەوە دژی ئۆپۆزسیۆن. بوونی ڕێژیمێکی سیاسی کە بەبیرۆکراتی و گەندەڵیی سیاسی و ئابووری ناسرابوو.

٦- سیاسەتە دیکتاتۆری و نادیموکراتییەکانی بسمارک، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ دژایەتیی کۆمۆنیستەکان و دیموکراتەکانی دانابوو.

٧- کەسایەتی ئەڵمانیایی، زیاتر لەو کاتەدا کەسایەتییەکی داخراو و کۆنەپارێز بوو، زیاتر هەوڵ و ئامانجەکانی دارایی بوون. بیریان لە ژیانی خۆیان دەکردەوە و بەتایبەت خێزان. ئەوەندە بەئارەزووی سیستەمی سیاسی و باری وڵاتەکەی لا گرینگ نەبوو.

٨- گەشەسەندنی بیری فەلسەفی لە ئەڵمانیا، بەشێوەیەک کە لە ماوەیەکی کورتدا، کەوتە پێش هەموو وڵاتەکانی تر لە رووی فەلسەفییەوە. دیارە ئەوانەش کە زیاتر فەلسەفەکانیان خزمەتی فاشیزمی کرد کانت و نیتچە بوون، بەتایبەت نیتچە کە هەتاوەکو ئەمرۆش بەباوکی بیری فاشیزم دەژمێردرێت. هەرچەندە زۆر لە نووسەرەکانی ئەڵمانیا هەوڵ دەدەن ئەو تاوانانەی لێ دوور بخەنەوە.

٩- گەشەسەندنی ئەڵمانیا لە ڕووی ئابووری و پیشەسازی بەماوەیەکی کەم. کە

2. Nationalsozialismus. Von den Anfängen bis zur Festigung der Macht. Informationen . 25. bpb.

هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە هەر لە ڕووی تەکنیکی و زانیاری و فەلسەفی و داراییەوە. بەشێوەیەک کە لە هەندێک باری تەکنیکییەوە لەپێش ئینگلتەراوە بوو[3]. لە هەمان کاتیشدا ڕۆژانە پەیمانگەی تەکنیکی و کیمیایی و فیزیایی تەندروستی لە زیادبووندا بوو. کە وای لێ هات شان بەشانی ئینگلتەرا بڕوات و ببێتە گەورەترین دوژمنی گەورەی. دیارە ئەم گەشەسەندنەی ئەڵمانیا ترسێکی زۆر گەورە بوو بۆ وڵاتەکانی دراوسێی بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا. ئەوانیش هەر زوو کەوتنە دژایەتیکردنی و هەوڵدان بۆ وەستاندنی ئەڵمانیا لە پێشکەوتن. هەروەک ئیمپراتۆری ئەڵمانیایی وتی: "گەر بەدەستی ئینگلتەرا بێ ئەوا نابێ بەهیچ شێوەیەک ئەڵمانیا لە هیچ بارێکی پیشەسازی و ئابووری و تەکنیکی پێشکەوێ[4]".

١٠- ئەم بەرەوپێش چوونەی ئەڵمانیا لە ڕووی پیشەسازییەوە کە بووە هۆی بەرهەمهێنانی زۆر و گەڕان بەدوای بازاڕە جیهانییەکاندا. لەلایەکی ترەوە بازاڕە جیهانییەکان زۆربەیان بەدەستی فەرەنسا و ئینگلتەراوە بوو. ئەوانیش بەهیچ شێوەیەک نەیاندەهێشت بەرهەمەکانی ئەڵمانیا لە بازاڕە جیهانییەکان بفرۆشێت و زۆر ڕێگەی بازرگانیشیان لێ داخست و ئەوەندەی تر ئابڵووقەیان دا. کە ئەمە بەیەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەمی جیهانی دێتە ژماردن.

١١- پەیماننامەی ڤێرسای دۆڕاندنی ئەڵمانیا لە شەڕی دووەمی جیهانی و بارگرانکردنی بە سیاسەتێکی نامرۆڤانە کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە، بۆ سزادانی ئەڵمانیا لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی دانرابوو.

ئەڵمانیا ناچار کرا بە ژماردنی قەرەبوویەکی زۆر کە بەشێکی زۆری ئابووریی ئەڵمانیایی دانرابوو بۆ ژماردنی ئەو قەرەبوویانەی شەڕ. ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی یارمەتییەکانی دەوڵەت لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە و بڵاوبوونەوەی بێ کارییەکی لە ڕادەبەر و زۆربوونی تاوان و دزی و لەشفرۆشی

---

3. F. Willaim Engdahl. Mit der Ölwaffe zur Weltmacht. Dr. Böttiger Verlag. Wiesbaden.2000. S30

٤. هەمان سەرچاوە.

و نەخۆشی و برسێتی. کە ئەمە باری سیاسیی ئەوەندەی تر ئاڵۆزتر کرد[5].

١٢- بۆرجوازیەتی ئەڵمانیایی لەو کاتەدا کەوتە پشتگیریی نازییەکان. بەهەموو شێوەیەک یارمەتیی دارایی و لۆجستیکی پێشکێش بە نازییەکان کرد. دژی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، ئەوان گرووپە نازییەکانیان بەکار دەهێنا بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی نارەزاییی کرێکارەکان لە کارگەکاندا. سەرمایەداریش بۆ بەرقەراربوونی فەرمانرەواییی خۆی و دەسکەوتنی زۆرترین قازانج، ئامادە بوو هەموو ئەڵمانیاییەکان بکاتە قوربانی بۆ ئامانجە گڵاوەکانی خۆی.

١٣- ئەگەرچی ولیەم رایش و تۆلیاتی پێیان وایە سستیی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و هەڵەکانیان، یارمەتییەکی گەورەی نازییەکانی دا، تا بێنە سەر کار و فەرمانرەوایی بکەن. جێی وەبیرهێنانەوەیە نازییەکان بەهەڵبژاردن هاتنە سەر کار و حوکمیان دەست کەوت. بەڵام پاش ئەوە کۆتاییان بەژیانی دیموکراتی هێنا و رژێمێکی دیکتاتۆرییان لە جێگەی دانا[6].

١٤- لەلایەکی ترەوە ئەڵمانیاییەکان وەکو ئینگلیزەکان خاوەنی کۆلۆنیاڵی گەورە نەبوون، تاوەکو ئینگلیز و فرەنساییەکان بتوانن لە رێگەی دزین و تاڵانکردنی ئەو کۆلۆنیاڵانە، کێشەکانی ناوەخۆیان پێ چارەسەر بکەن و رێگە لە شۆرش و راپەرینەکان بگرن. بگرە ئەوەی هەشیانبوو لە شەری یەکەمی جیهانیدا دۆراندیان. بەرای من ئەو ئاسایش و ئارامییەی کە ئینگلیز و فرەنساییەکان لە ناوەخۆدا توانییان جێبەجێی بکەن، هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ هەبوونی ئەو کۆلۆنیالانەی کە هەیانبوو. دەیانتوانی لە رێگەی ئەو هەموو دزییەوە کە لەو ولاتانە دەیانکرد، باری ناوەخۆیان پێ بەهێز بکەن تا رادەیەکیش چینە هەژارەکانیان باری ژیانیان چاک بکەن و رێگە لە شۆرش و راپەرینە کرێکارییەکان بگرن.

١٥- یارمەتیدانی نازییەکان لەلایەن ئینگلتەرا و ئیمپریالیزمی دنیاوە، بۆ

5. Nationalsozialismus. Von den Anfängen bis zur Festigung der Macht. Informationen . 251. bpb.

٦. بالميرو توليات. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١.

ڕێگەگرتن لە تەوژمی بەلشەفیزم و بڵاوبوونەوەی لە ئەوروپادا[7].

١٦- ئەڵمانیاییەکان بەڕەگەز دەگەڕێنەوە بۆ خێڵە بەربەرییە جێرمانییەکان. پاش ماوەیەکیش ڕۆمایان داگیریان کرد و لەناویان برد. بە بۆچوونی من بوونی ئەو کولتوورە بەربەرییەش تا ڕادەیەک کاریگەری لەسەر کەسایەتیی ئەڵمانیایی هەیە. بۆ خۆی ڕاستە ماوەیەکی زۆی بەسەردا چووە کە ئەڵمانیا تێکەڵاوی شارستانیی ڕۆئاوایی بووە و بە بەشێکی گرینگی ئەو شارستانییە دێتە ژماردن. بەشداریی زۆریشی کردووە لە بنیاتنانی شارستانیی ڕۆئاوایی. بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەڵمانیاییەکان لەلای زۆربەی ئەوروپاییەکان خۆشەویست نین و بەترسێکەوە سەیریان دەکەن. لەلایەکی ترەوە ئەڵمانیا لە رووی دانیشتوانەوە لە هەموو نەتەوەکانی تر زۆرتر بوون، کە ئەمە وای کردووە هەموو کات گیانی خۆ بەگەورەیی زانین و داواکردنی ڕۆڵی گەورەتریان کردووە لە سیاسەتەکانی دنیادا. دیارە هەر ئەم ژمارە زۆرەشیان بووەتە مایەی ترسی نەتەوەکانی تری ئەوروپا و هەموو کات بەوردی سەیری هەڵسوکەوت و گۆڕانکارییەکانی بکەن. بۆ نموونە کاتێک کە ئەڵمانیا لە پاش رووخاندنی دیواری بەرلین دەیانویست لەگەڵ بەشەکەی تریان یەک بگرن، هەریەک لە فەرەنسا و ئینگلتەرا، ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی و نەیاندەویست ئەڵمانیا یەک بگرێتەوە، لەبەرئەوەی بەترسێکی گەورەیان دادەنا بۆ ئاسایشی ئەوروپایی. بەو شێوەیەش دیسانەوە ئەڵمانیا بووەوە بەگەورەترین وڵاتی ئەوروپایی.

تاوانەکانی نازییەکان:

١- کوشتنی زیاتر لە دە ملیۆن هاووڵاتیی یەکەتیی سۆڤیەت و ئاوارەکردن و دەربەدەرکردن و پەکخستنی ملیۆنان کەسی تر[8].

٢- کوشتن و سووتاندنی زیاتر لە دە ملیۆن جوولەکە لە تەواوی ئەوروپادا.

7. F .Willaim Engdahl. Mit der Ölwaffe zur Weltmacht. Dr .Böttiger Verlag .Wiesbaden .2000. S129.

8. Nationalsozialismus. Von den Anfängen bis zur Festigung der Macht. . Informationen . 251. bpb

هەروەها سەیری: Karl-Joseph Hummel. Deutsche Geschichte . 1933-1945. Olzog. Verlag. München. 1998. S.329.

لەناوبردنی جـوولەکەکـان بە بەربەریتـرین شـێوە کە لە مـێژووی مـرۆڤـایەتیـدا وێنەی نەبوو. کە بەتاوانی هۆلۆکۆس دەناسرێ.

٣- کـارکـردنی بـەزۆری جـوولەکــە و دیلەکــانی لـەشکری ســوور، لە کــارگـە و فـابریکەکانی ئەڵمـانیـادا. کە بووە هـۆی گیـان لە دەست چوون و پـەککەوتن و نەخۆشی بۆ ملیۆنان کەسی تر.

٤- بەکـارهێنـانی جـوولەکـە و دیلەکـان لە تاقـیگەکـاندا، بۆ دۆزینەوەی دەرمـان و چەکی نوێ. کە لەسەر گیانی ئەمان تاقیکردنەوەیان دەکرد.

٥- گواسـتنەوەی ملـیـۆنان جوولەکە لە تەواوی ئەوروپادا، کە بـەناو فـارگۆنەکـانی شـەمـەندەفـەر دەگـوێزرانەوە. زۆر کـەس بەهـۆی خـراپیی بـاری تەندروسـتی و برسێتی و خراپیی هەڵسوکەوتی نازییەکان لەگەڵیاندا، گیانیان لە دەست دا.

٦- دزینـی زۆربـەی بەرهـەمی هونەری و کولتووری و مۆزەخـانەکانی ئەو وڵاتانەی کە داگـیـریان دەکـرد. هـەرچەندە پاشـان هـەندێکیـان گـەڕاندەوە و بەشـێکیش لە فەوتاندن ڕزگاری بوو. هـەروەهـا دزینی ئاڵتوونی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا.

٧- دەسـتبەسـەراگرتنی مـوڵک و سامـانی جـوولەکەکـان لە ئەوروپادا. سـووتاندن و دەرکردنی خـاوەنەکانیـان و فـڕێدانیـان لە سـەربـازگە بەکـۆمـەڵییـەکـان کە بۆ جوولەکەکان دروستیان کردبوو.

٨ – سـووتانـدنی بە ملیـۆنان کـتێب و ڕۆژنامـە و کـۆوار و سـەرچاوەی مـێژوویی و فەرهەنگیی گرینگ. بەتایبەت کۆمۆنیستی.

٩ – خـاپـوورکـردنی ســەدان شـاری ئەوروپایی و بەکـارهێنانی سـیـاسـەتی "زەویی سـووتێنراو". کـە ئـەمـە بەیەکـێک لە مـیـتـۆدەکـانی نـازییـەکـان دەنـاسـرێ و فـاشـیـیەکانی دوای خـۆیان بەکاریان هـێنا بۆ لەناوبردنی گەلانی بێدەسـەڵاتی وەکو کورد و ئەفغانی و ڤێتنامی[٩].

## تاوانی نازییەکان دژی گەلی ئەڵمانیایی:

دیارە نـازییــەکــان پێش ئەوەی بکـەونە گـیــانـی وڵاتانی دراوسـێ، یـەکــەم جـار پەلامــاری گـەلەکـەی خـۆیانـیـان دا. ئەوان هـەر لە ســەرەتاوە، وەکـو گـروپێکی

٩. هەمان سەرچاوە.

تیرۆریستی کاریان دەکرد و، بەتیرۆرێکی ڕەش هاتنە سەر کار. ئەوان پێشەکی دەستیان کرد بەپەلاماردانی هێزە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان. وەکو چەتەی هار، سەرمایەداری ئەڵمانیایی بەکاری دەهێنان بۆ دژایەتیکردن و لەناوبردنی ناڕەزاییی کرێکارییەکان کە لەناو کارگە و شەقامەکاندا دەکرا. جگە لە تیرۆرکردنی هەزاران نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەندامی چالاکی بزووتنەوە کرێکارییەکان، کە ئەمانە نیشانەی نازییەکان بوون پێش هاتنە سەر کاریان. بەگشتی ئەو مەینەتییانەی کە بەسەر گەلی ئەڵمانیدا هێنایان ئەمانەن:

١- هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورە وماڵوێران، کە لەم شەڕەدا زیاتر لە دوو ملیۆن ئەڵمانیایی گیانیان لە دەست دا[١٠].

٢- وێرانبوونی تەواوی شار و لادێکانی ئەڵمانیا. ئەڵمانیا بووە کەلاوەیەکی گەورە. زۆربەی ژێرخانی ئابووری بەهۆی بۆمبارانکردنی هێزە هاوپەیمانەکانەوە لەناوچوو.

٣- دەرکردنی زیاتر لە سێ ملیۆن ئەڵمانیایی لە چیک و پۆڵۆنیا و رووسیا. دیارە ئەم دەرکردنە، بووە هۆی لەدەستدانی گیانی هەزاران کەس و گەورەترین کێشەی بۆ ئەڵمانیا پاش شەڕی دووەمی جیهانی دروست کرد.

٤- سووتاندنی ملیۆنان کتێب و کۆوار و رۆژنامە و دەستنووس و سەرچاوە. کتێب سووتاندن بووە بەشێک لە کولتووری بەربەریی نازییەکان و فاشییەکانی پاش خۆیان.

٥- لەداردانی سەدان کەسی کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز. ڕەوانەکردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ و سەربازگە زۆرەملێیەکان.

٦- دەرکردن و ئاوارەبوونی هەزاران کەسی رۆشنبیر و نووسەر و زانا بۆ وڵاتەکانی تر. بۆ نموونە کەسانێکی وەکو (ئاینشتاین کە گەورەترین زانای کیمیایی بوو، بەیەکێک لە دوژمنە گەورەکانی نازییەتیش دەژمێردرا، لەبەرئەوەی جوولەکە بوو. هەروەها برێخت کە گەورەترین نووسەری شانۆییە و دانەری شانۆی تەجریبییە، بەیەکێک لە گەورە نووسەرەکانی ئەڵمانیا دەژمێردرێت).

---

١٠. هەمان سەرچاوە.

٧- دابەشکردنی ئەڵمانیا، کە پاش دۆڕاندنی نازییەکان ئەڵمانیا کەوتە ژێر دەستی (شۆرەوی و ئەمەریکا و فرەنسا و بەریتانیا). دوایی بەهۆی شەڕی نێوان شۆرەوی و ئەمەریکا، ئەڵمانیا کرا بەدوو دەوڵەت و تا ماوەی پەنجا ساڵێکیش هەر بەدوو دەوڵەتی مایەوە و دوایی لە ساڵی ١٩٩٠ بووەوە بەیەک. دیارە ئەو دوو پارچەییە، چەندان کێشەی لە ڕووی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەڵمانیا خوڵقاندووە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەڵمانیا پێیانەوە دەناڵێنێ.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم ئەگەر بێتو لەسەر تاوان و کوشتارەکانی نازییەکان بنووسیت، نەک بە یەک کتێب بگرە پێویستیمان بەچەندان کتێب و بەهەزاران لاپەڕەش دەبێ. هیوادارم کە ئێمەی کورد هەوڵ بدەین زیاتر لە تاوانەکانی نازییەکان شارەزا بین و تێ بگەین. لەبەرئەوەی ئێمە وەکو گەلێکی بەشخوراو هەتاوەکو ئەمڕۆش لە هەموو گەلانی تری دنیا، بووینە قوربانیی سیاسەتی فاشیست و شۆڤێنییەکان.

### فاشیزمی ئیتاڵیایی

پارتی فاشیستی ئیتاڵیا، بە دایکی هەموو فاشیستەکانی دنیا دەژمێردرێت. تەنانەت کەسێکی وەکو هیتلەر، (پارتی فاشیستی ئیتاڵیا و مۆسۆلینی، بە مامۆستای خۆی دادەنا). هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێ لە فاشیزم شارەزا بین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستبوون و گەشەسەندنی فاشیزم لە ئیتاڵیا. لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری فاشیستەکانی دنیا، بەرنامە و پرۆگرام و سیاسەتەکانی فاشیزم، بە کۆڵەکەی خۆیانی دەزانن.

بێنیتۆ موسۆلینی لە ١٨٨٣/٦/٢٩ لە Forli لە باکوری ئیتاڵیا لەدایک بووە. باوکی کرێکارێکی هەژار دەبێت. کەسێکی چەپ بووە. هەر بۆیە کاتێک کوڕەکەی لەدایک دەبێ، بەناوی یەکێک لە شۆڕشگێڕەکانی وڵاتی مەکسیک Benito Juárez García دەنێ. هەر بۆیە ناوی کوڕەکەی بینیتۆ دەنێ.

لە ساڵی ١٨٩٤ پاش ئەوەی لەگەڵ خوێندکارێکی تر دەبێتە شەڕیان، لەسەر ئەوەی کە موسۆلینی دژی پاپای ڤاتیکان قسە دەکات، لە ئەنجامدا موسۆلینی چەقۆیەک لە برادەرەکەی دەدات پاشانیش لە مەکتەب فەسڵی دەکەن. ساڵی ١٩٠١

دیپلۆم تەواو دەکات و پاشان وەکو مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی کار دەکات. ساڵی ١٩٠٢ ئیتاڵیا بەجێ دەهێڵێ و دەچێ بۆ سویسرا. زیاتر لە دژی عەسکەری بووە و بۆیە وڵات بەجێ دەهێڵێ تا عەسکەری نەکات. پاشان ساڵی ١٩٠٥ دەگەڕێتەوە بۆ ئیتاڵیا. لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥– ١٩٠٦ دەبێتە عەسکەر. هەر لە سەرەتای لاوێتیدا دەچێتە ڕیزی گرووپ و پارتە چەپەکانی ئیتاڵیاوە. باوکی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر هەڵوێست و ژیانی سیاسیی موسۆلینی. ساڵی ١٩١١ دەبێتە سکرتێری پارتی سۆسیالیستی ئیتاڵیا لە Forli. کاتێک ساڵی ١٩١١ شەڕ لە نێوان تورکیا و ئیتاڵیا لەسەر لیبیا هەڵدەگیرسێ. موسۆلینی دژی شەڕەکە دەبێت و لە بەیاننامەیەکدا، داوا لە سەربازانی ئیتاڵیا دەکات، کە دژی ئەم شەڕە بن. پاشان دەبێتە سەرنووسیاری ڕۆژنامەی Avanti کە زمانحاڵی پارتی سۆسیالیستی ئیتاڵیایی دەبێ. لێ پاشان بیری ناسیۆنالیستی زیاتر زاڵ دەبێ بەسەریدا. ساڵی ١٩١٤ واز لە پارتی سۆسیالیست دەهێنێ. پاشان ڕۆژنامەیەک بەناوی Il Popolod- Italia دەردەکات. لەم ڕۆژنامەیەدا زیاتر بیری ناسیۆنالیستی بڵاو دەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا داوا دەکات، کە ئیتاڵیا لەگەڵ هاوپەیمانەکان بەشداریی شەڕی یەکەمی جیهانی بکا.

## موسۆلینی و هەواڵگری بەریتانیایی

موسۆلینی یەکەمین کەس دەبێ، کە داوای ئەوە دەکات، کە ئیتاڵیا لەگەڵ هاوپەیمانەکان بەشداریی شەڕ بکا. هەروەها دژی کۆمۆنیستەکان و سەندیکا کرێکارییەکان دەوەستێتەوە. هەر بۆیە هەواڵگری بەریتانیایی پێوەندیی پێوە دەکەن. هەفتانە ١٠٠ پاوەندی دەدەنێ. بەپێی سایتی Wikipedia ئەم ١٠٠ پاوەندە پارەیەکی زۆر بووە بۆ ئەو کاتە. بەپێی ئەمڕۆ دەگاتە نێزیکەی ٦٤٠٠ یۆرۆی


موسۆلینی
Benito Amilcare Andrea Mussolini

ئێستا[11]. پاشان لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی توندڕۆی ناسیۆنالیستی ئیتاڵیایی، لە ٢٣ی مارسی ١٩١٩، لە شاری میلانۆ یەکەمین پارتی فاشی بەناوی Fasci italiani di combattimento دروست دەکات. ئەم پارتە هەر لە سەرەتاوە، یارمەتی لە دەرەوە بەتایبەت بەریتانیا وەردەگرێ. هەروەها دەوڵەمەندەکانی شاری میلانۆش دریخی ناکەن لە یارمەتیدانی لەبەرئەوەی ئەمان زۆر دژی چەپ و سەندیکاکان بوون. پاشان موسۆلینی گرووپێکی گەنجی شەڕکەر دروست دەکات و کراسی ڕەش لەبەر دەکەن. پاشتر جلی ڕەش بوو بە سیمبۆلی هەموو فاشیستەکانی دنیا. ڕۆژ بە ڕۆژ ئەندامانی پارتی فاشی زیاد دەبن. ساڵی ١٩٢٠ نێزیکەی ٢٠ هەزار ئەندامیان هەبوو. ساڵی ١٩٢١ گەیشتە ٢٠٠ هەزار.

### مارشی رۆما

لە ٣١ ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ موسۆلینی هەموو ئەندامانی لە تەواوی ئیتاڵیا کۆ دەکاتەوە، کە نێزیکەی ٤٠ هەزار کەس دەبن. دێن شاری رۆمای پایەتەختی ئیتاڵیا داگیر دەکەن و بەم شێوەیەش موسۆلینی، کودەتایەکی سپی بەسەر دەوڵەتی ئیتاڵیا دەکات و خۆی دەبێتە تاکە رابەر و سەرۆکی ئیتاڵیا. جێگەی ئاماژەیە، هەموو مەسروفاتی ئەم مارشەی فاشیستەکان، لەلایەن دەوڵەمەندەکانی ئیتاڵیاوە کرا. لە هەمووشی سەیرتر، دەوڵەمەندە جوولەکەکان یارمەتییەکی زۆری فاشیستەکانیان دا.[12]

### یەکەمین حکوومەتی فاشی لە دنیادا

پاش ئەوەی موسۆلینی رۆما داگیر دەکات. کودەتایەک بەسەر هەموو ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی ئیتاڵیا دەکات. بەم شێوەیەش سەرەتای حکوومەتی دیکتاتۆریی موسۆلینی دەست پێ دەکات.

### سیماکانی حوکمی فاشیستەکان

١- تیرۆر

هەر لە سەرەتاوە دەست دەکەن بە تیرۆرکردن و ڕاونانی هەموو گرووپە چەپ و

11.www. wikipedia. de .Benito Amilcare Andrea Mussolini.

12. Ernst Nolte. Die faschistischen Bewegungen. München.1968. S60 .

کۆمۆنیستەکان. پاشانیش دەست دەکەن بە ڕاونان و کوشتنی هەموو ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانەی کە لەگەڵ چەپەکاندا کار دەکەن.

٢- دیکاتۆرییەت

پاش ئەوەی کۆتا بەژیانی پەرلەمانی و ئازادی دێت. موسۆلینی خۆی دەکاتە تاکە ڕابەر و سەرۆکی وڵات. هەموو بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵات دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

٣- نەهێشتنی ژیانی پەرلەمانی و ئازادیی ڕادەربڕین

سیمایەکی تریان، نەهێشتنی ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی. پاشانیش نەهێشتن و قڕکردنی ئازادیی سیاسی و رۆژنامەوانی. هەر کەسێک ڕەخنە یان گلەیی لە سەرۆک و پارتەکەی بکا، دەبێتە دوژمنی گەل و نیشتمان.

٤- داگیرکردنی هەموو کەرتە ئابوورییەکان

یەکێک لە ئامانجەکانی تری فاشیستەکان، زاڵبوون بەسەر ئابووریی ئیتاڵیا. موسۆلینی هات نەخشەی ئابووریی دەوڵەتی دارشت. ئامانجی سەرەکیش لەم سیاسەتە ئەوە بوو، کە هەموو ئابووریی ئیتاڵیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و پارتەکەیەوە.

٥- دارشتنی سیاسەتی شەڕەنگێزی دژی گەلانی دنیا

هەر پاش ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوی ئیتاڵیایان کرد، ئینجا کەوتنە گیانی گەلانی دنیاوە. ئەوە بوو یەکسەر پەلاماری ئەلبانیا و یۆنان و یۆگۆسلاڤیایان دا. پاشانیش لە شەڕی دووەمی جیهانەوە، چووە ڕیزی هیتلەر و لە دژی هاوپەیمانەکان شەڕیان کرد. پاشتر موسۆلینی پەلاماری ئەفریقیای دا و، لیبیا و ئینجا سۆماڵی بەریتانی (سۆماڵ، جیبۆتی) و ئەیسوپیای داگیر کرد.

## کۆتاییی حوکمی موسۆلینی و فاشیزم لە ئیتاڵیا

پاش ئەوەی دەوڵەتانی هاوپەیمان ئیتاڵیایان داگیر کرد، کۆتا بەحوکمی فاشیستەکانیش هات. ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٨ی ئەپریلی ١٩٤٥ لە Mezzegra

لەسەر سنووری ئیتاڵیا و فەرەنسا، کاتێک دەیویست بەرەو فەرەنسا ڕابکا. پارتیزانە کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیا دەیگرن و پاشانیش گوللەبارانی دەکەن[13].

## ئیسپانیا و فرانکۆ

لە ساڵی ١٩٣٦ شەڕێکی ماڵوێرانی، وڵاتە جوانەکەی ئیسپانیای گرتەوە. ئەم شەڕە، ماڵوێرانییەکی گەورەی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە هێنا. کاتێک فەرماندەی سوپای ئیسپانیایی لە مەڕۆکۆ (مەغریب) جەنەراڵ فرانکۆ، لە ١٩٣٦/٦/١٧دا، کودەتایەکی سەربازیی بەسەر حکوومەتی کۆمارییەکان کرد. شەڕێکی خوێناوی هەموو ئیسپانیای گرتەوە و بۆ ماوەی چوار ساڵی خایاند. بەداخەوە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیاش، نەگبەتی و ماڵوێرانییەکی ئێجگار گەورەی بۆ گەلی ئیسپانیایی هێنا. زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بوونە قوربانی و گیانیان لەدەست دا. زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەسیش کۆچیان کرد و ئاوارە بوون. جگە لەوەش، وڵاتەکە بەتەواوی سووتا و وێران کرا و ترسناکترین شتیش ئەوە بوو، کە ئەم شەڕە بووە هۆی پەیدابوون و دروستبوونی حکوومەتێکی فاشیستی و دیکتاتۆری لەو وڵاتە. ماوەی ٣٥ ساڵی حوکمی فرانکۆ، بە ترسناکترین حوکمی ئیسپانیا دێتە ژماردن.

## فرانسیسکۆ فرانکۆ

ساڵی ١٨٩٢ لە ئیسپانیا لەدایک بووە. یەکێک بوو لە جەنەراڵە دڕندەکانی لەشکری ئیسپانیا. ساڵی ١٩٣٦ کودەتایەکی سەربازیی ئەنجام دا. بەمەش شەڕێکی گەورەی ناوخۆیی دەست پێ کرد. لە ساڵی ١٩٣٩وە، خۆی کرد بە سەرۆکی ئیسپانیا. حکوومەتێکی فاشیستی و دیکتاتۆریی دروست کرد. بە چەندان شێوازی تۆقێنەر و فاشیستانە حوکمی گەلی ئیسپانیای کرد. لە ٢٠ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی نەخۆشییەوە دەمرێت. دیارە فرانکۆ بە یارمەتیی هیتلەر و مۆسۆلینی هاتە سەر حوکم و دژی کۆمارییەکان شەڕی کرد. پاش ئەوەی کە شەڕیش تەواو بوو خۆی خستە ژێر باڵی ئەمەریکا و ئینگلیزەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە فرانکۆ، لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، پشتی بە بەرنامە و سیاسەتی فاشیزمی ئیتاڵیایی و نازییەتی ئەڵمانیایی بەست. لە هەمان کاتیشدا هەردوو

13. www. wikipedia. de . Benito Amilcare Andrea Mussolin.

حکوومـەتی فـاشی، یارمـەتییـەکی زۆریان دا، چ لە ڕووی ئابووری یان سـیاسی و لۆجـستـیکییـەوە[14] لەبەر ئـەوە هیچ جیـاوازییـەکی ڕیشـەیـی نیـیـە لە شـێـواز و سیاسـەتی فـاشیـزمی ئیسپـانیایی و ئیتـاڵیایی. تەنیـا ئەوە نەبێت، کە فـرانکۆ هێندەی ئەمـــان حـــەزی بە شـــەڕەنگێـزی و شـــەڕی دەرەکـی نەبوو. دیارە ئەوەش لەبەرئەوەی کە ئیمکاناتی دارایی و سەربازیی ئیسپانیا، زۆر لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا لاوازتر بوو. دیارە جگە لـە ئەڵمـانیـا و ئیتـاڵیـا و ئیسپـانیـا، لە بەشێکی تری وڵاتە ئەوروپاییـیـەکان، لە سـەدەی پێشـوودا، پارتـە فـاشـیـسـتـەکـان بۆ مـاوەیەکی زۆر حـوکمـڕانییـان گرتووەتە دەست. بـەتایبـەت لە وڵاتانی پورتوگـال، پۆڵۆنیـا، فینلاند، یۆنان، هەنگاریا.

## ئەفریقیا و ڕێژیمی راسیزمی

لە دێرزەمـانـەوە، گـەلـی ئەفـریقـیـایی کـەوتووەتە بـەر هێـرش و پەلامـاردان و سیاسـەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەوروپایی و عـەرەبییەوە. پاش ئەوەی ئەوروپاییـیەکان پەلاماری ئەفریقیایان دا، هاتن وڵاتەکانیان تـالآن کرد و پاشـتریش خـەڵکەکـەیان وەکـو کـۆیلە حـسـێب کـرد. ئەوە بـوو بە ملیـۆنان ئەفـریقـیـایی بوونە قـوربـانیی سـیاسـەتی کـۆیلەتی و بـە ملیـۆنان ئەفـریقـیـایی وەکـو کـۆیلە بران بۆ پـارزەوینی ئەمەریکا. لـەوێش بە خراپترین شـێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردن و وەکو کۆیلە لە کێڵگە و کارگەکاندا کـاری زۆرەملێیـان پێ دەکردن. دیارە ئەوروپـاییـیەکـان پاش ئەوەی کە ئەفریقیاشـیـان بەجێ هێشت، بەتایبـەت ئینگلیزەکان، هـاتن کـەمینەیەکی سپییان لەو وڵاتانە دانا و پاشتریش حکوومەتێکی راسیزمانەی دروست کرد.

## ڕۆدیسیا (زیمبابۆی)

لە سـاڵی ١٨٩٣ ئینگلیـزەکان پـەلاماری وڵاتـی زیمبـابۆی دەدەن و وڵاتێک بەناوی باکـوری (ڕۆدیسـیـا) دروست دەکـەن. هـەر لە سـەرەتاوە دەست دەکـەن بە دزی و تالآنکردنی هـەمـوو سـامـانە سروشـتییـەکـانی ئەو وڵاتە. پاشـان چەندان کۆلۆنیـای بچـووک بۆ سپـیپـێستـەکان دروست دەکـەن و حوکمـی ئەو وڵاتە دەکـەن. پاشـتریش

١٤. ئەردەلان عـەبدوڵڵا. شـەڕی ناوەخـۆی ئیـسـپـانیـا. بزاڤی ڕۆشنبـیـریی کـوردی. کوردستان. سلێمانی. ٢٠٠٦ لاپەڕە ٩١.

Ian Smith سەرۆکی سپیپێستەکانی ئەو وڵاتە لە ١١ی نۆڤێمبەری ١٩٦٥ ئیعلانی دەوڵەتی رۆدیسیای راسیزم دەکات. هەر لە سەرەتاوە، سیستەمێکی راسیزمانە دادەنێن. بەهەموو شێوەیەکی نامرۆڤانە پەلاماری ئەفریقیاییەکانی ئەو وڵاتە دەدەن. پاش خەبات و شەڕێکی زۆر. لە ساڵی ١٩٨٠ کۆتا بە حوکمی رەگەزپەرستانەی سپیپێستەکان دەهێنرێت و دەوڵەتی زیمبابۆی لەدایک دەبێ[١٥].

## باشووری ئەفریقیا

یەکێک لەو وڵاتە گرینگانەی ئەفریقیا، باشووری ئەفریقیایە. ئەم وڵاتە خاوەنی سامانێکی سروشتیی زۆرە (ئاڵتوون، گەوهەر، ئاسن، زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی). جگە لەوەش خاوەنی جێگەیەکی ستراتیجی و گرینگە. لە ٦ی ئەپریلی ١٦٥٢ هۆڵەندایییەکان باشووری ئەفریقیا داگیر دەکەن. هەتا ماوەیەکی زۆر لەژێر دەستیان دەمێنێتەوە. هەتا ساڵی ١٨٠٦ ئینگلیزەکان لە هۆڵەندایییەکانیان دەستێننەوە و دەبێتە کۆڵۆنیایەکی ئینگلیزی. لە ٣٠ی مای ١٩١٠ سپیپێستەکانی ئەو وڵاتە، ئیعلانی کۆماری باشووری ئەفریقیا دەکەن.

## سیستەمی ئەپارتای:

سپیپێستەکان سیستەمێکی راسیزمانە لە دژی ئەفریقیاییەکان دادەنێن، کە بە سیستەمی ئەپارتای ناسراوە. ئەفریقیاییەکان بەهەموو شێوەیەک لە خێروبێری وڵاتەکە بێبەش دەکرێن. ناهێڵن ئەفریقیاییەکان بخوێنن و پێش بکەون. لە هەموو ژیانێکی سیاسی و مافێکی سروشتی بێبەش دەکرێن.

## کۆتاییی سیستەمی ئەپارتای

پاش خەباتێکی زۆری ئەو گەلە، بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی باشووری ئەفریقیا و سەرکردایەتیی رابەری مەزن نیلسۆن ماندێلا. لە ساڵی ١٩٩٤ لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا، کۆتا بە حوکمی راسیزمانەی ئەوروپاییەکان دەهێنرێت. لێرەدا نابێت یارمەتی و هاوکاریی وڵاتە ئەفریقیاییەکان و سۆڤیەت و کوبا و بلۆکی رۆهەڵات و چین، پشتگوێ بخرێت، لەبەرئەوەی ئەوان یارمەتییەکی

15. www. wikipedia. de. Rhodesien.

زۆری گەلی باشووری ئەفریقیا و رۆدیسیایان دا، تا لە حوکمی ڕەگەزپەرستانەی ئەوروپاییەکان ڕزگاریان بێت[16].

## ئەمەریکای لاتین

دیارە بیر و ئایدۆلۆجیای فاشیستی هەموو دنیای گرتەوە. لە ئەمەریکای لاتینیش بەهەمان شێوە ئەم بیرە نەگریسە بڵاو بووەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم، هەر لەگەڵ داگیرکردنی ئەم پارزەوینەدا، بیری ڕەگەزپەرستانە بڵاو بووەوە، بەتایبەت لە دژی خەڵکە رەسەنەکەی ئەم وڵاتە و ئەفریقیاییەکان. ئەوروپاییەکان پاش ئەوەی ئەم پارزەوینەیان دزی و سامانە سروشتییەکەیان تاڵان کرد، ئینجا کەوتنە گیانی خەڵکەکەیەوە. بە دڕندەترین شێوە ئەم خەڵکەیان دەچەوساندەوە. پاشانیش بە ملیۆنان کۆیلەی ئەفریقیاییان هێنا بۆ ئەم پارزەوینە و، بە دڕندەترین شێوەش ئەمانیان دەچەوساندەوە. بەڵام لە سەدەی پێشوودا، لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین، فاشیستەکان حوکمیان گرتە دەست.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم، کە ئەمەریکا گەورەترین پشتگیریکەری ئەم وڵاتە فاشیستانە بوو، کە بەشێکی زۆریان لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە هاتبوونە سەر حوکم و ئەمەریکاش دەستی زۆری لەم کودەتایانە هەبوو.

## ئەرجەنتین

ئەرجەنتین یەکێکە لە وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین. هەر لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، کۆچبەرێکی زۆری ئیتاڵیایی ڕوو دەکاتە ئەم وڵاتە. هەر بۆیە زوو بیر و بۆچوونی فاشیستی لەم وڵاتەدا بڵاو دەبێتەوە. جەنەراڵ Juan Domingo Perón لە ساڵی ١٩٤٦ کودەتایەکی سەربازی دەکات و دەبێتە سەرۆکی ئەو وڵاتە. پیرۆن حکوومەتێکی سەربازی و دیکتاتۆری دادەمەزرێنێت. هەمان میتۆدی فاشیستەکانی ئیتاڵیا پێڕەو دەکات. تا ساڵی ١٩٥٥ کودەتایەکی سەربازی بەسەریدا دەکرێت، بۆ دەرەوەی وڵات ڕادەکات[17].

بەڵام هەتا سەردەمانێکی زۆر سیاسەتەکانی پیرۆن بەسەر عەقڵیەتی سیاسیی

16. www. Wikipedia . de. Südafrika

17. www. Wikipedia. de. Argentinien.

ئەرجەنتینی زاڵ دەبێ، پاشتریش پارتی پیرۆنی دادەمەزرێت. لە شەستەکاندا ئەرجەنتینییەکان دەیانوت "ئێمە باشترین مرۆڤی سەر زەوین". بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، دەیانوت "ئێمە خراپترین مرۆڤی سەر زەوین". دیارە ئەمەش پاش کێشە ئابوورییەکانی ساڵانی نەوەتەکان، کەمێک مێشکی ئەرجەنتینییەکانی گۆڕی[18]. پیرۆنییەکان هەتا ساڵی ١٩٨٣ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ژیانی سیاسیی ئەرجەنتیندا.

## شیلی

ساڵی ١٩٧٠ (بەرەی گەل) کە زۆربەی پارتە چەپەکان بوون، بەسەرۆکایەتیی Salvador Allende هەڵبژاردن دەبەنەوە. ئەمەریکا وەکو شێتی هاری لێ دێت. بەهیچ شێوەیەک بەم ئەنجامە ڕازی نابێت. هەر بۆیە لەژێرەوە هانی لەشکری شیلی دەدات، کە کودەتای سەربازی لە دژی سێلڤادۆر ئالێند بکا. ئەوە بوو لە ١١ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ جەنەراڵ پینۆشێ، کودەتایەکی خوێناویی سەربازییانە لە دژی حکوومەتی هەڵبژێردراوی سێلڤادۆر دەکات. لەپاش کودەتاکە، یەکسەر حوکمی سەربازی بەسەر وڵاتدا دەسەپێنرێت و دەکەونە گیانی هەموو چەپ و سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکان. هەزاران کەس دەبنە قوربانیی ڕێژیمە فاشیست و عەسکەرییەکەی پینۆشێ. دیارە پاشتر بەئاشکرا ئەمەریکا، بەتایبەت کیسینجەر، ددان دەنێت بەوەی کە ئەوان یارمەتیی پینۆشێیان داوە. پینۆشێ هەمان بەرنامە و سیاسەتی پیرۆنییەکانی ئەرجەنتین و فاشیستەکانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا دەسەپێنێ. ساڵی ١٩٨٩ یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراسی دەکرێت و کۆتا بە حوکمی پینۆشێ دەهێنرێ[19].

دیارە جگە لە ئەرجەنتین و شیلی، لە بەشێکی زۆری وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین، حکوومەتی سەربازی و دیکتاتۆری و فاشیستانە، دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە (ڤەنزویلا. نیکاراگوای، کۆڵۆمبیا، سێلڤادۆر، پێرۆ، بەرازیل). هەموو ئەم حکوومەتە سەربازییانە، بەیارمەتی و پشتگیریی تەواوی ئەمەریکا، کودەتای سەربازییان ئەنجام دا. ئامانجی ئەمەریکا ئەوە بوو لە ڕێگەی ئەم حکوومەتە سەربازییانەوە، کۆنترۆڵی ئەمەریکای لاتین بکا و لەژێر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی خۆیدا بن. لە

18. Aus Politik und Zeitgeschichte . 2010/12 bPb. Brasilien und Argentinien.

19. www. Wikipedia. De. Chile.

هەمان کاتیشدا نەهێڵێت حکوومەتی نیشتمانی و چەپ بێنە سەر حوکم. تا بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆی، سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە تاڵان بکا.

**ئەمەریکا**

ئەمەریکا وەکو هەموو دەوڵەتەکانی پارزەوینی ئەمەریکا، لەسەر بنەمای کۆمەڵکوژی و قڕکردن و سووتاندنی، مرۆڤ و دار و درەختی پارزەوینە مەزنەکەی ئەمەریکا بووە. کاتێک ئەورووپاییەکان پەلاماری ئەم پارزەوینە گەورەیە و گەلە مەزنەکەی دەدەن، ئەوەی پێی بڵێی مۆراڵ و هەستی مرۆڤایەتی، لەناو هەست و نەستی ئەماندا نەمابوو. پەلاماردانی ئەورووپاییەکان، لە پەلاماردانی گورگ بۆ سەر ڕانی مەڕ دەچوو. یان وەکو پەلاماردانی تورک بۆ گەلانی دراوسێی دەچوو. کاتێک سەیری تاوانی ئەورووپاییەکان لەم پارزەوینەدا دەکەیت، هەموو سیفاتێکی مرۆڤبوونیان دۆڕاندووە. دیارە لە پاش کۆمەڵکوژی و قڕکردنی دانیشتوانە ئەسڵییەکەی ئەمەریکا، ئینجا کەوتنە گیانی ئەفریقیاییەکانەوە. ئەوە بوو بە ملیۆنان ئەفریقیایی وەکو ئاژەڵ سواری پاپۆڕ دەکران و لە کێڵگە و کارگەکاندا، وەکو کۆیلە کاریان پێ دەکرا. سوپاس بۆ تەکنەلۆجیا توانی ئەفریقیاییەکان لە کۆیلایەتی ڕزگار بکا، لەبەرئەوەی لەگەڵ پەیدابوونی مەکینە، ڕۆڵی کۆیلایەتی کەمتر بووەوە[٢٠]. من پێم وایە گەر مەکینە نەبوایە، هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەفریقیاییەکانیان وەکو کۆیلە بەکار دەهێنا. هەتا کۆتاییی ساڵانی شەستەکانیش، سیستەمێکی هاوشێوەی باشووری ئەفریقیا، لە دژی ئەفەریقیاییەکانی ئەو وڵاتە پێڕەو دەکرا. ئەفەریقیاییەکان بۆیان نەبوو، لە گەڕەکی ئەورووپاییەکان بژین. یان لە ریستۆرانت و یانەیەک نان بخۆن، کە ئەورووپاییەکانی تێدا بوون. هەتا کۆتاییی ساڵانی شەستەکانیش، لە ڕۆژنامەکاندا ریکلام بڵاو دەکرایەوە لێی نووسرابوو (باشترین ڕێستۆرانت، خواردنی باشی هەمەجۆر. بۆ هەموو کەس تەنیا سەگ و ڕەشپێست نەبێ). لەم جۆرە کەیفانە، لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی ئەمەریکا زۆرن. وەلێ پاش شۆڕشێکی گەورەی ئەفەریقاییەکان، بەسەرۆکایەتیی (مارتین لۆتەر کینگ)، توانییان چاوی بچووک و مێشکی بۆگەنی ئەورووپاییەکان، پاک و خاوێن بکەنەوە. لە

٢٠. محمد حسنين هيكل. الزمن الامريكي: من نيويورك الى كابول. المصرية للنشر العربي والدولي. الطبعة الرابعة. ص ٥١.

هەمان کاتیشدا، نابێت پشتگیریی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات لە بیر بکرێت، لەبەرئەوەی ئەوان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا. هەرچەندە هەتاوەکو ئەمڕۆش، لە دژی ڕەشپێستەکان لەناو کۆڵان و بازاڕ و کارگەکان، دیسکریمینیتێ دەکرێت. لە ئەمەریکادا هەتاوەکو ئەمڕۆش سیاسەتێکی راسیزمانە، دژی ئەفەریقاییەکان پێڕەو دەکرێ. بەشێکی زۆریان بێ کار و شانسی خوێندنیان کەمە. بۆ نموونە بەشێکی زۆری زیندانییانی ئەمەریکایی، خەڵکە ڕەشپێستەکانن[٢١].

سەرچاوەکانی بەشی دووەم

1- Michael Moore. Stupid white Men . Piper verlag München.2009. S237.
2- www. Wikipedia. De. Chile
3- www. Wikipedia. de. Argentinien .
4- Aus Politik und Zeitgeschichte . 2010/ 12 bPb .Brasilien und Argentinien.
5- www. Wikipedia . de. Südafrika.
6- www . wikipedia. de. Rhodesien.
7- www. wikipedia. de. Benito Amilcare Andrea Mussolini.
8- Ernst Nolte. Die faschistischen Bewegungen . München.1968. S60.
9- Nationalsozialismus.Von den Anfängen bis zur Festigung der Macht. Informationen . 251. bpb.
10- Karl-Joseph Hummel. Deutsche Geschichte .1933-1945. Olzog. Verlag. München. 1998. S.329.
11- F. Willaim Engdahl. Mit der Ölwaffe zur Weltmacht. Dr. Böttiger Verlag. Wiesbaden. 2000.S129.
12- Der Nationalsozialismus: Bewegung, Führerherrschaft, Verbrechen: Verlag . 1919-1945. Beck, München 2009.
١٣- ئەردەڵان عەبدوڵڵا. شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا. بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی. کوردستان. سلێمانی. ٢٠٠٦ لاپەڕە ٩١.
١٤- محمد حسنين هيكل. الزمن الامريكي : من نيويورك الى كابول. المصرية للنشر العربي والدولي. الطبعة الرابعة. ص٥١.
١٥- بالميرو توليياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١.

21. Michael Moore. Stupid white Men . Piper verlag. München.2001 . S237.

بەشی سێیەم

# فاشیزمی نوێی ئەوروپا

## فاشیزمی نوێ

پاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی و کۆتاهێنان بەحکوومەتە فاشیستەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان بەسەریاندا و، داگیرکردنی وڵاتەکانیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمان. زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوو کە جارێکی تر فاشیستەکان ناگەڕێنەوە و تەمەنیان بەسەر چوو. دنیایش هەرگیز تاوانی فاشیستەکانی لە بیر ناچێتەوە و زۆر ستەمیشە جارێکی تر پارتێکی فاشی یان ئایدۆلۆجیای فاشیزم بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و ڕۆڵیان هەبێت. دیارە ئەم قسانە ڕاست دەرنەچوون، لەبەرئەوەی هەر بەتەواوبوونی شەڕ و پاش چەندساڵێکی کەم، جارێکی تر پارتی فاشی و گرووپە فاشیستەکان سەریان هەڵدایەوە و دیسانەوە دەستیان کرد بەکارکردن و خۆ ڕێکخستن و چالاکی. دیارە ئەمجارەیان بەناوێکی تر و شێوازێکی جیاوازتر، خۆیان پێشان دا و پێڕەو و پرۆگرامی خۆیان بەشێوەیەکی تر داڕشتەوە و بەرگێکی تریان لەبەر کرد.

ڕاستە فاشیستە نوێکان بەرنامە و ناوی خۆیان گۆڕی، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە بۆ هەموومان کە ئەوان ناواخنیان هەر ئەو ئایدۆلۆجیایەیە کە هیتلەر و مۆسۆلینی پەیڕەویان دەکرد. هەڵگری پەیامەکەی ئەوانن کە برێتی بوو لە پەیامێکی بەربەرییەت و دڕندایەتی هێنان بۆ مرۆڤایەتی. ئەمان لە هیتلەر و مۆسۆلینی دڕندەتر و بەربەریترن. ئەگەر هەلێکی وەکو ئەوانیان بۆ برەخسێ، لەوان خراپتر دەکەن.

بەهەمان شێوەش ئامادەن ئەو دۆزەخەی کە باپیرانیان دروستیان کرد بۆ مرۆڤایەتی، ئەمانیش دروستی بکەنەوە. بگرە لەوان پیستری دروست دەکەن. بەڵام چی وای کرد کە جارێکی تر فاشیزم بگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و ڕۆئاوا؟ بۆچی تاوانەکانی هیتلەر و مۆسۆلینی وا زوو لە بیر کران؟ ئاخۆ فاشیستەکان نەبوون ماڵوێرانی و کاولکاری و مردن و ئاوارەییان کردە دیاری بۆ ئەو گەلانە؟ ئاخۆ فاشیستە نوێکان جیاوازن لە فاشیزمی کۆن یان پێشووتر؟ ئاخۆ ئەمان خاوەنی

هەمان بەرنامەن یان بەرنامەکەیان جیاوازترە؟

جارێک دەبێت بزانین فاشیستەکان بۆ گەڕانەوە. ئەو هۆکارانە چی بوو کە وای کرد جارێکی تر فاشیزم ببێتە ئەلتەرناتیڤی خەڵکی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گوێ بۆ بەرنامەکانیان بگرن.

## هۆکارەکانی دروستبوونی فاشیزمی نوێ:

پێشەکی دەبێ بزانین چۆن فاشیزمەکان ڕووخێنران و کۆتا بەحوکمیان هات لە ئەوروپادا. وەک ئاشکرایە نازییەتی ئەڵمانیایی و فاشیزمی ژاپۆنی و ئیتاڵیایی، بەهۆی دۆڕاندنی لەشکرەکانیان لە شەڕ دژی بەرەی هاوپەیمانان و داگیرکردنی وڵاتەکانیان حوکمی ئەوان نەما و بەدەستی بەرەی هاوپەیمانان کۆتاییيان بە ژیانیان هێنرا. لە هەمان کاتیشدا گەلانی ئەو وڵاتانەش ڕۆڵێکی وایان نەبوو لە ڕووخاندن و دروستکردنی سیستەمێکی نوێدا. ڕاستە لە ئیتاڵیا بەرەیەکی گەورە و بەهێز کە زیاتر کۆمۆنیستەکان بوون، تا ڕادەیەک ڕۆڵیان هەبوو. توانیشیان مۆسۆلینی دادگەیەکی جەماوەری بکەن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە فاشیزم کاتێک لە ئیتاڵیا لەناو چوو، کە لەناو بەرەکانی شەڕدا بێهێز بوو. ئەو کات بەرەی دژە فاشیزم لە ئیتاڵیا توانی ڕاپەڕین دژی مۆسۆلینی بەرپا بکا. هەرچەندە هیتلەر بۆ یارمەتیدانی، لەشکری خۆی ڕەوانەی ئیتاڵیا کرد. بەڵام هەروەکو تۆلیاتی دەڵێ "هێزە دەرەکییەکان گەورەترین ڕۆڵیان هەیە لە ڕووخاندن و بێهێزکردنی فاشیزم"[1]، لای خۆشمان ئەمە بە ڕوونتر دەبینین. کاتێک لەشکرەکەی سەدام لە شەڕی کوێتدا دۆڕاندی، ئەو کات گەل توانی ڕاپەڕێت و دژی فاشیزمە بەعسییەکان ڕاپەڕێت. دیارە هۆی دەرەکی یان گەورەییی ڕۆڵی دەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە فاشیزم بەحوکمی ئەوەی ڕێژیمەکانیان دیکتاتۆری سەربازی و پۆلیسییە، بەهەموو شێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگە دەکەن. کۆمارێکی ترس دروست دەکەن بۆ خەڵکی و بەهۆی دەزگای سەرکوتکەری جیاوازەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکەن. هەر بۆیە زۆر ستەمە لە هەلومەرجێکی وادا، بتوانیت فاشیزم لەناو بەریت و کۆتا بەڕێژیمەکانیان بهێنیت.

١. بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١. ص ١٠١.

دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی ئەو وڵاتانە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە و چۆنیەتیی دارشتنی سیستەمی نوێی ئەو وڵاتانە و لەدایکبوونی فاشیزمی نوێ و هۆکاری دروستبوونیان. بەکورتی هەوڵ دەدەم لە چەند خاڵێکی گرینگدا کۆیان بکەمەوە:

١- شەڕی ساردی ئەمەریکا و شۆرەوی (سۆڤیەت)

پاش تەواوبوونی شەڕ، ڕێگە خۆش بوو بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی تر کە بەشەڕی سارد ناو دەبرێت. ئەم شەڕە لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیادا کە بەشۆرەوی ناو دەبرا دروست بوو. دیارە ئەم شەڕەش ناوێکی تری لە خۆی گرتبوو و ئامانجی جیاوازتری، لە شەڕەکەی پێشووتر هەبوو. ئەندامەکانی بەشێوازێکی تر شەڕیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. ڕووسەکان بەناوی حکوومەتی کرێکاران دەجەنگان. ئەمەریکاییەکانیش بەناوی ئازادی و دیموکراسی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم شەڕە بەهیچ شێوەیەک پێوەندیی بەئازادی و سۆسیالیزم و کرێکارانەوە نەبوو. بگرە ئەمە شەڕی دوولایەنیی ئیمپریالی جیهانی بوو، کە هەریەکەیان بەناوێکی جیاوازەوە دەیویست جیهان داگیر بکا بۆ خۆی و دەست بەسەر سامانی وڵاتاندا بگرێت. من چەندە دڵنیام کە ئەمەریکاییەکان دوژمنی ئازادی بوون، ئەوەندەش دڵنیام کە ڕووسەکانیش دوژمنی ئازادی بوون لە جیهاندا. بەڵام جێی داخە خەڵکانێک هەن هەتاوەکو ئەمڕۆش لەو باوەڕەدان کە ئەوە شەڕی ئایدۆلۆجی بووە و ئەمەریکایان بەقەڵای ئازادی و ڕووسیاش بەقەڵای کرێکاران دادەنا. بەهەرحاڵ فاشیستەکان جارێکی تر توانییان بەهۆی ئەم شەڕەوە خۆیان بێنەوە ناو مەیدان و دەست بەچالاکی بکەنەوە. لە هەمان کاتیشدا فاشیستەکان لەلایەن ئەمەریکاوە بەکار هێنران و ڕێگەی پێ دان کە جارێکی تر دەستبەکار بن بۆ بەرژەوەندی خۆی. کە برێتی بوو لە ڕێگرتن لە تەوژمی کۆمۆنیستی لەو وڵاتانەدا. دژایەتیکردنی شۆرەوی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی لەو شوێنانەدا. دیارە فاشیستەکانیش هەر خۆیان دوژمنی گەورەی کۆمۆنیست بوون و خاوەنی ئەزموونێکی گەورەش بوون لە دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان. بۆیە هەر زوو کەوتنەوە پەلاماردانی کۆمۆنیستەکان و ئەمەریکاییەکانیش درێغییان نەکرد لە یارمەتیدانیان و ڕێگەدان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە و حوکمڕانیکردن. کاتێک

ئەمەریکاییەکان بەرنامەی (مارشال پلان)یان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپا دانا. دوو مەرجی سەرەکییان هەبوو بەرامبەر ئەم یارمەتییە کە دایان بە ئەورووپاییەکان ئەو دوو مەرجەش برێتی بوون لە:

١- بڵاوکردنەوەی کولتووری ئەمەریکایی.

٢ - دژایەتیکردنی کۆمۆنیست و شۆرەوی.

لە ئەڵمانیا زۆر لە نازییەکان گەڕانەوە بۆ سەر کاری پێشوویان و کەڵکیان لێ وەرگرتن بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیست. نازییەکان خاوەنی ئەزموونێکی گەورە بوون لە دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم و ئەمەریکا کەسی لەوانی باشتر دەست نەدەکەوت کە بەم کارە ڕایان سپێرێت. لە هەمان کاتدا کەڵکیشیان لە زۆر دەزگای نازییەکان وەرگرت بۆ نموونە کەڵکیان لە زاناکانی لەشکری ئەڵمانیا وەرگرت بردیانن بۆ ئەمەریکا و لەناو دەزگاکانی خۆیاندا بەکاریان هێنان.

هەروەها زۆر لە ئەندامانی دەزگای زانیاری و سیخوڕی نازییەکانیان گرت و سوودیان لێ وەرگرتن بۆ دەزگاکانی خۆیان.

٢- گەڕانەوەی نازی و فاشییەکان بۆ ناو زۆر لە دەزگاکانی دەوڵەت

بۆ نموونە ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیایی (کیسنجەر) کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین هەلی دا بەدەستەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر نازییەکان بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵی ئەورووپایی. پێش چەند ساڵێک لەمەوپێش لە ئەڵمانیا، گەندەڵییەکی سیاسی رووی دا، کە بەگەندەڵیی سیستەمی داد ناو دەبرێ. کاتێک پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری داخستنی پارت (NPD پارتی نەتەوەی ئەڵمانیایی)ی دا، کە ئەم پارتە بەیەکێک لە پارتە نازییە نوێکانی ئەڵمانیا دێتە ژماردن. لەناو دادگەی سەرەکیی ئەڵمانیا دەرکەوت، کە زۆر لە دادوەرەکان سەر بەو پارتەن و بگرە زۆر دادوەری تر دەرکەوت کە کاریان لەگەڵ ئەم پارتەدا کردووە.

٣- لە شەستەکاندا تەوژمێکی شۆڕشگێڕانە هەموو دنیای گرتبووەوە، گیانێکی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی باڵی بەسەر هەموو دنیادا کێشابوو. ئەم تەوژمەش زیاتر لەناو توێژی خوێندکاران و ڕۆشنبیراندا زاڵ بووبوو. کە ئەو سەردەمانە بە سەردەمی شۆڕشی کولتووری و نەوەی ٦٨ ناو دەبرێ. ڕۆژانە خۆپێشاندان

و ئاکسیۆن دژی شەڕ بەتایبەتی شەڕی ڤیتنام و دژی سیستەمی سەرمایەداری و دژی ئاین ساز دەکرا.

بەهێزبوونی بزووتنەوەی ژنان و داواکردنی مافە ڕەواکانیان. ئەم بزووتنەوەیە ترسێکی گەورەی بۆ ئەمەریکا و رۆئاواییەکان دروست کردبوو. بووبووە مایەی سەرئێشەیەکی گەورە بۆیان. باشترین ڕێگەش بۆ لەناوبردنی ئەم بزووتنەوەیان بەکار هێنا و هەموو هەوڵی تێکشکانی بزووتنەوەکەیان دەدا. دیارە یەکێک لەو هەولانەش کە بەکاریان هێنا فاشیستەکان بوون و کەڵکیان لێ وەرگرتن بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوانە.

٤- پاش ڕووخاندنی بلۆکی ڕۆهەلاتی زۆر لە سنوورە داخراوەکان کرانەوە و تەوژمێکی پەنابەران و هاتنی بێگانە بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر دەستی پێ کرد. هاتنی بێگانە و بوونی کەمایەتییەکی بێگانە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی. چەند کێشەیان بۆ ناو ئەم کۆمەڵگایانە هێنا و بەجارێک چەندان کولتووری جیاواز هاتە ناو ئەوروپاوە، کە ئەمڕۆ بەکۆمەڵگەی (مولتی کولتوورێل) ناودەبرێ. فاشیستەکانیش گەورەترین دوژمنی کولتووری جیاوازن. مێشکیان جگە لە کولتووری بۆگەنی خۆیان هیچ کولتووری تر وەرناگرێت. زۆر لە ئەوروپاییەکانیش ماوەی چەند ساڵێکە لەسەر بێگانە و بوونی ئەم کەمایەتییانە دەدوێن. بەشێکیان بەترسێکی گەورەی لە قەڵەم دەدەن[٢]. هەریەکە بەجۆرێک دەیەوێ بێگانەکان رێک بخات لەناو کۆمەڵگەکانیاندا. خۆی لە خۆیدا ئەم مەسەلەی بەباشترین نانی فاشیستەکانە و زۆریان دژایەتیکردنی بێگانەکان، بە بەشێکی گەورەی پرۆگرامەکانیان دەژمێرێت.

٥- سەرهەڵدانی شەڕێکی ڕەگەزی و تایەفی لە بەشێکی ئەوروپادا و کە بەکێشەی بەلکان دەناسرێ. هەرچەندە ئەوروپاییەکان خۆیان ئاگری ئەم شەڕەیان خۆش کرد و یارمەتیی هەندێکیان دا لە دژی ئەوانی تر. بوونی کێشەیەکی وا ئەوەندەی تر فاشیستەکانی هار کرد و یارمەتیی دان بۆ ئەوەی بڵێن کە نەتەوەکان پێکەوە ناژین، بگرە شەڕ دەکەن و ئاشتی درۆیەکی

---

٢. محمد حسنين هيكل. المقالات اليابانية. دار الشروق. القاهرة. الطبعة السادسة ٢٠٠٢. ص ١٨٧.

کۆمۆنیستەکانە. لە ساڵی ١٩٩٧ نووسەری ئەمەریکایی ساموێل هینگتۆن کتێبێکی بەناوی (شەڕی شارستانییەکان) دەرکرد. کە تێیدا هەمان بۆچوونی فاشیستەکان دووپات دەکاتەوە و باس لە شەڕی نێوان شارستانییەکانی جیهان دەکات. شارستانیی ڕۆئاوا بەباشترین شارستانی دەژمێرێت و شارستانییەکانی تر بەخراپ لە قەڵەم دەدا. بەوەش ناوەستێ بگرە شارستانییەکانی تر بەدوژمنی شارستانیی ڕۆئاوا دەژمێرێت[٣].

٦- بڵاوبوونەوەی بێکاری و زۆربوونی بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان و زۆربوونی تاوان و دروستبوونی چەندان گرووپی مافیایی و بازرگانیی ڕەش و باندی قاچاخچیی مرۆڤ. دیارە میدیای ئەورووپایی تا ڕادەیەکی زۆر ئەم کێشانە بەسەر بێگانەکاندا دەشکێنێتەوە و بێگانەش بە بەرپرسیاری یەکەم دادەنێن بۆ زۆربوونی ئەو کێشانە.

٧ - ئەمڕۆ ئەوروپا وەکو دوورگەیەک وایە لەناو زەریایەک، کە هەموو دەوروبەرەکەی بەدەست برسێتی و نەخۆشی و دواکەوتوویی و خراپیی باری ئابووری دەناڵێنێ. کە ئەمە بەڕای من وا لە ئەوروپاییەکان دەکات هێندەی تر خۆیان و کولتوورەکەیان بەباشتر دابنێن و نەتەوەکانی تر بەکەمتر بزانن. ئەوەندەی تر گیانی خۆپاراستن لە ناخیاندا دروست دەکات.

٨- سیاسەتەکانی ئەوروپا کە بەشێکی زۆری لە خزمەتی بیری فاشیزمە. بۆ نموونە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوروپا دروستکردنی دیوارە بۆ خۆپاراستن لە تەوژمی بێگانەکان. ڕێگەگرتن لە هاتنی بێگانەکان بۆ وڵاتەکانیان. بگرە ساڵانە چەندان ملیارد دەدەن بە وڵاتەکانی باشوور و ڕۆهەڵاتی ئەوروپا، بۆ بەهێزکردنی دەزگاکانی پۆلیس و پاسەوانانی سنوور. بەکارهێنانی باشترین و مۆدێرنترین ئامێر بۆ ئەم کارانە. ئەمە جگە لەو هەموو سیاسەتە فاشیستانەی کە بۆ ئەم ئەرکە بەکار دێت. بۆ نموونە ماوەی چەند ساڵێکە لە ئەڵمانیا یاسایەکیان داناوە کە بۆ بێگانە نییە لە سنووری پۆڵۆنیاوە تا ناو

---

٣. صموئيل هنتنغتون. صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمي. نقله الى العربية. د. مالك عبيد ابو شهيوة، د. محمود محمد خلف. دار الجماهيرية. ليبيا. الطبعة الاولى. ١٩٩٩.

بەرلین سواری تاکسی بێت و هەر شۆفێرێکیش سواریان کات سزا دەدرێت. جگە لە چەندان سیاسەتی شۆڤینیـیانەی تر کە بەتایبەت لە دژی جالیەی ئیسلامی دەکرێت. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا و فرەنسادا ژنە موسڵمانەکان ئەگەر سەرپۆشیان بەسەرەوە بێت، بۆیان نییە لە هیچ دەزگایەکی دەوڵەتیدا کار بکەن. بگرە لە فرەنسا رێگە نادەن بەو کچانەی کە سەرپۆشیان بەسەرەوەیە بچنە خوێندنگەی دەوڵەتی و زانکۆکان. سەیر لەوەیە تورکیا کە بەناو دەوڵەتێکی ئیسلامە و تاکە دەوڵەتی ئیسلامییە کە لە لیستی هاتنە ناوەوەی ئەوروپا دەژمێردرێت. ئەم دەوڵەتە هەمان سیاسەت بەکار دەهێنێ دژی گەلەکەی. لە هەمووی خۆشتر سەرۆکی شالیارانی تورکیا (رەجەب ئۆردوگان) کە پارتەکەی بەپارتێکی ئیسلامی دەژمێرێت و بووە کێشەیەکیش کاتێک کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ بردیانەوە و ترسی ئەوەیان هەبوو ئەوروپا ئەوەندەی تر کێشەیان بۆ دروست بکا بەهۆی ئەم پارتەوە. ئەم پیاوە موسڵمانە ساڵی ٢٠٠٢ وتی "من ناتوانم کچەکەی خۆم لە زانکۆکانی تورکیا بخوێنێ لەبەرئەوەی سەرپۆشی بەسەرەوەیە، هەر لەبەر ئەوە ناچار کچەکەی خۆی ناردووە بۆ ئەمەریکا لەوێ بخوێنێ" کە ئەمە ئەوەندەی تر یارمەتیی فاشیستێکی وەکو بەرلسکۆنی (سەرۆکی شالیارانی ئیتاڵیا، بەیەکێک لە فاشیستە نوێکان دێتە ژماردن دا، کاتێک ئیسلامەکان و کولتوورەکەیان بەدواکەوتوو دانا و داوای سەپاندنی کولتووری ئەوروپایی کرد بەسەر هەموو جیهاندا. سەیر لەوە بوو بەرلسکۆنی یەکەمین برادەری رەجەب ئۆردوگانە و بۆ شاییی کچەکەشی بانگی کرد. ئەوەش هەیە ئەم دوو برادەرە هەردووکیان فاشین هەر بۆیە خزمایەتییان وا خۆشە و پتەوە.

### ئایدۆلۆجیا و بەرنامەی فاشیزمی نوێ

فاشیستە نوێکانی ئەمڕۆ زیاتر هەموویان بە دژایەتیکردنی بێگانە و جوولەکە و ئیسلامەوە خەریکن. ئەم باسانە بووەتە پێڕەوی سەرەکی و بنەڕەتییان.

ئەمڕۆش وەکو جاران میتۆدی توندڕەوی بەکار دەهێنن و تیرۆر و کوشتن و سووتاندن کە بەسیماکانی فاشیزم دەناسرێت. لە هەمان کاتدا پارتی سیاسیشیان هەیە و لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن و لە زۆر وڵاتیش حوکم

دەکەن وەکو "نەمسا پارتی هایدەر، ئیتاڵیا بەرەی فۆرسا ئیتاڵیا کە پێک هاتووە لە بەرلسکۆنی و پارتی فاشیستی ئیتاڵیا (فینی) و بەرەی باکو (بۆسسی) هەروەها زۆریان لە پەرلەمانی ئەوروپادا بەشدار بوون وەکو لۆپێنی فرەنسا کە ساڵی ٢٠٠٣ دووەمین پلەی هێنا لە هەڵبژاردنەکانی فرەنسادا".


بەگشتی فاشیستە نوێکان باوەڕیان بە شەڕی نێوان دەوڵەتە ئەوروپاییەکان نەماوە و وازیان لەو دروشمە هێناوە. بگرە ئەوان داوای شەڕی ئەوروپایی دەکەن لە دژی دوژمنەکانی ئەوروپا کە زیاتر ئیسلام و بێگانەکانی ناو وڵاتەکانیان دەگرێتەوە. ئەوان دەیانەوێ ئەوروپا لە بێگانە بپارێزن. دژی هەموو پێکەوەژیانی نەتەوە جیاوازەکان لە ئەوروپادا. ئەوان پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە گوایە بێگانەکان دەیانەوێ وڵاتەکەیان داگیر بکەن و هەموو کێشەکانی بێکاری و نەخۆشی و زۆربوونی تاوان دەگەڕێنەوە بۆ بوونی بێگانەکان لە وڵاتەکانیاندا، ئەگەرچی لە راستیدا ئەمە درۆیەکی گەورەیە کە فاشیستەکان دەیکەن و دەیانەوێ بەشێواندنی راستییەکان گەلی ئەوروپایی بخەڵەتێنن.

یەکێک لەو پڕوپاگەندانەی کە فاشیستەکان دەیکەن دژی بێگانەکان ئەوەیە، کە ترسی داگیرکردنی وڵاتەکانیان لەلایەن بێگانەکانەوەیە. کە ئەمە درۆیەکی گەورەیە و لە هیچ کاتێکدا ئەو بۆچوونانە راست نییە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا رێژەی بێگانەکان ناگاتە ٨,٩٪ی کۆی هەموو دانیشتوان[٤] رێژەیەکی وا هەرگیز لەو باوەڕەدا نییە کە ببێتە ترسێکی رێژەی پەنابەرەکان لە ئەوروپا بۆ هەزار کەس هەروەها ئەو رێژە کەمەش ناتوانێت وڵاتێکی گەورە و گران داگیر بکا. پڕوپاگەندەیەکی تریان هاتنی پەنابەر و ئاوارەیەکی زۆر بۆ ئەوروپایە. کە ئەمەش شتێکە زۆر دوورە لە راستییەکانەوە، لەبەرئەوەی هەرگیز رێژەی پەنابەرەکان کە هاتوون بۆ ئەوروپا نەگەیشتووەتە رێژەیەکی بەرز و ببێتە هۆی ئیفلاسبوونی وڵاتەکانیان وەک خۆیان دەڵێن. ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە (١) بکەین دەبینین کە رێژەی پەنابەران لە ئەوروپادا دەگاتە ٦,٤٪ لە هەزار کەس. لە ئەڵمانیا ٣,٠٪ بۆ هەزار کەسە[٥].

سەرۆکی پێشووی ولایەتی بادن فورتنبێرگ ئەرمین تۆیفل (تۆیفل مانای شەیتان

4. Migrationsbricht. 2007. Bundes für Migration und Flüchtlinge.

5. Asyl in Zahlen 2009. Bundes für Migration und Flüchtlinge.




نەخشەی ژمارە (١)
باری خوێندەواری لە نێوان بێگانە و ئەڵمانەکاندا


دەدا بەکوردی هەرچەندە ئەو خۆی هەر لە لیستی شەیتانەکان دەژمێرێت) بە یەکێک لە دوژمنە گەورەکانی پەنابەرەکان دەژمێردرا. تۆیفل هەموو کات هاتنی پەنابەر بۆ وڵاتەکەی بەترسی یەکەمی دادەنا و داوای دانانی سیاسەتێکی ئەوروپاییی دەکرد بۆ ڕاگرتنی تەوژمی پەنابەران بۆ ئەوروپا. بەڵام ئەگەر سەیری ئەو نەخشەیە بکەیت دەبینیت کە چەندە ئەوان درۆزنن و ڕاستییەکان دەشێوێنن بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان.

تۆمەتێکی تر کە بێگانەکانی پێ تاوانبار دەکەن دەڵێن کە بێگانەکان تەمەڵن و نەخوێندەوارن بەشداری پرۆسەی خوێندن ناکەن، ئەمساڵ سەناتۆری لیستی سۆسیال دیموکرات لە بەرلین، ئەندامی سەرۆکایەتیی بانکی هەرێمی ئەڵمانیا، لە بەرلین Thilo Sarrazin. کتێبێکی بەناوی (Deutschland schafft sich ab) بڵاو کردەوە. لەم کتێبەیدا دەڵێ "ئەڵمانیا بەهۆی بوونی تورک و عەرەبەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبەنگتر و خراپتر دەبێ" بەوەش ناوەستێ دەڵێ "هەروەک چۆن ئەلبانەکان

بەهۆی منداڵبوونی زۆرەوە توانییان کۆسۆڤۆ داگیر بکەن. بەهەمان شێوەش پاش چەند ساڵێکی تر، تورکەکان ئەڵمانیا داگیر دەکەن". لە درێژەی بۆچوونە راسیزمەکانیدا، ئیسلامەکان بەوە تۆمەتبار دەکات "کە منداڵەکانیان ناچنە مەکتەب و ناهێڵن، کچەکانیان وانەی وەرزش و مەلە بخوێنن"[6].

بەڵام ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکەیت، بۆت دەردەکەوێ بێگانەکان تا رادەیەکی باش لەباری خوێندندا باشترن لە ئەڵمانەکان و شان بەشانی خوێندکارە ئەڵمانەکان دەخوێنن و کار دەکەن بۆ نموونە لە ٢,٤٠٪ بێگانەکان خاوەنی شەهادەی بەکالۆریۆسن واتە دواناوەندیی تەواو کردووە.

ئەگەرچی رێژەی ئەڵمانەکان لە ٢٤,١٪ ە، هەروەها ٢٨,٩٪یان دواناوەندیی پیشەییی تەواو کرد و ئەگەرچی ئەڵمانەکان ٤٠,٨٪، وە لە ١,٢٪ یان شەهادەی پەیمانگەی هەیە ئەگەرچی رێژەی ئەڵمانەکان ١,١٪ کە. ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە(٢) بکەیت، بۆت دەردەکەوێت کە خوێندکاری بێگانە رێژەیەکی باشی




نەخشەی ژمارە (٢)

رێژەی تەواوکردنی خوێندن و بڕوانامەی خوێندن لە نێوان ئەڵمانی و بێگانەدا

6. Thilo Sarrazin. Deutschland schafft sich ab. DVA . Verlag. August.2010.

خـوێندنگەکـان و پەیمانگەکـان پێک دەهێنێ و بـەشـداریی پرۆسـەی فـێـربوون و خوێندن دەکەن. هەروەها بێگانەکان ڕێژەیەکی گەورەی خـوێندکارانی زانکۆکانی ئەڵمـانیـا پێک دەهێنن و کـە دەگـاتە ١٨٧٠٢٧ هـەزار خـوێندکـاری بێگانـە لە ئەڵمانیادا کە ڕێژەی ١٠,٤٪ هەموو خوێندکارانی زانکۆ پێک دەهێنن[7].

لۆپێن سـەرۆکی فاشیستەکانی فرەنسا بێگانەکان بەوە تاوانبار دەکات کە گوایە نەخـۆشـیـیـان هێناوە بـۆ فـرەنسـا بەتایبـەت ئەفـریقـیـاییـیـەکـان، لە لێدوانێکی تەلەڤـزیۆنیـدا دەیوت "بۆچی مـن لەگـەڵ ئـەفـریقـیـاییـیـەکـدا بژیم، مـن لەگـەڵ ئەفەریقیاییدا بژیم تا تووشی ئایدزم بکا". وەک بڵێی فرەنساییەکان نەخۆشیی ئایدزیان نەبێت، بەڵام لە راستیدا هەموو ئەفریقیاییەکان ئایدزیان نییە و هەموو بێگانەکانیش نەخۆش نین وەکو ئەو فـاشیستـەکانی هاوڕێی دەڵێن. بگرە لە ڕووی تەندروستییەوە لە ئەوروپاییەکان باشترن.

یەکێک لەو تۆمەتانـەی کە هەمـوو کات بێگانـەی پێ تاوانبار دەکرێت زۆریی دزی و تاوانکارییە. کە وای لێ هـاتووە کـەسی بێگانە لە هەموو کات، زیاتر بەچاوێکی خـراپەوە سـەیر بکرێت و هـەر تـاوانێکیش بێت یەکـسـەر پەنجـە بۆ بێگانەکـان ڕادەکێشرێ.

وەک بڵـێی ئەوروپاییـیـەکان تاوانکاری و دزی ناکـەن. دیارە هـەمـوو کـەسـێکی تاوانکاریش ئەگەر بێگانە بێت یان کـەسێکی تر، ناکرێ ئێمـە بەس کەسـەکە خـۆی تاوانبـار بکەین و هۆکارەکانی تاوانکاری لە بیر بکەین، کە پاڵی ناوە بەو کەسـەوە بچێت تاوانکاری بەرامبەر بەخـەڵکی بکا. سـەرمـایەداری هەموو کات هەوڵ دەدات خـۆی لە کـێشـە بنەڕەتیـیـەکـانی خـەڵکی دوور بخـاتـەوە و چاو و گـوێی خـۆیان، بەرامبـەر بەو ژیانە ناخـۆشـەی کە بۆ خـەڵکی کرێکار و زەحمـەتکێشیـان دروست کردووە، دەبەستن.

ئەمڕۆ لە تـەواوی ئەوروپادا، فـاشیـسـتـەکان لە گەشـەسـەندن و پێشکـەوتنێکی بەردەوامدان. جگە لە (یۆنان، ئیسپانیا، پورتوگال، قوبرس). لە هەمـوو پەرلەمان و حکوومەتەکانی ئەوروپادا فاشیستەکان ئەندامیـان هەیە. لە ولایەتەکانی رۆهەڵاتی

7. Jonas Lanig, Wilfried Staschei . Ausländer nehmen uns die Arbeitsplätze weg. Mühlheim an der Ruhr ,Verlag 2004

ئەڵمـانیـا، ڕێژەیەکی زۆریـان هێنا و چوونە ناو پـەرلەمـانی ولایەتـەکـانـەوە. بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بێنە ناو پەرلەمانی ئەڵمانیاوە لە بەرلین. بەڵام ئەگەر وا بڕوات ئەوا بـەدڵنیـاییـیـەوە، لە مـاوەی چەند سـاڵی داهـاتوودا، دێنە ناو پەرلـەمـان و حکوومـەتی ئەڵمانیـاوە. وڵاتێکی وەکو سوێد، کە هەموو کـاتێک خـۆیان بە وڵاتێکی ئاشـتـی و ئازادی و برایەتـی دادەنا. ئەم سـاڵ پـارتـە فـاشـیـسـتـەکـان توانـیـیـان ڕێژەیەکی باش دەنگی خەڵکی بهێنن و بچنە ناو پەرلەمانەوە.

من لەو باوەڕەدا نیم کە فـاشـیـستـە نوێکان بەرەو دواوە بکشێن، چونکە چەپ و ئازادیخوازەکانی ئەوروپا، زۆر لە حاڵەتێکی خراپ و بێهێزیدا دەژین.

سەرچاوەکانی بەشی سێیەم:

1- Jonas Lanig, Wilfried Staschei. Ausländer nehmen uns die Arbeitsplätze weg. Mühlheim an der Ruhr, Verlag 2004.

2-Thilo Sarrazin. Deutschland schafft sich ab. DVA . Verlag. August. 2010.

3- Asyl in Zahlen 2009. Bundes für Migration und Flüchtlinge.

4- Migrationsbricht. 2007. Bundes für Migration und Flüchtlinge.

٥- صموئيل هنتنغتون. صدام الحضارات واعادة بناء النظام العالمي. نقله الى العربية. د. مالك عبيد ابو شهيوة، د. محمود محمد خلف. دار الجماهيرية. ليبيا. الطبعة الاولى. ١٩٩٩.

٦- محمد حسنين هيكل. المقالات اليابانية. دار الشروق. القاهرة. الطبعة السادسة ٢٠٠٢، ص ١٨٧.

٧- بالميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١ص ١٠١.

بەشی چوارەم

# فاشیزمی رۆهەڵاتی

## فاشیزمی ڕۆهەڵاتی

فاشیزمی ڕۆهەڵاتی دەتوانم بڵێم لە هۆکاری دروستبوون و شێواز و ئایدۆلۆجی، تا ڕادەیەک جیاوازییەکی لەگەڵ فاشیزمی ئەوروپاییدا هەیە. هەر بۆیە پێم باشە بە جیا باس لە فاشیزم لە ڕۆهەڵاتدا بکەم و هۆکار و کاریگەرییەکانی بەجیا دەربخەم.

لە ڕۆهەڵاتدا فاشیزم و ئایدۆلۆجییەکەی دەتوانین بڵێین لە زۆربەی گەلانی ڕۆهەڵاتدا هەبووە و هەیە و لە زۆر وڵاتیشدا هەتا وەکو ئەمڕۆش بەشێوەی جۆرەوجۆر حوکم دەکەن. بۆ نموونە لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران لە شێوەی فاشیزمێکی ئاینی و نەتەوەیی حوکم دەکات، لە تورکیا لە شێوەی فاشیزمێکی نەتەوەیی خۆی دەبینێتەوە. دیسانەوە بابێینەوە سەر پێناسەکەی دیمترۆف بۆ فاشیزم کە دەڵێ "فاشیزم دیکتاتۆریەتێکی تیرۆریستییە کە لەلایەن زۆرترین بەشی سەرمایەی مالیی دواکەوت و شۆڤێنی و ئیمپریالیییەوە بەڕێوە دەچێ"[1]، بەڕای من ناتوانین ئەم پێناسەیە بۆ فاشیزمی ڕۆهەڵاتی بەکار بهێنین. لەبەرئەوەی دەوڵەت و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕۆهەڵات بەشێوەیەکی جیاواز دروست بووە و گۆڕاوە. فاکتەرەکانیشیان لە زۆر ڕووەوە جیاوازن. بە کورتی هەوڵ دەدەم ئەو جیاوازییە روون بکەمەوە و باسی بکەین.

### جیاوازیی نێوان فاشیزمی ڕۆهەڵاتی و ئەوروپایی

سیستەمی ئابووریی ڕۆهەڵات لە سیستەمی ڕۆئاوا جیاوازترە. دیارە ئەم ڕاستییەش مارکس دانی پێدا دەنێت ئەویش ئەو جیاوازییەی دەرخستووە بە ئابووریی ڕۆهەڵاتی ناوی بردووە.

---

١. الميرو تولياتي. محاضرات في الفاشية. تعريب. انطوان صيداوي. دار الفارابي. الطبعة الثانية. بيروت. لبنان. ١٩٨١ص ٣٥.

دەوڵەت لە ڕۆهەڵاتدا خـاوەنی هەمـوو مـوڵک و زەوییـە کشـتـوکاڵییـەکان بووە و باجی وەرگرتووەیان بەشـی لە بەرهەمی کشـتـوکاڵییـەکان وەرگرتووە، دیارە ئەمـە سیستەمی زۆربەی خەلافەتە ئیسلامییەکان بووە تا دەگاتە خەلافەتی عوسمانیش ئەم سـیـسـتـەمـە ئابوورییـەیان بەکـار هـێناوە[٢] ئەمـە ئەوە دەگـەیـەنێ کـە شـێـوە سـەرمـایەدارییـەکی دەوڵەتی هەبووە و تاوەکو ئەمڕۆش ئەم شـێوە سـەرمـایەدارییـە دەوڵەتییـە لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆهەڵاتدا بەرقـەرارە. بۆ خۆی ڕاسـتـە سیسـتـەمی دەرەبەگـایەتیی هەبووە و زۆر لە زەویوزارەکانیش بـەدەست دەرەبەگـەکـانەوە بووە. بەڵام لە هەمـان کـاتیـشـدا ئەوانیش ناچار کـراون کە باج بدەنە خـەلیفـە و لە زۆر کـاتیـشـدا ئەو مـەسـەلەیە بووەتە هـۆی سـەرهەڵدانی شـەڕ لە نێوان دەرەبەگەکان و خـەلیـفـەدا[٣] وە هـەرچەندە لـە زۆر کـاتدا دەرەبەگـەکان کـراون بەپاڵەوانی مـێژوو و لەژێر باڵی هـەسـتی نەتەوەییدا خـۆیان شـاردووەتەوە. بـەڵام کـە دوایی بە وردی لەو ڕووداوانە بکۆڵینەوە، دەبیـنین کـە هـۆی شـەڕەکـە ڕازینەبوون بووە، بە بـاجـدان بە خـەلیفـە یان دەوڵەت. ئەم ڕاسـتـیـیـە لـە زۆربەی وڵاتەکـانی ڕۆهەڵاتدا هـەسـتـی پێ دەکەیت.

## بۆرجوازییەتی ڕۆهەڵاتی

بۆرجوازییـەت لە ڕۆهەڵاتدا هەمان قۆناخی بۆرجـوازییەتی ڕۆئاواییی نەدیوە و لە شـێـوەیەکی جیـاوازتر دروست بووە. لە ڕۆئاوا چینی بـۆرجـوازییـەت وەک چینێکی جـیـاواز و دژ بەچینـی دەرەبەگـەکـان دروست بوو. پـاشـان گـەشـەی کـرد و توانی حوکمی دەرەبەگایەتـی نەهێڵێ و سیستـەمێکی نـوێ دروست بکا کە بەسـیـستـەمی سـەرمـایەداری دەنـاسـرێ. سـەرەتای چینی بۆرجـوازی دەگـەڕێتـەوە بۆ خـەڵکە پـیـشـەییـیـەکـانی نـاو شـارەکـان. کـە ئـەم چینە یان ئەم تـوێژە هـەر زوو بەرژەوەندییـەکانی لەگەڵ چینی دەرەبەگایەتی دژ بـەیەک بوون. توانییـان لە چەند ڕێکخـراوێکی جیـاوازدا خـۆیان ڕێک بخـەن و چینە زەحمـەتکێش و چەوسـاوەکانی تریش بۆ لای خـۆیان ڕاکێشن. شـۆڕش لـە دژی دەرەبەگایەتی بەرپا بکەن و کۆتا

---

٢. ساطع الحصري. البلاد العربية والدولة العثمانية. الطبعة الاولى. بيروت. ١٩٦٠ ص /١٦ .١٧،

٣. هەمان سەرچاوە.

بەسیستەمی دەرەبەگایەتی بهێنن و سیستەمێکی نوێ دروست بکەن. ئەم ڕاستییانەش لە شۆڕشی فرەنساییدا دەردەکەوێ، کە بەگەورەترین شۆڕشی جیهان دەژمێردرێت و کۆتایی بەسیستەمی دەرەبەگایەتی هێنا و سیستەمێکی دیموکراتی بۆرجوازی دروست بوو. ئەم سیستەمە نوێیە زۆر جیاوازتر بوو لە سیستەمە کۆنەکە و ژێرخانێکی نوێی هەبوو. بەشێوازێکی جیاوازتر لە دەرەبەگایەتی کاری دەکرد و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکرد و کۆمەڵگەی بەشێوەیەکی تر داڕشت. هەر لەو ڕۆژەشەوە چینێکی نوێ دروست بوو کە دژ بەچینی بۆرجوازییەت، ئەویش چینی کرێکارانە. کە ئەم چینەش بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ چینەکەی تردا دژ بەیەکن و ناگونجێن. دیارە بۆرجوازییەتی ئەوروپایی لە سەرەتادا چەند هەنگاوێکی رادیکاڵانەی نا، کە دەتوانین بەهەنگاوێکی باشی لە قەڵەم بدەین. لەوانە نەهێشتنی حوکمی ئاین و جیاکردنەوە و تێکەڵنەکردنی ئاین لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. ئەم کارە هەنگاوێکی باش بوو بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپایی. هەرچەندە بۆرجوازی پاشان لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، جارێکی تر دەستی لەگەڵیان تێکەڵ کردەوە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەکاری هێنا. لەلایەکی تر، شۆڕشێکی زانستی و هونەریی ئەدەبیی گەورە دەستی پێ کرد و گەشەی سەند. پێشتر سیستەمی دەرەبەگایەتی گەورەترین ڕێگر بوو لە بەردەم ئەم گەشەسەندنە. دیارە ئەم گەشەسەندنەش هەمووی لە خزمەتی سیستەمە نوێکەدا بوو، ئەگینا ئەویش بەهەمان شێوە دژایەتیی دەکرد.

بەڵام بۆرجوازییەت لە ڕۆژهەڵاتدا بەم شێوەیە دروست نەبوو. بگرە بەشێوەیەکی تر لەدایک بوو. لە ڕۆژهەڵاتدا نە شۆڕشی بۆرجوازییەت بەرپا بوو، نە چینی دەرەبەگایەتیش لەناو چوو. نە توێژە پیشەییەکانی ناو شارەکانیش توانییان بەشێوەی ئەوروپا چینێکی نوێ دروست بکەن. بگرە زۆربەی شتەکان وەک خۆیان مانەوە و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهات. لە ڕۆژهەڵاتدا دەرەبەگەکان توانییان لەناو شارەکاندا سامانیان زیاد بکەن و دەوڵەمەند بن و ببنە چینی بۆرجوازیی ناو شارەکان. واتە بۆرجوازییەت تێکەڵاوێکی چینە کۆنەکەیە و بەرگێکی نوێی لەبەر کردووە. بەکەڵک وەرگرتن لە مۆدێرنیزم، حوکمی خۆی بەردەوام دەکات. لەلای خۆمان دەرەبەگەکان هاتنە ناو شار و بەحوکمی ئەوەی

خاوەنی سامانێکی زۆر بوون توانییان دەست بکەن بە بازرگانی و دروستکردنی کارگە و چەند شتێکی تر. لە بەغدا بازاڕی شۆرجە و بازاڕەکانی تر بەدەستی دوو خێڵەوە بوو کە ئەوانیش (کوبەیسی و دلێمی) بوون. زۆربەی بازرگانە گەورەکانی بەغدا و عێراق لەم دوو خێڵە دروست بوون و زۆربەی بەشەکانی ئابوورییان داگیر کردبوو. یان زۆر لە دەوڵەمەندەکانی رۆهەلاَت شێخەکانی کەنداون. کە ئێستا گەورەترین سەرمایەداری رۆهەلاَت ئەوانن. بۆ نموونە دەوڵەمەندترین پیاوی عەرەب میر (وەلید کوڕی تەلاڵە) کە سامانی دەگاتە نێزیکەی ٢٠ ملیاردێک دۆلار[٤] دیارە ئەوانەی کەنداو جگە لەوەی کە دەوڵەمەند و سەرۆک خێڵن، دەوڵەتیشیان داگیر کردووە. چونکە زۆر لە سەرۆک خێڵەکانی کەنداو دوایی بوونە سەرۆک دەوڵەت و فەرمانڕەوایی دەکەن و خێڵەکەشیان کرا بەدەوڵەت. بۆ خۆی کابرا پێ دەچێ لە زۆر ڕووەوە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، بەتایبەت ڕووکارە دەرەکییەکان بۆ نموونە ئەسپەکەی گۆڕیوە بە ئۆتۆمۆبێلێکی مۆدێل نوێ و لە خانوویەکی مۆدێرنی رۆئاوایی ژیان بەسەر دەبات و زۆربەی وەسائیلە نوێکانی هەبێت. هەر لە تەلەڤزیۆن تا دەگاتە کۆمپیوتەریش هەیەتی و بەکاری دەهێنێت. لە ڕووی جلوبەرگیشەوە دشداشە و عەگالەکەی گۆڕیوە بەپانتۆل و چاکەتی ئەوروپایی. یان پێ دەچێ نەیگۆڕێت ئەوەندە کێشە نییە بۆی. بەلاَم ڕووکارە ناوەخۆییەکان هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە و رەوشتی خێلاَیەتی هەر لە مێشکی ماوەتەوە و هەر بەو مێشکەش کار دەکات و ژیان بەسەر دەبات. بۆ نموونە زۆر کەس حەزی دەکرد دەوڵەمەند بێت، تا بتوانێت مزگەوتێک یان تەکیەیەک دروست بکا، تا خەڵکی پێی بڵێن کابرا پیاوی چاکە و شوێنە کۆمەلاَیەتییەکەی خۆی لەناو خێڵ و دەوروبەردا بەهێزتر بکا. یان حەز دەکات میوانی زۆر بێت و نان بدات بەخەڵکی تا پێی بڵێن میواندۆستە. دوکتۆر عەلی وەردی کە بەگەورەترین سۆسیۆلۆجی عێراقی دێتە ژماردن و خاوەنی بیردۆزەی کەسایەتیی دووانەیی عێراقییە، زۆر بەوردی باس لەو کێشەیە دەکات و ئەو تێکەلاَوییە کەسایەتییەی دەرخستووە[٥] لەبەر ئەوە

٤. ملياردیرات فوربس: ثلاثة سعوديين وكويتي بين أغنى مئة في العالم.

www. BBC/ Arabic. 2007 / 3 /11

٥. الدكتور علي الوردي. دراسة في طبيعة المجتمع العراقي. الطبعة الاولى. بغداد، ١٩٧٦، انتشارات المكتبة الحيدرية. ص١١.

دەبینین کە بۆرجوازییەتی رۆهەڵاتی وەکو بۆرجوازییەتی ئەوروپایی بیر ناکاتەوە. تەنیا لە یەک شتدا یەک دەگرن، ئەویش ئەوەیە هەردووکیان ئامادەن بۆ چەوسانەوەی چینەکانی تر و خۆشیی خۆیان لەسەر ناخۆشیی چینەکانی تر دەست دەکەوێ. واتە هەردووکیان لەسەر بنەوای چەوسانەوە ژیان بەسەر دەبەن و کار دەکەن. تەنیا لەو خاڵەدا هاوبەشن. هەر بۆیە دەبینین کە بۆرجوازییەتی رۆهەڵاتی زۆر پشتگیریی زانست و هونەر و بەشەکانی تری شارستانی ناکات. بگرە زۆرجار دژی ئەو چالاکییانە دەوەستێتەوە. بۆرجوازییەتی رۆهەڵاتی بەهیچ شێوەیەک پشتگیریی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ناکات، چونکە ئەو گۆڕانانەش لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەودایە. هەر بۆیە زۆر ستەمەکە داوای شۆڕشێکی وەکو شۆڕشی فەرەنسایی لە بۆرجوازییەتی رۆهەڵاتی بکەیت، چونکە بۆ خۆی کۆنە دەرەبەگ یان سەرۆک خێڵە، چۆن داوای ڕووخانی دەرەبەگایەتی دەکات. لەلایەکی ترەوە چینی بۆرجوازییەت لە رۆهەڵات خۆیان بەشێکن لەو دەوڵەت و ڕێژیمانە، بۆ نموونە لە عێراق بەعسییەکان یان بنەماڵەی سەدام زۆربەی بەشەکانی بازرگانی عێراقیان داگیر کردبوو. هەر چالاکییەکی بازرگانی دەکرا، دەبوایە بەعسییەک یان بنەماڵەی سەدام تێیدا بەشدار بێت، چونکە ئەوان هەموو عێراقیان داگیر کردبوو و بەموڵکی خۆیانیانی دەزانی. کەسیش نەیدەتوانی بەبێ رەزامەندیی ئەوان کار بکا. لەلایەکی ترەوە بۆرجوازییەتی رۆهەڵاتی زۆر پابەندە بە بۆرجوازییەتی ئەوروپایی. ئەو تەنیا کاری ئەوەیە بەرهەمەکانی ئەوروپا لە رۆهەڵاتدا ساغ بکاتەوە و بیانفرۆشێت. لەبەر ئەوە کارەکەی هێندە قورس نییە تا بێت و پشت بەخۆی ببەستێ، هەوڵ بدات ئەویش دەست بکا بە پشتگیریکردنی زانست و تەکنەلۆجیا لە وڵاتەکەی خۆیدا. بگرە هەموو شتەکان ئامادە کراون بۆی.

ئەو قازانجی خۆی بەهەر شێوەیەک بێت دەیکات. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە بۆرجوازییەتی رۆهەڵاتی زیاتر بۆرجوازییەتێکی مشەخۆرە نەک بەرهەمهێنەر. بە پێچەوانەی بۆرجوازییەتی رۆئاوایەوە کە بۆرجوازییەتێکی بەرهەمهێنەرە و لە رێگەی زۆرترین بەرهەم و کەمترین بەکارهێنانەوە قازانجی دەست دەکەوێ. لەبەر ئەوە، دەبینین زۆربەی دەوڵەمەندەکان ئەوانەن کە خاوەنی کۆمپانیایەکی هێنان و بردنی کاڵاکانن (الاستراد والتصدیر). یان کابرایەکی قاچاخچییە و مافیایە. ئەم جۆرە دەوڵەمەندانەش زۆر ستەمە، تۆ داوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و زانستی و

تەکنیکیی لێ بکەیت. ئەو ئەوەندە دەزانێت کارەکانی بەو شێوەیە کە هەیە، بەڕێوە دەبات و هەوڵ دەدات لەگەڵ سیستەمە جیهانییەکەی سەرمایەداری خۆی رێک بخات. تا بتوانێت ئەویش بەشی خۆی دزی بکا و بەشداریی پرۆسەی چەوسانەوە جیهانییەکە بکا.

لە کۆتاییی ئەم باسەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پێویستە ئێمە ئەو جیاوازییانە دەربخەین و بزانین ئەو چینە چۆن دروست بووە و چۆن کار دەکات. بەرژەوەندییەکانی تا چ رادەیەک پشتگیریی فاشیزم و ئایدۆلۆجییەکەی دەکات. جێی داخە لای خۆمان یەکسەر فۆتۆکۆپیی ئەوروپای، لە دیدی ئەوروپاییەوە بۆ کێشە و مەسەلەکان دەڕوانین. بەداخەوە زۆر لە چەپەکانی لای خۆمان بەهەمان بیر بۆ بۆرجوازییەتی لای خۆمان دەڕوانن. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە دەبێت ئێمە ئەو جیاوازییانە بزانین چییە، ئەو کات دەتوانین هەڵوێستی ڕاست و دروست وەربگرین.

## دەوڵەت

ئەگەر سەیری دروستبوونی دەوڵەت بکەین، دەبینین بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ئەوروپا، لە رۆهەڵاتدا دروست بووە. لە رۆهەڵات پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی تورکی عوسمانی زۆربەی بەشەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتە کەوتە ژێر دەستی فرەنسا و بەریتانیاوە. ئەوانیش ئەو ناوچانەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. پاش چەند شۆڕشێکی گەورەی گەلانی ئەو ناوچەیە کە دژی داگیرکەرە نوێکانی فرەنسا و بەریتانیا کردیان. ناچار بوون نیمچە سەربەخۆیییەک بدەنە ئەو گەلانە. ئەو کۆڵۆنیایەش بەپێی بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیجییەکانی خۆیان چەند دەوڵەتێکی کاتی و نیمچە سەربەخۆیان دامەزراند. دیارە ئەو دەوڵەتانە کە لەلایەن ئەم دووانەوە دامەزرێنران، هیچ جۆرە ڕاپرسییەک بەو گەلانە نەکرا و گوێ بۆ داواکاری و جیاوازیی نەتەوەیی و دینی نەگیرا. بگرە زۆر لەو دەوڵەتانە کە دروست کران پێش ئەوە دەوڵەتێک نەبوون، کە لەسەر بنەوایەکی نەتەوەیی دروست کرابێتن. بگرە هەموویان بەپێی بەرژەوەندییەکانی هێزە داگیرکەرەکە دروست کران. بۆ نموونە عێراق و سووریا کە پێشتر ئەمانە لە شێوەی ئەمڕۆدا دەوڵەت نەبوون. بگرە ئەمانە هەردووکیان بەدەستی فرەنسا و

بەریتـانیـا دروسـت کـران. لەبەرئـەوەی هیـچ راپـرسـیـیـەک یان هـیچ گـوێدانـێک بەجـیـاوازیی نەتـەوەیی و ئاینیی ئەم گـەلانە نەکـراوە، هـەتاوەکـو ئـەمـڕۆش ئەو دەوڵەتانە بەدەست ئەو کێشانەوە دەناڵێنن. بۆ نموونە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سـووریا هەتاوەکو ئەمڕۆش کێشـەی کورد بەیەکێک لە کێشـەکانی ئەم دەوڵەتانە دەژمـێـردرێت و هیچ چـارەسـەرێکیـشی بۆ ناکـەن. دیارە گـەلی کـورد گـەورەترین قوربانی بوو لە سیـاسـەتی ئەو دوو کۆڵۆنیـالیزمـەوە. هەتاوەکو ئەمڕۆش دەناڵێنێ بەدەست ئەو دەوڵەتە فـاشیـستـانەی کە بەزۆر خرایە ژێر دەسـەڵاتیـانەوە. بەچەندین شـێـوازی دڕندانـە پـەلامـاری گـەلی کـوردیان دا، بۆ پـارێزگـاریکردن لـە بەرژەوەندییەکانی فاشیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئیمپریالیستی جیهانی. سـەیر لەوەیە هەندێک لەو دەوڵەتانە خـۆیان بە دژە ئیـمـپریالیـست لە قـەڵەم دەدەن و لافی ئازادی و سـەربەخـۆیی لـێ دەدەن. کـەچـی ئەوان بـەرگـری لـەو سـنـوورە دروسـتکراوەی دەسـتی ئیـمـپریالیـست دەکەن. لە هەمـان کـاتیـشـدا گەلی کـورد بەنۆکەری بێگانە و ئیمپریالیزم تاوانبار دەکەن. جا ئەمەیە بانێکە و دوو هەوا.

لە عێراق کاتێک بەریتانیا عێـراقی دروست کرد کەسی دەست نەکەوت لە عێراق بیکاتە پاشا چوو بـۆ سـووریا مـیر فـەیسـەڵی کوری حـوسـێنیـان هێنا و کـردیان بەپاشای عێراق[٦] بەبێ ئەوەی گەلی عێراق ئەم پیاوە بناسێ و هیچ مێژوویەکیشی لە عێراق نەبووە و خەڵکی ئەو وڵاتەش نەبوو. بەڵام ئەو کات بەریتانیا پێویستی بە یەکێک بوو کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییـەکانی لە عێـراقدا بکا. ئەوانیش بەدوای پیاوی خۆیان دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئەم کارەی پێ بسپێرن.

ئەگـەر سـەیری دەوڵەتەکـانی کـەنداو بکەین، دەبیـنین کـە هەمـوویان دەوڵەتی بچکۆلانە و دەوڵەمـەندن. پێشـتریش ئەمـانە دەوڵەت نەبوون. بگـرە کۆمـەڵە خـێـڵـێک بوون کە بەشێکیان بەماسی گرتن و بەخێوکردنی حوشترەوە خەریک بوون. ئەوانی تریان لە شـێوەی کـۆمـەڵە خـێـڵـێکی گـەڕۆک ژیاون بۆ نموونە کـوێت کە لە سـاڵی ١٩٦١ لەلایەن بەریتـانیـاوە دروست کراوە. پێشـتـر بەشـێک بوو لە ولایەتی بەسـرە. بەڵام پاش دۆزینـەوەی نـەوت تێـیدا، بـەریتـانیـا لـە عێـراق جـیـای کـردەوە و کـردی

---

٦. عبدالرزاق الصافي. النظام الملكي في العراق، كيف اقيم وكيف انهار؟. الثقافة الجديدة. العدد. ٣٠٣ تشرين الثاني. ٢٠٠١.

بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەمەش بووە هۆی نارەزاییی عێراق[٧] پاشتریش شەڕێکی گەورە و ماڵوێرانی بۆ هەردوو دەوڵەتی هێنایە کایەوە. بەریتانیا لەگەڵ خێڵی (الصباح) رێک کەوت، کە پێشتر ئەم خێڵە لەو ناوچانەدا دەژیان و خەریکی بەخێوکردنی حوشتر و ڕاوەماسی بوون. کەچی پاش دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچانەدا، بەریتانیا لەگەڵ ئەم سەرۆک خێڵەدا رێک کەوت و دەوڵەتێکیان بەناوی کوێتەوە بۆ دروست کرد. پێشتر دەوڵەتێک نەبوو ناوی کوێت بێت، یان نەتەوەیەک ناوی کوێتی بێت.

نموونەیەکی تر عەرەبستانی سعوودیە. پێشتر ئەم وڵاتە بەو ناوەوە نەبوو. بگرە سعوودیە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند میرنشینێکی خێڵەکی پێک هاتبوو. کە لەلایەن سەرۆک خێڵەکانەوە بەڕێوە دەبرا. پێشتر دەیانوت وڵاتی نەجد و حیجاز. نەجد ناوەڕاست و رۆژئاوای سعوودیەی ئێستا دەکات. وڵاتی حیجازیش بەشەکانی رۆژهەڵاتی دەکات کە شوێنی حەجی ملیۆنان موسڵمانی جیهان دەکات. بەریتانیا یەکەم جار لەگەڵ شەریفی کوڕی حوسێن رێک کەوت، کە بەڕابەری شۆڕ عەرەبی دەژمێردرێت[٨] بەیارمەتیی بەریتانی توانی شۆڕشێکی گەورە لە دژی داگیرکەری تورکی بکا. توانی زۆر لە ناوچە عەرەبییەکانی دوورگەی عەرەبی رزگار بکا و زۆر لە کوڕەکانی ببن بە پاشا و فەرمانڕەوای ئەم ناوچانە یان ئەو دەوڵەتانەی کە بەریتانیا دروستی کردن. لەوانە فەیسەڵ بووە پاشای عێراق و تەلاڵ ئوردن و حەسەنیش بۆ حیجاز و خۆیشی ماوەیەکی زۆر لە فەلەستین مایەوە. دوایی ئەم هاوپەیمانییە تێکچوو، لەبەرئەوەی بەریتانیاییەکان بەڵێنی ئەوەیان بە شەریف حوسێن دابوو، کە دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبیی بۆ دامەزرێنن. بەڵام دوایی بەریتانیاییەکان لەم بەڵێنانە پاشگەز بوونەوە و وڵاتە عەرەبییەکانیان بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا دابەش کرد.[٩] لە ناوچەکانی نەجد خێڵێک بەناوی خێڵی ئەلسعوود دەژیان. ئەم خێڵە دوژمنی شەریفی کوڕی حوسێن بوون و شەڕیان لە نێواندا بوو.

---

٧. هەمان سەرچاوە.

٨. الدكتور علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. الجزء السادس. الطبعة الاولى. مطبعة المعارف. بغداد, ١٩٧٩ ص ٢٩٨.

٩. هەمان سەرچاوە.

ماوەیەک بەریتانیاییەکان پشتگیریی شەریفیان کرد و دژی ئەم خێڵە بوون. بەڵام پاشان خۆیان لەم شەڕە کشانەوە و کەوتنە یارمەتیدانی خێڵی ئەلسعوود. ئەوانیش توانییان ناوچەکانی حیجاز داگیر بکەن و خێڵی شەریفی کوڕی حوسێن لەو ناوچانە دەربکەن. زۆربەی ناوچەکانی تریان داگیر کرد و توانییان دەوڵەتێک دروست بکەن و ببنە فەرمانڕەوای ئەو ناوچانە و دەوڵەتەکەشیان هەر بەناوی خێڵەکەیانەوە ناو نا، واتە سعوودیە لە خێڵی ئەلسعوودییەوە هاتووە. نەک لە نەتەوەیەکەوە بەناوی سعوودەوە. سعوودییەکان زۆربەیان عەرەبی موسڵمانن و لە ڕووی داوونەریتیشەوە لە عەرەبەکانی ناوچەکانی تری نیمچەدوورگەی عەرەبی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری دەوڵەتێکی وەکو عێراق بکەین، دەبینین بەهیچ شێوەیەک خەڵکی عێراق لە ڕووی کولتووری و ئێتنی و داوونەریتەوە ناگونجێن و جیاوازن لە یەکتری.

باشوور و ناوەڕاستی عێراق زۆربەیان عەرەبی شیعە و کەمایەتییەکی کورد و کلدانی و ئاشوورین. لە ڕۆژئاوا عەرەبێکی سوننی و لە باکوور کورد و کەمەنەتەوەییەکانی تر. هەرسێ بەشەکە لە یەکتری جیاوازن. کاتێک کە عێراق دروست کرا گوێ نەدرا بەم جیاوازییانە. بگرە کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیایی عێراقی بۆ بەرژەوەندیی خۆی دروست کرد و خستییە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەلایەکی ترەوە عێراق بەهۆی ئەوەی کە کورد و شیعە ئامادەیی خۆیان بەرامبەر بەریتانیاییەکان پێشان نەدا، فەرمانڕەوایی کەوتە ژێر دەستی عەرەبە سوننەکانەوە. تا ماوەیەکی زۆر عێراق لەلایەن کەمایەتییەکی سوننییەوە بەڕێوە دەچوو و کورد و شیعەش خرابوونە پەراوێزەوە. ئەمە گەورەترین کێشەی دروست کردبوو. کورد و شیعەش بوونە قوربانیی سیاسەتی شۆڤێنییانەی حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق.

ئەگەرچی تورکیایە کە پێشتر دەوڵەتێک نەبوو بەناوی تورکیاوە بگرە ئەویش پاش پەیماننامەی لۆزان زۆربەی بەشەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەستی تورکەکانەوە و ئەوانیش بە دڕندەترین شێوەی فاشیزم کەوتنە گیانی گەلی کوردەوە. جارێکی تریش کورد بووە قوربانیی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆڵۆنیالیزمی نێودەوڵەتی.

هەر بۆیە ناتوانین بەهەمان شێوە سەیری دەوڵەت بکەین کە لە ئەوروپادا هەیە. لەبەرئەوەی ئەم دەوڵەتانە وەکو باسمان کرد بەهیچ شێوەیەک لەسەر بنەوایەکی نەتەوەیی دروست نەبوون. بگرە لەبەر بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیجییەکانی کۆلۆنیالیزم دروست کراون. زۆربەیان ناتوانین پێیان بڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی، چونکە چەند نەتەوەیەکی جیاواز تێیاندا دەژی، وەکو عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا. بەشێکی تریشیان پێشتر خێڵ بوون کراون بەدەوڵەت وەکو دەوڵەتەکانی کەنداوی فارسی. ئەمانە زۆربەیان دەڵێی هۆتێلی پێنج ئەستێرەن نەک دەوڵەت، چونکە هیچ بنەوایەکی ئەوتۆی دەوڵەتیان نییە و ناشتوانین بەوانە بڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی. بگرە دەتوانین بەدەوڵەتی خێڵەکی ناویان ببەین، لەبەرئەوەی زۆر لەو دەوڵەتانە وەکو گوتمان خێڵ بوون.

هەتاوەکو ئەمڕۆش بەداوونەریتی خێڵەکی دەوڵەت بەڕێوە دەبەن و فەرمانڕەوایی دەکەن. ئەوەی پێی بڵێیت سیستەمی دەوڵەتی لە زۆربەیان بوونی نییە، لە زۆربەی وڵاتەکانی کەنداوی فارسیدا، بیری خێڵەکی دەوڵەت دەبات بەڕێوە و یاسا و دەستووریشیان لەسەر بنەوا خێڵایەتییەکە داڕێژراوە. لەبەر ئەوە زۆر گرینگە بزانین کە دەوڵەت لە رۆژهەڵات ئەو دەوڵەتە نییە کە لە رۆژئاوادا هەیە.

دەوڵەتە ئەوروپاییەکان هەموویان لەسەر بنەوایەکی نەتەوەیی دروست بوون. بەڵام لە رۆژهەڵات هەروەک باسمان کرد لەسەر ئەو بنەوایە دانەمەزراوە، هەر بۆیە زۆر جیاوازن لە یەکتری و پێویستە لەم جیاوازییەش ئاگەداری بین.

## سەرەتاکانی بیری فاشیزم و ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵات

پاش روونکردنەوەی جیاوازییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین ئەو پێناسە و هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەردوو بیرەکە، بەسەر رۆژهەڵاتدا بیسەپێنین. هەر لەبەر ئەوە فاشیزم لە رۆژهەڵاتدا دەبێ پێناسە و هۆکارەکانی دروستبوونی بەشێوەیەکی تر بێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی تۆلیاتی کە دەڵێ "فاشیزم لە دواکەوتووترین بەشی سەرمایەداری دروست دەبێت و گەشە دەکات و چینی وردە بۆرجوایش زیاتر بەڕێوەی دەبات" ئەوا ئەو پێناسەیە بۆ فاشیزمی رۆژهەڵاتی ناگونجێت، لەبەرئەوەی لە رۆژهەڵات سیستەمی سەرمایەداری لە شێوەی سەرمایەداریی

ئەوروپایی ناچێت و جیاوازە.

لە ڕۆهەڵات، سەرمایەداری تێکەڵاوێکی سیستەمی دەرەبەگایەتی و سەرمایەدارییە. وەکو گوتمان زۆر لە سەرمایەدارەکان، کۆنە دەرەبەگەکان بوون و هەتاوەکو ئەمڕۆش خۆیان لە هەردوو سیستەمەکەدا دەبیننەوە و قازانجیان لە مانەوەی هەردوو سیستەمەکەیە.

ئەی کەواتە فاشیزم چۆن لە ڕۆهەڵات دروست بوون یان کامەیە فاشیزم؟ ئەو هۆکارانە کامانەن کە دەبنە هۆی دروستبوونی بیری فاشیزم؟

بە بۆچوونی من فاشیزم لە ڕۆهەڵات لە شێوەیەکی تردا خۆی دەبینێتەوە و تەشەنەی کردووە. من پێم وایە فاشیزم لە ڕۆهەڵات ناگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشە دواکەوتووەی سەرمایەداری، بگرە فاشیزم زیاتر لەناو ئەو خێڵە بەربەرییە ڕۆهەڵاتانەی دروست دەبێ، کە بەپێی مێژوو خەریکی پەلاماردان و خوێنڕشتن بوون. بەردەوام تاڵانی و کوشتن و داگیرکردن بەشێکی گەورە بووە لە ژیانیان و مانەوەیان بە پەلاماردان و شەڕکردن وەستاوە. ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینی ئەو خێڵانەی کە هەردەم بەدوای ئاو و ناندا گەڕاون، شوێنەکەی خۆیان بەهۆی باری جوگرافیایی و سیاسی و ئابووری بە کەڵکی ژیانی ئاسایی نەهاتووە. هەموو کات لە پەلاماردان و چەتەگەری و خوێنڕشتن و تاڵانی پیشەیان بووە و ژیانیان لەسەر ئەوە دابین کردووە. دیارە ئەو خێڵانە زیاتر دەتوانین ناویان بەخێڵە بەربەرییەکانی ڕۆهەڵاتیان ناو بنێین. ئەو خێڵانەی کە لەبەر باری جوگرافیایی و ئابووری و سیاسی، ناوچەکانیان لە هەموو ژیانێکی شارستانی یان ئاسایی دوور بوون. وەکو خەڵکانی تر نەژیاون و هەموو کات ترسێکی گەورە بوون بۆ شارستانیی ڕۆهەڵات و پەلاماری ئەو گەل و ناوچانەیان داوە کە شوێنی شارستانی بوون. وەک (تورک و عەرەب) دیارە ئەو خێڵە بەربەرییانە توانیویانە ناوچە شارستانییەکان بگرن و تا ماوەیەکی زۆریش حوکمیان بکەن و شارستانییەکەیان و وڵاتە کۆنەکانی ڕۆهەڵات لەناو بەرن و بیکەن بەوڵاتی خۆیان. بۆ نموونە خێڵە بەربەرییە عەرەبییەکان توانییان شارستانییە کۆنەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا و ئێران و ڕۆم و میسری کۆن و بەشێکی زۆری ئەفریقیا و ئاسیا داگیر بکەن و لەناویان بەرن. هەروەها لە سەدەی پازدەی ڕابردووشدا خێڵە بەربەرییە تۆرانییەکان توانییان بەحوکمی بەربەرییەتی خۆیان، شارستانییە

کۆنەکانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفەریقیا داگیر بکەن و حوکمی پیس و دڕندەی خۆیان تا ماوەیەکی زۆر بەرجەستە بکەن.

هەر لەبەر ئەوە فاشیزم لە رۆهەلات بەشێوەیەکی تر دروست بووە و تەشەنەی کردووە و دەتوانین بلێین میتۆدی فاشیزم بۆ یەکەم جار لە رۆهەلات لەلایەن ئەو خێلانەوە بەکار هێنرا. عەلی وەردی دەلێ "مرۆڤی عەرەبی نانی لە کوشتن و پەلاماردان‌دا دەست دەکەوێ. کشتوکاڵ و بازرگانی لای خێلە عەرەبییەکان شەرم بوو"[١٠].

## فاشیزمی عەرەبی

عەرەبەکان ئەو کۆمەڵە خێلە بەربەرییانە بوون کە لە بیاوانە وشک و بێ ئاوەکانی رۆهەلاتی ناوەڕاستدا ژیانیان بەسەر دەبرد. کە ئەمانە لە نێزیک چوار شارستانیی گەورە دەژیان کە بریتی بوون لە (شارستانیی میزۆپۆتامیا و ئێران و میسر و بیزەنتە).

ئەمان و شارستانیی چین و هیندی بەکۆنترین شارستانیی ئاسیاوی دەژمێردرێن. ئەو خێلە عەرەبییانە هەموو کات لە گەڕان بەدوای ئاو و ناندا بوون. دیارە ئەوان بەحوکمی سەختیی ژیانیان کە لە بیاوانەکاندا هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی ژیانی ئاسایی تێدا نەبووە و برسێتی و بێ ئاوی وای لەو خێلانە کردووە کە تا ڕادەیەکی زۆر دڕندانە بیر کەنەوە و هەڵسوکەوتی بەربەرییانە بکەن.

هەروەکو دەڵێن (برسێتی ڕەگی شێتیی بەدەمەوەیە). ئەو خێلە عەرەبییانەش بە حوکمی ئەو ژیانە سەختەی کە تێیدا دەژیان وای لێ کردبوون هەموو کات لە پەلاماردان و چەتەگەری نەوەستن و هەموو کات پەلاماری ناوچە سەوز و ئاوەدانەکانیان داوە. بووبوونە مایەی سەرئێشەیەکی زۆر بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی کە دراوسێیان بوون و هەموو کات هەوڵی تالانی و دزێتییان دەدا و لە پەلاماردان نەوەستاون. عەرەبەکان بەحوکمی سەختیی ژیانیان سوارچاک و دڕندە بوون. ئەم دوو سیفەتە بووە هۆی رزگارکردنیان لەژێر ئەو بارە سەختەی کە لە بیاوانەکاندا تێیدا دەژیان. لە هەمان کاتیشدا بە حوکمی شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران

١٠. الدكتور علي الوردي. دراسة في طبيعة المجتمع العراقي. الطبعة الاولى. بغداد، ١٩٧٦، انتشارات المكتبة الحيدرية. ص، ١٩٢.

و بیزەنتە، کە بووە هۆی لاوازکردنی هەردوولا و ڕێگەی بۆ خێڵە بەربەرییەکانی عەرەبی خۆش کرد، ناوچەکانیان داگیر بکەن و بە یەکجاری کۆتا بە شارستانییە کۆنەکان بهێنرێ.

ئەم مێژووە خوێناوییەی عەرەب، هەموو کاتێک ڕێگە خۆشکەر بووە، بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی پارت و گرووپی فاشیستی. هەتاوەکو ئەمڕۆش، بچووکترین ڕەخنە لە مێژووی عەرەبی، بڤەیەکی گەورەیە و سزای توندی لەسەرە.

## جۆرەکانی فاشیزمی عەرەبی

بە بۆچوونی من فاشیزمی عەرەبی دوو جۆرە:

یەکەمیان: ئاینی (وەهابی، ئیخوان موسلمین).

دووەمیان : نەتەوەیی (ناسری، بەعسی).

## سعوودیە دایکی فاشیزمی ئاینی

هەروەک پێشتریش کەمێک باسی مێژووی سعوودیەم کرد. ئەم دەوڵەتە لەسەر دوو پایەی سەرەکی دارێژراوە. (یەکەمیان: ئیسلام، دووەمیان: خێڵی سعوود). عەبدول عەزیز بن عەبدورەحمان ئال سعوود. لە ٢٤ نۆڤێمبەری ١٨٨٠ لە ریاز لەدایک بووە. لە ٩ نۆڤێمبەری ١٩٥٣ لە تایف مردووە[11] سەرەتا وەکو یەکێک لە خێڵە کۆچەرەکانی دوورگەی عەرەبی ژیانیان بەسەر دەبرد. پاشان حەزی دەسەڵات و تالانی، هانی ئەم پیاوەی دا هەنگاوێکی گەورە بنێت. سەرەتا پشتی بەخێڵەکەی دەبەست. بەڵام دوایی تووشی کێشەیەک بوو، ئەویش ئەوە بوو بەشێکی زۆری چەکدارانی خێڵەکەی تەنیا بۆ تالانی و دزی پەلاماری ناوچەکانیان دەدا. لە زۆر کاتیشدا بەجێیان دەهێشت. هەر بۆیە بیری لە دروستکردنی سوپایەکی بەهێزی ئاینی کردەوە.

11. Saud. www. Wikipedia. de.

## یەکەمین ڕێککەوتنی لەگەڵ وەهابییەکان

لە ساڵی ١٩١١ بۆ یەکەم جار ئیبن سعوود لەگەڵ وەهابییەکان ڕێک کەوت، کە ئەوسا بە (ئیخوان) دەناسران. ئەم ڕێککەوتنەش بوو بەهۆی بەهێزی بۆ لەشکرەکەی سعوود و توانی لە ماوەیەکی کەمدا، بەشێکی زۆری دوورگەی عەرەبی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.[١٢]، هەر لە سەرەتاوە بنەماڵەی سعوود، ئاینیان کردە بناخەی دەوڵەتەکەیان. ئاڵای وڵاتەکەشیان بریتییە، لە شمشێرێک و دروشمی ئیسلام. لێ ئەم پێوەندییەی ئال سعوود و ئیخوان، هەروا بەردەوام نەبوو. کاتێک ئیخوان دەیانویست هەنگاوی زیاتر بنێن، دژی تێکەڵاوی لەگەڵ ئینگلیز و ئەمەریکا بوون، ئیبن سعوود لەگەڵیان تێکچوو و پەلاماری دان[١٣] هەر لە سەرەتاوە سعوودیە دەستی کرد، بەدارشتنی سیاسەتێکی ئاینیی توندڕۆیانە. ئەمەش وەکو دەمامکێک وا بوو، بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتەکەیان پێ بخەڵەتێنن و کەس ئاگای لە دزی و گەندەڵیی بنەماڵەی سعوود نەبێ. سعوودیە یەکەمین وڵاتی ئیسلامی بوو، کە شان بەشانی ئەمەریکا دژی سۆڤیەت دەجەنگا. ساڵی ١٩٧١ هەڵمەتێکی ئاینیی گەورەی لە دژی سۆڤیەت دەست پێ کرد. ئەوە بوو ١٠٠ ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد. داوای لە شێخی ئەزهەر کرد، کە هەموو زانایانی ئیسلام کۆ بکاتەوە و دژی سۆڤیەت شەڕ بکەن[١٤] گاڵتەجارییەکە لەوەدایە، کە ئەو کات سۆڤیەت گەورەترین پاڵپشتیی وڵاتانی عەرەبی دەکرد لە دژی ئیسرائیل. بە چەک و بە پارە یارمەتی دەدان. لە هەمان کاتیشدا سعوودیە، بوو بە یەکەمین پشتگیریکەری ئیخوان موسلمین لە میسر. توانی لەگەڵ سادات ڕێکیان بخاتەوە. دیارە جگە لە ئیخوان، یارمەتیی هەموو گرووپە ئیسلامییەکانی جیهان دەدا. لەگەڵ دروستبوونی شەڕی ئەفغانستانیش، گەورەترین پاڵپشتیی بۆ ئەمەریکا دەربڕی و کەوتە کۆکردنەوەی هەرچی ئیسلامی جیهان هەیە، لە دژی سۆڤیەت ناردنی بۆ

---

١٢. الدكتور علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. الجزء السادس. الطبعة الاولى. مطبعة المعارف. بغداد ١٩٧٩ ص ٢١٨.

١٣. هەمان سەرچاوە.

١٤. محمد حسنين هيكل. خريف الغضب. الطبعة الثامنة. شركة المطبوعات للتوزيع والنشر. ١٩٨٤ بيروت. لبنان. ص ٢٦٩.

ئەفغانستان[١٥] سعوودیە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەوایەکی فاشیستیی ئاینی داڕێژراوە. هەرچی ئەوەی (عەرەب و سونە) نەبێ، دەبێتە نیشانە بۆ تیری چڵکنی سعوودیە. ئەم دەوڵەتە بەحوکمی دەوڵەمەندییەوە، خاوەنی ئیمکاناتێکی زۆری داراییە. یارمەتیی هەموو گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیەکانی دنیا دەدات. وەلێ لە پاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، کەمێک ڕۆئاوا بەتایبەت ئەمەریکا لێی تووڕە بوون. بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئەم دەوڵەتە سیاسەتێکی فاشیستانەی ئاینی، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا پێڕەو دەکات. ژنان و کەمینە شیعەکان، قوربانی یەکەمی سیاسەتە فاشیستەکانی سعوودیەن.

بەبڕوای من هەتا یەک قەترە نەوت لە سعوودیە بمێنێ، هیچ کاتێک ئیسلامی سیاسی لەناو ناچێ، لەبەرئەوەی سعوودیە مانی خۆی لەو گرووپە ئیسلامییە فاشیستە توندڕۆیانە دەبینێتەوە.

## ئیخوان موسلمین (برایانی موسڵمان)

لە سەرەتاکانی سەدەی پێشوودا، وڵاتی میسر لەژێر دەستی داگیرکەری ئینگلیزدا بوو. لەو کاتەدا چەندان بزاڤی سیاسیی میسری پەیدا بوون، کە ئامانجیان ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان بوو لە دەستی ئینگلیز. لە هەمان کاتیشدا بزاوێکی چەپ و شۆڕشگێڕی لەو وڵاتەدا دروست بوو. لە مارسی ١٩٢٨ لە شاری ئیسماعیلییەی میسری، بۆ یەکەم جار (حەسەن بەنا) گرووپی (ئیخوان موسلمین)ی ڕاگەیاند.[١٦]

### ئامانجەکانی ئیخوان

١- زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی.

٢- سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی.

---

١٥. محمد حسنين هيكل. من نيويورك الى كابول. الطبعة الرابعة. الشركة المصرية للنشر العربي والدولي. قاهرة. مصر. ٢٠٠٢ ص ٢٤٧.

١٦. شوان ئەحمەد. ئیسلامی سیاسی. چاپی یەکەم. کتێبی ڕووناکبیری. سلێمانی. ٢٠٠٤ لاپەڕە. ١٨٩.

## ئینگلیز و ئیخوان

شاری ئیسماعیلییه، یەکێک بوو لەو شارانەی کە ئینگلیزەکان و کۆمپانیا بێگانەکانی تێدا بوون. ئینگلیزەکان بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەم شارەیان کردبوو بەشێکی زۆری مێژوونووسان پێیان وایە ئینگلیزەکان، ئیخوانیان بۆ دژایەتیکردن و لەناوبردنی چەپ و بزاوی ڕزگاریخوازی میسری دروست کرد. لە سەرەتاشدا هیچ کاتێک ئیخوان دژی ئینگلیز نەبوون[17] بگرە بەپێچەوانەوە زۆر دۆستی مەلیک و ئینگلیز بوون.

## میتۆدەکانی ئیخوان

١- تیرۆر

یەکێک لە میتۆدەکانی ئیخوان تیرۆر بوو. ئەوە بوو (نظام خاص)ی دانا. کە برێتی بوو لە گرووپێکی تیرۆریستی. کاری تیرۆرکردنی دوژمنان و نەیارانی ئیخوان بوو[18] لە هەمان کاتیشدا پەلاماردانی کڵێسای قبتییەکان و دوکانی بێگانەکان لە میسر. (مەبەست لەو بێگانانە بوون کە لە میسر دەژیان، وەکو ئیتاڵیایی. ئەرمەنی. یۆنانی. جوولەکەش هەرچەندە میسریش بوون). دیارە ئیخوان هیچ چالاکییەکی دژی ئینگلیز ئەنجام نەدا.

٢- کودەتای عەسکەری

یەکێک لە کارەکانی تری ئیخوان، هاندانی ئەفسەرانی ناو سوپای میسر بوو، بۆ ئەوەی کودەتایەکی سەربازی بکەن. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە، کە ئیخوان تاکە ڕێکخراوی میسری بوو، کە پشتگیری لە کودەتاکەی ١٩٥٢ (ضباط الاحرار) کرد. تاکە ڕێکخراوی سیاسیش بوو، پاش کودەتاکە ڕێگەی کارکردنی سیاسیی پێ درا. بەڵام پاشتر لە ڕووداوی مەنشیەی ١٩٥٤ لەگەڵ ناسری دیکتاتۆردا تێکچوون و هەموویان کردە زیندانەوە.

---

١٧. محمد حسنين هيكل. من نيويورك الى كابول. الطبعة الرابعة. الشركة المصرية للنشر العربي والدولي. قاهرة. مصر. ,٢٠٠٢ ص ٢٧٨.

١٨. شوان ئەحمەد. ئیسلامی سیاسی. چاپی یەکەم. کتێبی ڕووناکبیری. سلێمانی. ٢٠٠٤ لاپەڕە. ٤١.

٣- دژایەتیکردنی مەسیحییەکان و قبتییەکانی میسر

هەر لە سەرەتاوە قیبتی و مەسیحییەکانی میسر بوونە نیشانە بۆ تیری چڵکنی ئیخوان. هەتاوەکو ئەمرۆش پێرەوی سیاسەتێکی ئیسلامی و توندڕۆیانە دەکەن. زۆرجار بەهۆی جیاوازەوە پەلاماری کڵێسا و دوکانی قبتییەکانیان داوە. تەنانەت داوای جەزیە (باجی تایبەت) لە قبتییەکان دەکەن. ئیخوان گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر قبتییەکانی میسر. ئیخوان هەمان سیاسەتی نەگریسی نازییەکان کە دژی جوولەکە بەکاری هێنان، ئەمانیش هەمان شت داوا دەکەن. هەتاوەکو ئێستاش دان بە کۆمەڵکوژیی جوولەکەکان نانێن و بە درۆیەکی گەورەی دادەنێن.

٤- پێڕەوکردنی سیاسەتێکی توندڕۆیانەی ئیسلامی

ئیخوان هیچ جیاوازییەکی وایان لەگەڵ سعوودیە وەهابییەکاندا نییە. ئەمانیش دەیانەوێ بەزەبری شمشێر، شەریعەتی ئیسلامی بەسەر هەموو گەلدا بسەپێنن. هەمان بۆچوونی توندڕۆیانەیان بەرامبەر بە (مەسیحی و جوولەکە و شیعە) هەیە.

ئیخوان ئەمڕۆ وەکو دایکێک وایە، بۆ هەموو گرووپە ئیسلامییەکانی دنیا. ئیخوان لە رووی سیاسی و فیکرییەوە، پێڕەوی سیاسەتی فاشیستەکان دەکات. گرووپێکە کە هیچ سڵ لە کوشتنی (مەسیحی، نەیارانی، بێگانە) ناکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا باوەڕیان بە دیموکراتی و ئازادیی ڕادەربڕین نییە. ئەوان بوون کودەتایان بەسەر ژیانی پەرلەمانی و ئازادیی میسردا کرد.

**ناسرییەکان**

ناسری دەگەڕێتەوە بۆ ناوی دیکتاتۆری میسریی جەمال عەبدولناسر. لە پاش مردنی ناسر، ڕەوتێکی عەرەبی توندڕۆی سیاسی بەناوی ئەوەوە نرا. ناسر یەکەمین دیکتاتۆری عەرەبی ناسر لە ١٥ی یەنایری ١٩١٨ لە شاری ئەسکەندەرییەی میسر لەدایک بووە. لە ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٧٠ مردووە. ناسر بە یەکەمین دیکتاتۆری عەرەبی دەژمێردرێت و، یەکەمین مامۆستای هەموو دیکتاتۆرە عەرەبییەکانە.[١٩]

---

١٩. جمال عبدالناصر.. القائد الكاريزمي، ٢٠٠٤/١٠/٣، جزيرە نيت.

**سیاسەتەکانی**

لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەری تری سوپای میسری، لە ٢٣ی یۆلیۆ ١٩٥٢ کودەتایەکی سەربازییان ئەنجام دا. بەم شێوەیەش کۆتاییان بە مەلەکیەت، پاشانیش ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی لە میسر هێنا. لە ساڵی ١٩٥٤ پاش ئەوەی هاوڕێی دێرینی محەمەد نەجیب بەزۆر لەسەر کار لابرد، خۆی بوو بەسەرۆک. لە یۆلیۆی ١٩٥٦دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سیاسیی عەرەبیدا، هەڵبژاردنی ساختەی هێنایە کایەوە. ئەوە بوو بە ڕێژەی ٩٩,٩٪ هەڵبژاردنی بردەوە. ناسر یەکەمین داهێنەری ڕێژەی ٩٩,٩٪. پاشتر هەموو دیکتاتۆرە عەرەبییەکانی تر هەمان سیاسەتیان پێڕەو کرد. ناسر بە ئاگر و ئاسن حوکمی وڵاتی دەکرد. دانانی هێزێکی پۆلیسی و هەواڵگریی تایبەت، کە ئامانجی ڕاونان و دارکاریی نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی میسری بوو. بە هەزاران کەس چوونە زیندان و ئەوەی بەختیش یاری بوو، ئازاد بوو. هەتا ماوەیەکی زۆریش بەئازاری دەروونی و جەستەییەوە دەیناڵاند. ناسر هەموو پارتە سیاسییەکانی میسری داخست و بەشێکی زۆریشی خستنە زیندانەوە. لە هەمان کاتیشدا، هەموو ڕۆژنامەکانی داگیر کرد، دەوڵەت بوو بەخاوەنی میدیای میسری. لە ڕووی ئابووریشەوە، هەمان سیاسەتی نازییەت و فاشیزمی پێڕەو دەکرد. دەستی کرد بەداگیرکردنی هەموو کەرتە ئابوورییەکانی وڵات، بەناوی ئابووریی نیشتمانی، کەوتە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی. لە ڕووی دەرەکیشەوە، سیاسەتێکی شەڕەنگێزانەی بەرامبەر بە وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل پێڕەو کرد. ئەوە بوو هەر لە سەرەتاوە دەستی کرد، بەپلان داڕشتن و هەوڵی کودەتای سەربازی لە وڵاتانی عەرەبی. پاشان پەلاماری وڵاتی یەمەنی دا و داگیری کرد. لە بەرامبەریشدا سعوودیە کەوتە دژایەتیکردنی ناسر، یارمەتیی نەیارانی ناسری (لە یەمەن و سووریا و ئوردن) دەدا. لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا وڵاتانی عەرەبی بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەک دابەش بوون. (بەرەی ناسر، کە خۆیان بە پێشکەوتنخواز دادەنا. بەرەی شا فەیسەڵی سعوودی، کە بە بەرەی کۆنەپارێز و دواکەوتوو ناودەبران). لە بەرامبەر ئیسرائیلیشدا هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی فاشیستانە و نامرۆڤانە و شەڕەنگێزانەی دژی ئیسرائیل پێڕەو کرد. ناسر بەهیچ چارەسەرێکی ئاشتییانە

ڕازی نەبوو. هەموو کات هەوڵی پڕچەککردن و چارەسەری سەربازیی دەویست. لێ باش بوو ئیسرائیلییەکان کەپووی بڵندی ناسریان، لە بیاوانی سینادا شکاند. ئەوە بوو ساڵی ١٩٦٧، لە شەڕێکی حەوت ڕۆژەدا، سوپای ئیسرائیل گەورەترین سەرکەوتنی تۆمار کرد و ناسر و عەرەبیش خراپترین ژێر کەوتن.

بەداخەوە خەڵکێکی زۆر لە کوردستان و جیهاندا ناسر وەکو پێشەوایەکی نەتەوەیی سەیر دەکەن. بەڵام نازانن ناسر چ کارەسات و نەگبەتییەکی بۆ گەلانی ڕۆهەلات هانی.

### پارتی بەعس

پارتی بەعسی عەرەبی، یەکەمین پارتی فاشیستی عەرەبییە. ئەم پارتە لەلایەن میشێل عەفلەق و سەلاح بیتار (صلاح البیطار) لە ٧ی ئەپریلی ١٩٤٧ لە دیمەشق/سووریا دروست بوو[٢٠].

بەناو ئامانجی سەرەکییان (یەکەتی، ئازادی، سۆسیالیزم). وەلێ لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکییان، یەکەتیی وڵاتی عەرەبی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو. دیارە وەکو خۆیان ئیدعا دەکەن. میشێل عەفلەق کە مەسیحییەکی سوریایی بوو. ساڵی ١٩٣٣ لە زانکۆی سۆربوون خوێندنی تەواو کردبوو. هەر بەگەڕانەوەی بۆ سووریا، لەگەڵ سەلاح بیتاری هاوڕێی، دەستیان کرد بە پروپاگەندە، بۆ بیری نەتەوەپەرستیی عەرەبی و دژایەتیکردنی فرەنسا و ئینگلیز. میشێل عەفلەق زۆر هەواداری بیری فاشیزمی ئیتاڵیایی و نازییەتی ئەڵمانیایی بوو لە هەمان کاتیشدا زۆر هەواداری سیاسەتی ستالینیش بوو. هەر بۆیە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، پشتیان بە سیاسەتی ستالینیانە بەست. لە ڕووی فیکریشەوە پشتیان بەفاشیزمی ئیتاڵیایی و نازییەتی ئەڵمانیایی بەست. لە ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی عەرەبی، بە سەرۆکایەتیی ئەکرەم حۆرانی، هەردوو پارت یەکیان گرت و (پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست)یان دامەزراند.

٢٠. حزب البعث العربي، المؤلف: جلال السيد، الناشر: دار النهار، بيروت، ١٩٧٣.

## میتۆدی سیاسیی بەعس

١- پارتی سەرۆک

یەکێک لە سیماکانی بەعسییەکان، دروستکردنی پارتێکی توندڕۆی سیاسییە. کە بەشێوەیەکی زۆرەملێیانە، ئەندامان ناچار دەکرێن، بێ گوێدانە هیچ شتێک، پەیڕەوی سەرۆکی پارت بکەن. بەعسییەکان لە عێراق دەیانوت "اذا قال صدام، قال العراق. کە سەدام قسەی کرد، عێراق قسە دەکات". واتە هەموو خەڵکی عێراق دەبێت گوێڕایەڵی سەدام بکەن. لەناو پارتی بەعسدا، وەکو نازی و فاشیزمی ئیتاڵیایی، هیچ شوێنێک بۆ ڕەخنە و گلەیی دەربڕین نییە. هەر کەسێکیش ڕەخنە بگرێت، دوژمنی گەل و نیشتمانە.

٢- تیرۆر

تیرۆر بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەعسییەکان دێتە ژماردن. بەعسییەکان پێش ئەوەی بێنە سەر کار، تیرۆریان وەکو چەکێک لە دژی نەیارانیان و دەسەڵاتی سیاسی بەکار دەهێنا. سەدام زۆر بەشانازی، باسی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک قاسمی عێراقی دەکرد و فیلمێکیشی بەناوی (ڕۆژانی درێژ) لەسەر ئەو تیرۆرە ساز کرد. بەعسییەکان زیاتر پشتیان بە چەقۆکێش و سەرسەرییەکانی ناو شارەکان دەبەست، بۆ ئەوەی دژی نەیارانیان بەکاریان بهێنن. بۆ نموونە سەدام یەکێک بوو لەوانە.

٣- کودەتای سەربازی

بەعس چ لە سووریا چ لە عێراق، لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە هاتنە سەر حوکم. کودەتای سەربازی، بەیەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی بەعسییەکان دێتە ژماردن.

٤- بڕوانەبوون بە دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی

بەعسییەکان بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان بەدیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی، بوونی پارتی سیاسیی جیاواز و، ئازادیی ڕادەربڕین نییە. بگرە بەهەموو شێوەیەک دژایەتیی ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی دەکەن.

٥- دامەزراندنی سیستەمێکی دیکتاتۆری

بەعس بە حوکمی ئەوەی دوژمنی دیموکراسییە، گەورەترین دۆستی دیکتاتۆرییە. لەو وڵاتانەی کە حوکمیان گرتووەتە دەست، یەکسەر ڕێژیمێکی دیکتاتۆری و پۆلیسیان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە. لە سووریا حافز ئەسەد و پاشان کوڕەکەی. لە عێراقیش سەدام. دیکتاتۆری یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی بەعس.

٦- بیری ڕەگەزپەرستی و دژایەتیی نەتەوەکانی تر

بەعس لە دیدگایەکی تەسکی نەتەوەپەرستییەوە بۆ جیهان دەڕوانێت. لای ئەوان عەرەب وەکو خۆیان دەڵێن "خاوەنی پەیامێکی پیرۆزە. ذات رسالة خالدة". هەر بۆیە سیاسەتێکی دوژمنکارانە بەرامبەر نەتەوەکانی تر پێڕەو دەکەن. بەعسییەکان لە سووریا بە دڕندەترین شێوە پەلاماری گەلی کوردیان دا. کاتێک هاتنە سەر کار، یەکسەر پشتێنەیەکی ئەمنییان لە ناوچە کوردنشینەکان دروست کرد. لە هەمان کاتیشدا ناسنامەی نیشتمانی، لە زۆر کوردی سووریا سەنرایەوە. زمان و کولتووری کوردی قەدەغە کرا[٢١] پاشان کەوتنە پەلاماردانی وڵاتی لبنان و تێکدانی. بەعسییەکان هیچ کاتێک چاویان بە ئازادی و ژیانی دیموکراسیی لبنان هەڵنەدەهات. هەر بۆیە لەژێرەوە هەوڵی تێکدانیان دەدا. ئەوە بوو پاشتریش پەلاماری ئەو وڵاتەیان دا و، شەڕێکی ناوەخۆیان بۆ دروست کردن. سووریای بەعسی، هەتاوەکو ئەمڕۆش ناهێڵێت ئەم وڵاتە جوانەی ڕۆهەڵات، ئیسراحەت بکا. بەهیچ شێوەیەک ناهێڵێت، هێمنی و ئارامی و ئاشتی ڕوو لەم وڵاتە بکا. لە هەمان کاتیشدا سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە و نامرۆڤانەیان لە دژی ئیسرائیل داڕشت. هەتاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری ئەفسەرە نازییەکانی ئەڵمانیا، سووریا دەیانپارێزێ و مافی پەنابەریی پێ داون.

لە عێراقیش بەعسییەکان هەر لە سەرەتاوە، سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیان لە دژی گەلی کورد و کەمەنەتەوەییەکانی عێراق داڕشت. هەروەکو نووسیاری

---

٢١. محمد ملا احمد. القضية الكردية في سوريا. الطبعة الاولى. اصدارات مجلة هاڤيبون. برلين. ٢٠٠١.

گەورەی عێراقی (حەسەن عەلەوی) دەڵێ: "بەعس لە عێراقدا، زیاتر لە شێوەی گرووپێکی مافیاییدا کاریان دەکرد"[٢٢].

حەسەن عەلەوی باشترین و شارەزاترین کەسە لەسەر بەعسییەکان. بۆ ماوەیەکی زۆریش سەرنووسیاری کۆواری (الف باء) بوو. لە عێراق بەعسییەکان هێندە تاوانیان لە دژی کورد کردووە، مەگەر نازییەکان و فاشیزمەکانی تورکیا، هێندە تاوانیان دژی کەمە نەتەوەکان کردبێت. بەعسییەکان، هەرکە هاتنە سەر کار، یەکسەر کەوتنە گیانی گەلی کورد. ئەوە بوو زیاتر لە ١,٥ ملیۆن کوردیان لە شارەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عێراق، دەرکردن بۆ ئێران. کە بە کێشەی (کوردە فەیلییەکان ناسراوە). پاشان دەستیان کرد بە سەپاندنی سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە نەوتی تێدا بوو (کەرکووک، خانەقین، مەخموور). پاشانیش دەستیان کرد بە سووتاندن و کاولکردنی هەموو خاکی کوردستان و زیاتر لە ٣ هەزار گوند و شارۆکەیان سووتاند. پاشانیش لە دوا کاری نامەردانە و نەگریسیان، شاری هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد. زیاتر لە پێنج هەزار شەهید و هەزاران کەسی تریش بریندار و ئاوارە بوون. لە دوا جاریش سیاسەتی (ئەنفال)ی پێڕەو کرد. کە برێتی بوو لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد. زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەس شەهید بوون. هەتاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆریان نازانرێت، لە کوێ شەهید کراون.

٧- شەڕەنگێزی و میلیتاریزم

بەعس چ لە سووریا یان لە عێراق باوەڕی تەواویان بەسیاسەتی شەڕەنگێزی و میلیتاریزم هەیە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەموو کات هانا بۆ چەک و سوپا دەبەن. بەعس لە سووریا دوو جار شەڕی بە ئیسرائیل فرۆشتووە. خۆشبەختانە، هەردوو جارەکە دۆڕاندوویانە. پاشانیش پەلاماری لبنانی دا و داگیری کرد. شەڕێکی خوێناویی لە دژی گرووپە فەلەستینییەکان ساز کرد. کە بەشەڕی (مخیمات) ناسراوە.

٢٢. حسن العلوي. العراق دولة المنظمة السرية. الناشر: الشركة السعودية للأبحاث والنشر – الطبعة: الخامسة.

له عێراقیش، له پاش هاتنه سەر کاریان سەرەتا شەڕێکی خوێناوییان دژی گەلی کورد کرد. پاشانیش له ساڵی ١٩٨٠وە پەلاماری ئێرانیان دا و، شەڕێکی هەشت ساڵەیان تۆمار کرد. دواتریش پەلاماری وڵاتی کوێتیان دا. بەڵام ئەمجارەیان ئەمەریکا هات و لەناوی بردن. بەعس له عێراق له ماوەی حوکمڕانیدا، بەهۆی سیاسەتی شەڕەنگێزییانەوە، چەندان کارەسات وماڵوێرانیی بۆ گەلی عێراق هانی. بەعس وەکو فاشیزمی ئیتاڵیایی و نازییەتی ئەڵمانیایی، زۆر ئارەزووییان بە شەڕ و خوێنڕشتن هەبوو. ئەمان هەموو کاتێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوەخۆییەکان هانا بۆ شەڕی دەرەکی دەبەن.

بەعس له هەموو ڕوویەکەوە، هەڵگری پەیام و بەرنامەی فاشیستەکان بووە. له ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە، هیچ پارتێکی تری عەرەبی، هێندەی بەعس، له فاشیزمی ئەوروپاییەوە نێزیک نەبووە. هەرچەندە بەعسییەکان دژی ئەوەن بەفاشی ناویان بەریت. ئەوان خۆیان بەهەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و برایەتی دادەنێن. کە ئەمەش زۆر دووره له کار و کردەوەکانیانەوە.

### فاشیزم و بەربەریەتی تورکی

یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەم کتێبەی درەنگ خست، کاتێک کە مێژووی تورکیام دەخوێندەوە و، ئەو هەموو چەتەگەری و کۆمەڵکوژییانەی کە بەرامبەر بەکورد و نەتەوەکانی تر کردوویانە، هەموو کات له ڕووی دەروونی و جەستەییەوە زۆر هیلاکی دەکردم. کاتێک سەیری مێژووی ئەم گەلە دەکەیت، ڕۆژێک، مانگێک، ساڵێک، نابینیت، شەڕ و کۆمەڵکوژییان ئەنجام نەدابێت. هەرچی نەتەوەیەک کە نێزیک بووە لێیان، دەستی خوێناویی تورکی پێ گەیشتووە. هیچ کاتێک سڵیان له خوێنڕشتن و کۆمەڵکوژی نەکردووەتەوە. تورک کۆمەڵکوژیی دژی گەلانی ئەوروپایی (یۆنانی، بولگاری، سربی، ڕۆمانی) کردووە. ئاسیاوی (کورد، ئەرمەنی، جۆرجی، عەرەب، له باکوری ئەفەریقیاش دەستیان له عەرەبەکانی ئەو وڵاتانه وەشاندووە.). زۆرجار کە مێژوویان دەخوێنمەوە، گومان له مرۆڤبوونی ئەم خەڵکانه دەکەم. دەڵێم تۆ بڵێی ئەمانه بچنه سنووری مرۆڤەوە. ئاخۆ چ جیاوازییەک له نێوان تورک و گورگدا هەبێت؟ زۆرجار هەست دەکەم، ئەمانه گورگن و بەرگی مرۆڤیان پۆشیوە. مێژووی هیچ نەتەوەیەک لەسەر زەوی، هێندەی تورک خوێناوی نییە. هیچ

گەلێک هێندەی ئەمان مرۆڤی نەکوشتووە. هیچ نەتەوەیەک نابینیت، هێندەی ئەمان کۆمەڵکوژیی کردبێت. ئەگەر بمانەوێ لەسەر کۆمەڵکوژییەکانی ئەم نەتەوەیە بنووسین، پێویستیمان بەهەزاران کتێب هەیە. سەیر لەوەدایە، هەتاوەکو ئەمڕۆش، تورکەکان ئەم کۆمەڵکوژی و مێژووە خوێناوییەیان، بەجێگەی شانازی و مەزنی دادەنێن.

## مێژووی تورک

تورک کۆمەڵێک هۆزی چەتە و خێڵەکی لە بیاوانەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا دەژیان. ناوی تورکیش، لە سەدەی ٦ زایندا لەلایەن چینییەکانەوە بەکار هێنرا، کە زیاتر (خوێنمژ، شەڕکەر) دەگەیەنێ[23] هەر لەو کاتەوە خەریکی پەلامارردان و شەڕفرۆشتن بوون بەدراوسێکانیان، بەتایبەت چین.

## هاتنی تورک بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتای سەلجوقی

تورکەکان لەگەڵ خێڵە بەربەرییەکانیان (مەغۆل، تەتەر) بەرەو رۆژهەڵات هاتن. کاتێک مەغۆلییە وەحشییەکان ساڵی ١٠٥٥ شاری بەغدایان داگیر کرد. کە بەیەکێک لە خوێناویترین داگیرکردن لە مێژوودا دەژمێردرێت. وەکو مێژوونووسان باس دەکەن، کە ڕووباری دیجلە و فورات بەخوێن سوور بوو. دیارە پاشتر بۆ ماوەی چەندان سەدەی تر، هەموو عێراق خەڵتانی خوێن دەکەن.

## تورک و ئیسلام

تورک کاتێک دێنە بەغدا و رۆژهەڵات، بەتایبەت پاش داگیرکردنی بەغدا، دەبنە هەڵگری پەیامی ئیسلام. دیارە خۆیان خاوەنی هیچ بۆچوونێکی ئاینی نەبوون جگە لە خوێنڕشتن. پاشتر ئیسلام لە دوولاوە سوودی بۆیان دەبێ. یەکەم: ئیسلام دەتوانێ یەکەتییەکی پتەو لەناو کۆمەڵەکەیاندا دروست بکا. دووەم: بەناوی ئیسلامەوە بەردەبنە گیانی وڵاتانی جیهان، لەبەرئەوەی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە شەڕ و (جیهاد) هەبووە. ئەمەش هێندەی تر خزمەتی بەوان کرد.

---

23. Information .Türkei. 277. 4. Quatral. 2002. bpb

## داگیرکردنی ئەنادۆڵ و نێزیکبوونەوە لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتە

ساڵی ١٠٧١ خێڵە وەحشییەکەی سەلجوقییەکان، بەتەواوی ناوچەی ئەنادۆڵ داگیر دەکات، کە زیاتر جێنشینی کورد و ئاشووری و ئەرمەنی بوو. پاشان دەست دەکەن بەپەلاماردان و شەڕفرۆشتن بەئیمپراتۆریەتی بیزەنتە.

## داگیرکردنی قوستەنتینۆپل و لەدایکبوونی خەلافەتی عوسمانی

پاش چەند شەڕێکی خوێناوی لە ٢٩ی مای ١٤٥٣، هێزە وەحشییەکەی خێڵی عوسمان، شارە مەزنەکەی قوستەنتینۆپل داگیر دەکەن. ئەمەش دەبێتە سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتە خوێناوییەکەی عوسمانی[٢٤].

شاری قوستەنتینۆپل ئەو کات گەورەترین شاری ئەورووپا بووە. یەکێک بووە لە مۆدێرنترین و مەزنترین و جوانترین شاری ئەورووپا. لێ پاشان هێزی تورکە وەحشییەکان داگیری دەکەن و بەدڕندەترین شێوە پەلاماری ئەو شارە دەدەن و هەموو دەریای سپی و ڕەش، بەخوێنی پاکی یۆنانییەکان سوور دەکەن. پاشتر ناوی ئەم شارە بۆ (ئەستانە) دەگۆڕن هەتا ساڵی ١٩٣٠ بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٣٠ دیسانەوە ناوەکەی بۆ (ئەستەنبوڵ) دەگۆڕن.

## چەند دێڕێک لەسەر ئیمپراتۆریەتە خوێناوییەکەی عوسمانی

مێژووی مرۆڤایەتی زۆر ئیمپراتۆریەتی خوێناوی و دژە مرۆڤی بەخۆوە دیوە. بەڵام هیچ ئیمپراتۆریەتێک هێندەی ئیمپراتۆریەتە وەحشییەکەی تورک، دەستی بەخوێن سوور نەبووە. هیچ کاتێک مێژووی مرۆڤایەتی، هێندە شەڕ و کۆمەڵکوژیی بەخۆوە نەدیوە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، تەواوی ئەورووپا بەتایبەت بەڵکان و ناوەڕاستی ئەورووپا، بووە مەیدانی شەڕە خوێناوییەکانی عوسمانییەکان. عوسمانییەکان پاش ئەوەی شارەکانیان داگیر دەکرد، ئینجا دەکەوتنە گیانی خەڵکە بێدەسەڵاتەکەی ئەو وڵاتانە. بە ملیۆنان ژن و منداڵیان وەکو کۆیلە دەگرت. پاش ئەوەی ژنەکانیان بۆ خۆیان دەبردن، زۆرجار منداڵیان لێ دروست دەکردن.

---

٢٤. الدكتور علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. الجزء الاول. الطبعة الاولى. مطبعة المعارف. بغداد، ١٩٧٩، ص ٧٢.

ئەمەش وەکو نووسەری گەورەی کورد (بلەج شێرکۆ) دەڵێ: "لە ڕووی شکلی دەموچاوەوە، شێوەی تورکی گۆڕی. پێشتر دەموچاوی ناشیرین و چاوی بچووکیان هەبوو. پاشتر شێوەیان لە ڕووی بایلۆجییەوە گۆڕا"[٢٥]

## دروستکردنی لەشکری ئەنکشاریە

یەکێک لە سیما دڕندەکانی عوسمانییەکان، دروستکردنی لەشکری ئەنکشاری بوو. تورکەکان داهێنانێکی نوێیان لە داگیرکردن و پەلاماردان داهێنا. کاتێک ناوچەیەکیان داگیر دەکرد، دەچوون منداڵەکانیان دەبردن و زۆرجاریش لە دایک و باوکەکانیان بەزۆر دەستاند. دەیانبردن بۆ ناوچەیەکی تر و لە سەربازگەیەکی تایبەتدا گەورەیان دەکرد. پاشتر ئەم منداڵانە گەورە دەبوون و دەیانبردن بۆ ناو سوپا و شەڕیان پێ دەکردن. ئەم لەشکرەش کە لە منداڵی بێ باوک و دایک دروست بووبوو، لە هەموو لەشکرەکانی تر دڕندەتر بوون.

لە تەواوی مێژووی عوسمانییەکاندا، سووتاندنی شار و لادێ، کۆمەڵکوژی، وێرانکردن و خاپوورکردنی کولتوور و شارستانییەکان، دزین و تاڵانکردنی وڵاتان، پەلاماردانی ژنان و ئەتکردنیان، منداڵ دزین و منداڵبازی، بووە بە پیشە و سیمای تایبەتی ئەم ئیمپراتۆریەتە. مەگەر خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکا هێندە ئازار و ئەشکەنجەی بەدەست داگیرکەرانی بێگانەوە دیبێت. چۆن ئینگلیز و فەرەنسایی و پورتوگال و ئیسپانیاییەکان، هەموو پارزەوینی ئەمەریکایان خەڵتانی خوێن کرد. بەهەمان شێوەش عوسمانییە تورکەکان، هەموو گەلانی بەڵکان و کورد و ئەرمەنی و ئاشووری و عەرەبیان خەڵتانی خوێن کرد.

## کۆمەڵکوژییەکانی تورک بەرامبەر بەگەلی کورد

لەوەتی پێی نەگریسی تورک هاتووەتە خاکی کوردەوە، هەر خەریکی کوشتن و سووتاندن و وێرانکردن بوون. هێشتا بەشێکی زۆری ئەو کۆمەڵکوژییانە باش نەنووسراونەتەوە، بەڵام ئەوەندەی مێژوو نووسیویەتەوە، ژمارەی کۆمەڵکوژییەکانی تورک بەرامبەر بەکورد لە ژماردن نایەت. من لێرەدا کەمێکیان باس دەکەم.

---

٢٥. د. بلةج شيركو. القضية الكردية. ماضي الكرد وحاضرهم. دار الكتاب. بيروت. لبنان. الطبعة الاولى. ١٩٨٦.

## ساڵی ۱۸۳۳ هەتا کۆتاییی عوسمانی

لەم ساڵەدا سوڵتان مەحموودی دووەم، فەرمانێکی دەرکرد، بۆ تۆڵە سەندنەوە و سـزادانی گـەلی کـورد. بۆ کـۆتا ناوی کـورد لەناو بەرێت. ئەوە بوو لەشکرێکی گـەورەی بەسـەرکـردایەتیی والی ڕەشـید پاشـا ڕەوانەی کـوردسـتـان کـرد. ئەم کابرایەش ڕقـێکی کوێری لە گەلی کورد هەبوو، پاش ئەوەی لە شـەڕەکەی لەگەڵ مـحەمـەد عەلی پاشای میسر، لەشکرەکەی دۆڕا و خۆشی بە دیلی میـسرییەکان گرتیـان. هەمـوو شکستـەکـانی دەخسـتـە ئۆباڵی ئەفسـەرە کـوردەکان. هێـزێکی تریشیـان بە سـەرکردایەتیی ئەدیوپانت پاشـا بۆ ناوچەی باکور نارد کـە ناوچەی (وان، ترابزۆن، ئازەربایـجـانی گرتەوە). لەشکرەکەی ڕەشـید پاشـاش نـاوچەکـانی (سامسون، سیواس، مەلاتیـا، هەموو ئەنادۆڵ و ناوچەی میری سۆرانی گرتەوە)[٢٦]. لەشکرەکەش لە ٤٠ هەزار سـوار و پیـادە پێک هـاتبـوو. سـەرەتا پەلامـاری ناوچەی (سیرت)ی دا، کە زۆربەیان کوردی ئێزیدی بوون، کە میـرزا ئاغا سـەرۆکیـان بوو. پاشـتـر نـاوچەکـانی ئەتاغـسکی دا، بەدڕندەترین شـێـوە سـەرکـوتی خـەڵکی ئەو ناوچەیەی کرد. پاش ئەوەی مـیـر و بەگـەکانـی ئەو ناوچەیان گـرت و ناردیـانن بۆ ئەسـتـەنبـۆڵ لـەوێ لەدار دران. پاشـان دەسـتـیـان کـرد بەسـووتاندن و وێرانکردنی گوندەکان.

ئینجـا ژن و منداڵ و پیـرەکانیـان، ئاوارە کرد و بەزۆر ناردیانن بۆ ناوچەکـانی ڕۆئاوای تورکیـا. بەشێکی زۆریان جلیان لەبـەر نەبوو. بەشێکی زۆریـان لەبەر بێ نانی و بێ ئاوی و سەرما، گیانیـان لەدەست دا. پاشان پەلاماری ئیمارەتی بابان و سۆرانیـان دا. لەوێش چەتەگەریی خۆیان نواند. ساڵی ۱۸۳۷ پەلاماری ئیمـارەتی بۆتانیان دا. لە نـاوچەکانی ماردین و جـەزیرە و سنجار. سەرلـەشکری ئەم هێزەش حـافـز پاشـا بوو. ئەوە بوو پاش شـەڕێکی خـوێناوی، توانیـیـان شـۆڕشی کـورد دامرکێننەوە. زیاتر لە ۱۵ هەزار کوژران. پاشـان هەموو گوندەکانی ئەو ناوچەیان سـووتاند، زیاتر لـە چوار هـەزار خـەڵکی سیـڤیلی ئەو ناوچـەیان وەکو کۆیلە گـرت.

٢٦. جليلي جليل. من تاريخ الامـارات في الامـبـراطورية العثـمـانيـة. في النصف الاول من القرن التاسع عشر. ترجمة د. محمد عبدو النجاري. الطبعة الاولى. مطبعة الاهالي. دمشق. ,١٩٦٨ خ ٩٥.

لەبەر سەرمای زستان و بێ نان و بێ ئاوی، فرێیدانە ناو سەربازگەیەکەوە. پاشتریش بۆ ناوچەکانی رۆئاوا بەزۆرەملێ کۆچیان پێ کردن. بەهەمان شێوەش شۆڕشەکانی بەدرخانی و شیخ عوبەیدوڵڵای شەمزینیان لەناو برد.

## بەشێک لە کۆمەڵکوژییەکانی تورک بەرامبەر بە کورد

١- کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی لیجە.

زیاتر لە ١٢٩٤ ماڵ سووتێنران و ٦٤١٩ کەسیش کوژران.

٢- کۆمەڵکوژیی ناوچەی دارهینی.

زیاتر لە ٢٢٠٧ ماڵ سووتێنران و زیاتر لە ١٣٢٢٦ کەس کوژران.

٣- کۆمەڵکوژیی ناوچەی ئەردۆشێن.

زیاتر لە ١٢٥ ماڵ سووتێنران و ٢٩٥ کەسیش کوژران.

٤- کۆمەڵکوژیی ناوچەی حەباب.

٨٧٠ ماڵ سووتێنران و ٩٠٢ کەسیش کوژران.

٥- کۆمەڵکوژیی ناوچەی ئەلیان.

٧٩٠ ماڵ سووتێنران و ١٦٧١ کەسیش کوژران.[٢٧]

تورکە عوسمانییەکان زیاتر لە ٢٥ کۆمەڵکوژییان دژی گەلی کورد کردووە. لە هەمووشیاندا، پاش ئەوەی شۆڕشگێڕە کوردەکانیان شەهید کردووە، ئینجا ماڵ، گوند، شارەکانیان سووتاندووە. ژن و منداڵ و پیرەکانیشیان وەکو کۆیلە گرتووە و بەزۆرەملێ بۆ رۆئاوای تورکیا گواستراونەتەوە. باشترین سەرچاوە بۆ کۆمەڵکوژییەکانی تورک، کتێبە بەنرخەکانی مامۆستایان (جەلیلی و د. بلەج شێرکۆیە، کە ناوی نهێنی میر جەلادەت بەدرخان بووە).


عوسمانییەکان بەهەموو مێژوویان جگە لە خوێنڕشتن و سووتاندن و وێرانکردنی شار و گوندەکان هیچیان بۆ کورد و مرۆڤایەتی نەهێنا. تاکە ئیمپراتۆریەتە، کە نە لە ڕووی شارستانییەوە، نە لە ڕووی فیکری و کولتوورییەوە،

٢٧. د. بله ج شيركو. القضية الكردية. ماضي الكرد و حاضرهم. دار الكتاب. بيروت. لبنان. الطبعة الاولى، ١٩٨٦، ص ١٢٧.

داهێنانێکی نەکردووە. ئەگەر سەیری ئیمپراتۆریەتەکانی تری مێژوو بکەیت، ڕاستە کوشتار و سووتاندن و وێرانکارییان کردووە (بەڵام بەو شێوەیەی تورک نا)، لە پەنا ئەمەشدا کۆمەڵێک شار و شارستانیی گەورەیان دروست کردووە. لە ڕووی فیکری و هونەر و کولتوورییەوە، سامانێکی گەورەیان لەپاش خۆیان بۆ مرۆڤایەتی بەجێ هێشتووە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتە و یۆنانی، ڕۆمانی، لەگەڵ ئەوەی شەڕەنگێزییان دژی گەلان کردووە، بەڵام سامانێکی زۆری شارستانی و کولتوورییان بۆ مرۆڤایەتی هێنا. بەشێکی زۆری فەلسەفەی دنیا، لە یۆنان دروست بووە. بەڵام تورک یەک فەیلەسووف، یەک زانا، یەک ڕووناکبیر، یەک بەردیان نەخستە سەر فیکری مرۆڤایەتی.

## کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان

گەلی ئەرمەنیی مەزن کە خاوەنی مێژوویەکی درێژ و شارستانییەکی پرشنگداری مەزنە. بۆ ماوەی چەندان ساڵ کەوتنە ژێر چەپۆکی دڕندانەی تورکەکانەوە. هەموو ساڵێک ٢٤ی ئەپریل ئەرمەنییەکان یادی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵانی ١٩١٥– ١٩١٨ دەکەنەوە. لەم ساڵانەدا، زیاتر لە ملیۆن و نیوێک، هەندێک سەرچاوە دەڵێ دوو ملیۆن ئەرمەنی بوونە قوربانی[٢٨] بۆ یەکەمین جار لە مێژووی



کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان

28. Der Völkermord an den Armeniern. www. World. De. 2005-4-24.

مرۆڤایەتیدا، هێزێکی داگیرکەر، بڕیار دەدات، کە نەتەوەیەکی تر بەیەکجاری لەناو بەرێت و لاشـەی ژن و منداڵ و پیـر و گـەنج، تێکەڵی زەوی بکا. کـۆمـەڵکوژیی ئەرمەنییەکـان، یەکەمین کۆمـەڵکوژییـە لـە سـەدەی پێشـوودا. پێش کۆمـەڵکوژیی جـوولەکەکانە، کە ئەڵمـانیـاییـیەکـان کـردیان. تورکـەکـان هەتاوەکو ئەمڕۆش، دژی هەمـوو ئەو کـەسـانەن کە باسـی ئەم کۆمـەڵکوژییـە دەکات. بەڵام هەندێک دەوڵەت و رێکخراوی بێگانە، توانییان ئەم کۆمەڵکوژییەی ئەرمەنییەکان بە دنیا بناسێنن.

## کۆمارە خوێناوییەکە

سـاڵی ١٩٢٢ سـەرۆکی فاشـیزمی تورک مسـتەفا کەمال، کە تورک بە (ئەتاتورک – گورگـەبۆر) ناوی دەهێنن. کـۆتای بە خـەلافـەتی عوسـمـانی هێنا. سـاڵی ١٩٢٣ ئیعلانی کۆمـاری تورکیا کرا. هەر لە سـەرەتاوە، تورکـەکان بڕیاریان دا کـۆمارێکی ناسیـۆنالیسـتی توندڕۆیانە دابمەزرێنن. بەهیـچ شـێوەیەک گوێ بۆ هیـچ نەتەوەیەکی تر نـەگـرن، کـە لە سنـووری وڵاتەکـەیاندا دەژی. هـەر لەو کـاتـەوە دروشـمـی (یەک نەتەوە، یەک ئـاڵا، یەک دەوڵەت) بەرز کـرایەوە. ئەم کـۆمـارەش وەکـو جـاران کـەوتە گیانی گەلانی دراوسـێ. سـەرەتا یۆنانییەکان بوونە قوربانی.

## کۆمەڵکوژییەکەی شاری سمیرنا (ئەزمیر)

بەپێی پەیمـانـنـامـەی سـیـڤـەر، شـاری سـیـمـرنـا (ئەزمـیـر) دەکەوتە ژێر دەسـەڵاتی یۆنانـەوە. لەو شـارەدا ١٥٥ هـەزار یۆنانی، ٢١ هەزار جـوولەکـە، ٥٠ هـەزار بێگانە کە زۆربەیان ئیـتـاڵـیایی و فەرەنسـایی و بولگاریـایی و ئەڵمـانیـایی بوون، ١٠ هـەزار ئەرمـەنی، لەگـەڵ کـەمـینەیەکی بچـووکی تورک کـە لە شـارەکـانی ترەوە هـاتبـوون، دەژیان. بـەڵام ئەوروپاییـیـەکـان جـارێکی تر پشـتـیـان لـە یۆنان کـرد. لە ٩ی سـێپـتـەمـبەری ١٩٢٢، سـوپا وەحـشـی و خـوێنڕێژەکەی مسـتـەفـا کەمـال، پەلامـاری شـارەکەی دا. سـەرەتا ناوچەی ئەرمـینییـەکان بەتـەواوی سووتێنرا و خـاپوور کرا. پاشـان تـەواوی شـارەکـەیان سـووتاند و زیـاتر لە ٣٠ هـەزار ئەرمـەنی و یۆنـانـی شـەهیـد بوون، زیاتریش لـە ٢٠٠ هـەزار کـەس ئاوارەی یـۆنان بوون[٢٩] پاشـتـریش زیاتر لە ملیۆنێک یۆنانی لە زێدی باو و باپیرانیان دەرکران.

29. Symrna(izmir) Massaker. www. Wikipedia. de

### سەرەتای تراجیدیای گەلی کورد

لەگەڵ دروستبوونی ئەم کۆمارە، سەرەتای تراجیدیایەکی نەبڕاوەیە بۆ هەموو گەلی کورد. لەبەرئەوەی ئەم کۆمارە یەکێک لە ئامانجەکانی، لەناوبردنی یەکجارەکیی نەتەوەی کورد بوو. پاش ئەوەی هەموو گەلی یۆنانی و ئەرمەنییان بەتەواوەتی لەناو برد. ئینجا دەستیان خاڵی بوو بۆ نەتەوەی کورد. هەر لە سەرەتاشەوە ئەم کۆمارە ئیعلانی لەناوبردنی هەموو نەتەوەی کوردی کردووە، لە هەموو دنیادا نەک لەو وڵاتەکەی خۆشی. بەهەموو شێوەیەک دژی جووڵانەوە و بزاوی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە.

### شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و کۆمەڵکوژییە گەورەکە

پاش ئەوەی گەلی کورد هەستی کرد، کە تورک بە سەرۆکایەتیی گورگەبۆرەکە (مستەفا کەمال) نەخشەی لەناوبردنیان داڕشتووە. ئەوە بوو ڕابەرانی کورد بیریان لە شۆڕشێک کردەوە، ئەوە بوو شێخ سەعید و هاوڕێکانی دەستیان دایە شۆڕش. لێرەدا کاتی ئەوە نییە لەسەر چۆنیەتی و دروستبوونی ئەم شۆڕشە باس بکەم. بگرە زیاتر باسی کۆتاییهێنانی ئەم شۆڕشە دەکەم، ئامانجی ئەم کتێبە دەرخستنی گیانی فاشیزمە نەک شۆڕشەکانی گەلی کورد. لە ٢٧ی مایسی ١٩٢٧ سوپا وەحشییەکەی تورک، شاری دیاربەکر (ئامەد) داگیر دەکات و کۆتا بە شۆڕشەکە دەهێنێت. شێخ سەعید و هاوڕێکانی دەستگیر دەکرێن و زیاتر لە ٩١ سەرۆک خێڵی تر لەدار دران. جگە لەوەش زیاتر لە نیو ملیۆن کورد شەهید دەکەن و سەدان گوند دەسووتێنن. زیاتر لە نیو ملیۆن کوردیش بەزۆرەملێ ڕەوانەی شارەکانی ڕۆژئاوا دەکەن[٣٠] کە بەشێکی زۆریان لە برسان و لە سەرمادا گیان لە دەست دەدەن.

نەهرۆی مەزن لەبارەی ئەم شۆڕشەوە ئاوا دەڵێ:

"ئەتاتورک بێ بەزەییانە سەرانی کوردی دایە دەست دادگەیەکی تایبەت و ئەویش هەزارانی تۆمەتبار کرد. شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد و زۆری تر لەدار

---

٣٠. د. جەمال نەبەز. کوردستان و شۆڕشەکەی. کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بەکوردی. ١٩٨٥ لاپەڕە ٧٤.

دران. له مردنیشدا بزه لەسەر لێوەکانیان نەبرا. ئەمە نیشانە بوو بۆ دڵنیایی و بڕوای تەواو بەسەربەخۆیی کوردستان"[31].

پاش ئەمە دەستیان کرد بە پڕوپاگەندەیەکی دزێو دژی شۆڕشەکە لە دنیادا. لای شۆرەوی دەیانوت ئەمانە پیاوی ئینگلیز بوون و ئەوان یارمەتییان داون بۆ ئەوەی دژی کۆمارەکەمان شەڕ بکەن. وەلێ دیسانەوە نەهرۆی مەزن وەڵامی ئەم درۆیە دەداتەوە دەڵێ:

"ناتوانرێ بڵێی بەکرێگیراوی ئینگلیز بوون. کورد پاشترساڵی ١٩٢٩ شۆڕشێکی تری بەرپا کردەوە. چۆن دەتوانرێت چۆک بەگەلێک دابنرێ، کە هەموو کات لە خەباتی بەردەوامدا بێت و ئامادەش بێت باجی ئەو خەباتەی بدات"[32].

## شۆڕشەکەی ئاگری داخ

ساڵی١٩٢٧ تا ١٩٣١ بەڕابەریی پارتی خۆییبوون و سەرۆکایەتیی جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا، شۆڕشێکی گەورە لە ناوچەکانی ئاگری داخ و وان، دەستی پێ کرد. پاشتر بەدڕندەترین شێوە سوپای تورک پەلاماری ناوچەکەی دا.

زیاتر لە ٢٢٠ گوندی ناوچەی ئاگری داخ، لەگەڵ خەڵکەکەیدا سووتێنران، کە ژمارەیان دەگاتە نێزیکەی ١٠ هەزار کەس. پاشانیش لە ناوچەی (تاندریک) ٤٠٠ گوندی تریان سووتاند. لە وانیش ٨٢ گوند. جگە لەوەش زیاتر لە ١٠٠ نووسەر و ڕووناکبیری کوردیان خستە ناو گۆمی وانەوە[33].

## کۆمەڵکوژییەکەی شاری دەرسیم

ساڵی ١٩٣٧ گەلی کورد شۆڕشێکی تری لە ناوچەی دەرسیم ئەنجام دا. ئەوە بوو دیسانەوە سوپا وەحشییەکەی تورک ئەمجارە لە جاران خراپتری بەسەر گەلی کورددا هێنا. تەواوی شاری دەرسیم خاپوور کرا، هەموو دانیشتوانی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری، برانە دۆڵێکەوە. پاشان بە فڕۆکە و تۆپ بۆمبارانیان

٣١. هەمان سەرچاوە.

٣٢. هەمان سەرچاوە.

٣٣. د. بلەج شیرکو. القضیة الكردية. ماضي الكرد وحاضرهم. دار الكتاب. بيروت. لبنان. الطبعة الاولى، ١٩٨٦، ص١٢٧.



کۆمەڵکوژیی دەرسیم

کـردن. هەندێکیـشـیـان بـردن بۆ کـارگـەکـانی دەرمـان، تاقیـکردنەوەیان بەسـەردا دەکردن. بۆ یەکەمین جـاریش بۆمـبی گازی ژەهراوییـان لەم ناوچانەدا بەکـار هێنا. پاشـانیش ناوی شارەکەیان گۆڕی بۆ (تونجەلی). لێرەوە سیاسـەتی بە تورککردن دەستی پێ کرد[٣٤].

## سەرەتای سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی تورک دژی گەلی کورد

لەپاش لەناوبردنی شـۆڕشـەکانی گەلی کورد، ئینجـا دەسـتیان کرد بەداڕشـتنی سیاسـەتێکی راسیزمانە دژی گـەلی کورد. سیاسـەتی بەتورککردن، هـەموو خـاکی کـوردانی گرتـەوە. قسـەکردن، نـووسین، بڵاوکـراوەی کوردی، گـۆرانی و مـوزیکی کوردی، هەمـوو شتێکی کوردی و تەنانەت ناوی کوردیش بوو بـە تاوان و سزایەکی قـورسـیـان بۆ دانا. جگە لەوەش ناوی کـوردیـان گـۆڕی بـۆ (تورکی شـاخـاوی). مـەبەسـتیش لەم نـاو گۆڕینە ئەوە بوو، کە لەلایەک ناوی کوردی نەهـێڵن، لەلایەکی تریشـەوە هـەموو کـاتێک کورد وەکو گەلێکی دواکەوتوو سەیر بکرێت. واتە نـە وەکو تورک قبـووڵ دەکرێن، نە وەکو کوردیش. لە دنیـاشـدا پڕوپاگـەندەی چەپەڵیـان دژی شـۆڕشـەکانی کورد دەکرد، سـەرەتا بەناوی پیـاوی ئینگلیز تۆمەتبـار کـرا. پاشـان

٣٤. د. جـەمـال نـەبەز. کـوردسـتـان و شـۆڕشـەکەی. کـوردۆ لە ئەڵمـانیـیـەوە کـردوویەتی بەکوردی، ١٩٨٥، لاپەڕە ٧٦.

کاتێک کە لەگەڵ ئەوروپاییەکان ڕێک کەوتن و بوونە ئەندامی ناتۆ و پشتیان لە سۆڤیەت کرد، گەلی کوردیان بە (دوژمنی نوێبوونەوە و بیناسازی و دژە ئەوروپایی و شارستانی) تۆمەتبار دەکرد. تورک هەموو کاتێک توانیویانە، ناوی درۆ بۆ شۆڕشەکانی کورد بدۆزێتەوە. ئێستا شۆڕشی کورد بە تیرۆریست دادەنێن، لەبەرئەوەی دنیا دژی تیرۆریستە. پێشتریش بەکۆمۆنیست، لەبەرئەوەی رۆئاوا دژی کۆمۆنیست بوون. هەموو کاتێکیش رۆئاوا باوەڕی پێ کردوون. دیارە ئەوانیش بەشێکن لە فاشیزمی تورکی.

سەرۆک وەزیرانی تورک لە شاری سیڤاس وتی:

"لەم ولاتەدا تەنیا ڕەگەزی تورک بۆی هەیە داوای مافە ئیتنی و میللییەکانی خۆی بکا"[35].

وەزیری دادیش مەحموود ئیسات بوزکرت ساڵی ١٩٣٠ بەهەمان نەغمەی راسیستی وتی:

"ئەم نیشتمانە خاکی تورکە. ئەوەی تورک نییە تەنیا یەک مافی بەردەکەوێ، ئەویش مافی خزمەتکاری و کۆیلایەتی"[36].

پاشان دەست کرا بەهەڵمەتێکی نەگریسی راسیزمانە دژی زمان و کولتووری کوردی. لە ١١ی مایسی ١٩٤١ رۆژنامەی (Son post) دەنووسێ:

"لە تورکیادا کەمەنەتەوەیەک بەناوی کوردەوەی لێ نییە. لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، ئەو شوێنانەی بێگانەکان بەناوی کوردستان و ئەرمەنستان ناویان دەبرد، تورکی دواکەوتوو دەژیان. ئەمانە لە تێکەڵەیەکی زمانی فارسی و عەرەبی، زمانێکی تریان لە زمانە تورکییە ڕەسەنەکەیان دروست کردووە. زمانێک کە ئاوازەیەکی زۆر سەیر و عەنتیکەی هەیە، ناویان لێ ناوە کوردی"[37].

عەدنان موندەریس سەرۆکی تورکیا ساڵی ١٩٥٩ وتی: "ئەگەر سۆڤیەت کوردستان داگیر بکا، ئەوا هەموو گەلی کورد بەبۆمبێکی ئەتۆمی لەناو دەبات".

ساڵی ١٩٦١ لە تەواوی شارەکانی کوردستاندا (ماردین، وان، دیاربەکر،

٣٥. هەمان سەرچاوە.

٣٦. هەمان سەرچاوە.

٣٧. هەمان سەرچاوە.

بەتلیس) خۆپێشاندانی گەورە کرا. کوردەکان دروشمی (ئێمە کوردین و تورک نین، بڕووخێ دەسەڵاتی خۆسەپاندن)یان بەرز کردبووەوە. پاشان سوپای تورک دەستی بەکوشتن و گرتن کرد. لە دیاربەکر ١٤٩ کوژران و ٤٠٠ زامدار بوون. لە ماردین ١٢١ کوژران و ٣٤٥ زامدار بوون. پاش ئەمە دەست کرا بە هەڵمەتی پڕوپاگەندە دژی نەتەوەی کورد. گیوسیل سەرۆکی تورکیا ساڵی ١٩٦٣ لە شاری دیاربەکر (ئامەد) وتی:

"ئێوە هەمووتان تورکن. تف بکەرە چاوی ئەو کەسەی کە پێت دەڵێت تۆ کوردیت"[٣٨].

ساڵی ١٩٦٦ بلەرزەیەک شاری (ڤارتۆ)ی هەژاند. حکومەت هیچ یارمەتیی خەڵکی نەدا. پاشان وەزیری ناوەخۆ (خالدون مەنتەش ئۆغلۆ) سەردانی شارەکەی کرد. هەندێک کەس بەکوردی قسەیان دەکرد. ئەویش تەواو شێت و هار بوو. پاشان وتی: "لە دەمی هەندێک گیانلەبەری مرۆڤ ئاساوە، دەنگی ئاژەڵ دەبیستم" پاشان وتبووی "ئەگەر ئەم دەوڵەتەتان بەدڵ نییە، لێرە بڕۆن یەکێکی تر هەڵبژێرن".

ساڵی ١٩٦٧ پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی،MHP، کە خاوەنی میلیشیایەکی پێنج هەزار کەس بوون. لە جۆری هێزی SS نازییەکان دامەزراوە. یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە بەناوی ئاتسیز هەڕەشەی لە گەلی کورد کرد وتی: "ئەگەر ئێوەی کورد چیی تر بەو زمانە سەرەتاییەتان بئاخڤن، ئەوا تورک بەهەمان دەردی جۆرجی و ئەرمەنی و یۆنانیتان دەبات. تا ڕەچەڵەکتان لە خوێندا شەلاڵ بکا".

پاش ئەوەی کورد لە باشووری کوردستان لە ١١ی ئاداردا هەندێک لە مافەکانی دەست کەوت. شێتی و دەمارگیری هەموو تورکیای گرتەوە. ئەوە بوو بەبێ بیانوو، لە ٨ و ٩ ئەپریلی هەمان ساڵدا، هێزێکی کۆماندۆزی تورکی پەلاماری شارۆکەی (سیلڤان) نێزیک دیاربەکریان دا. پاش ئەوەی پیاوەکانیان دارکاری کرد، ئینجا بەدیار چاوی پیاوەکانەوە سواری ژنەکانیان بوون. پاشان هەموو خەڵکەکەیان وەکو فەرش ڕاخست و سەمای فۆلکلۆرییان بەسەردا دەکردن. پاشتر هەمان چەتەگەرییان لە ناوچەکانی (دێریک، باتمان، میدیات. بیسمیل) دووبارە

---

٣٨. هەمان سەرچاوە.

کردەوە[39]. پاشان ئەم سیاسەتە چەپەڵە بەردەوام بوو، هەتاوەکو ئەمڕۆش.

ڕۆژنامـە و گـۆوار و مـیـدیاکـانی تورک، هەمـان نەغـمـەی راسـیـزم دەڵێنەوە. لە سـاڵانـی هەشـتـا و نەوەتەکـانـدا، پاش ئەوەی شـۆڕشـێکی گـەورە بەسـەرۆکـایەتیی پەکەکە دەستی پێ کرد. فاشیزمی تورکی هێندەی تر وەحشیتر بوو. زیاتر لە ٣٠ هەزار کـەسـی سـیـڤـیل بوونە قـوربـانی. زیاتر لە ٤ هەزار گوند سـووتان و خـاپوور کـران. بەهەزاران ژن و کچی کـورد، لە زیندان و گوندەکانـدا، سـوپا و جـەندرمـەی تورکی ئەتکی کردن. دەستدرێژیی سێکسی یەکێکە لە سیماکانی سوپا و پۆلیس و جـەندرمەی تـورک. سـاڵی ١٩٩٤ کـاتێک بۆ یەکـەم جـار پەرلەمانتاری کوردی چووە ناو پەرلەمـانی تـورکـیاوە، شـۆڕشگێڕی مـەزنی کـورد (لەیـلا زانا) بەزمـانی کـوردی قسەی کرد. یەکسەر تەواوی پەرلەمانتارە تورکەکان تووشی هستریا و دەمارگیری و شێتی بوون. پاشان لەیلا زانا و هاوەڵەکانی، بۆ ماوەی ١٠ سـاڵ زیندانی کران. ئەمـە یـەکـەم جـارە لە مـێژووی پەرلەمـانی جـیـهـانـدا، پەرلەمـانـتـارێک بەو شـێـوەیە زینـدانـی بکرێ، لەبـەرئەوەی بەزمـانی دایکی قـسـەی کـردووە. لە تورکـیـا زمـانـی کوردی نەک لەناو خـەڵکی و دەزگاکانـدا قـەدەغـەیە، بگرە لە زیندانەکـانیش ئەگـەر یەکێک بەکوردی قسە بکا، سزای توند دەدرێ. سەرۆکی تورکی سلێمان دیمیرێل سـاڵی ١٩٩٨ وتی "ئـەگـەر لە ئەفریقیـاش بێت، ئێمـە دژی دەوڵەتـی کوردین". پاش ئەوەی ئیسلامییەکان هاتنە سـەر کـار، سەرەتا پەیمانی درۆیان بەکورد دا. دوایی ئەمـانیش لە فـاشـیـسـتـەکان خـراپتر بـوون. سـەرۆک وەزیرانی تورک رەجـەب تەیب ئەردۆگـان. لە کۆبوونەوەیەکی جـەماوەری لـە شاری هەکاری وتی "ئێرە تەنیـا وڵاتی تورکـانە، ئـەوەی بەدڵی نـیـیـە بـا بـاربـکا بـڕوات". لەم شــەکـرانە زۆری شکاند. لە شـوێنێکی تردا وتی "کورد نەتەوە نییە، بگرە کولتوورێکی دواکەوتووە"[40].

پاش ئەوەی کـە تورکـێکی فـاشـی بە بـڕنەوەکـەی تەقـەی لە خـۆپـێـشـانـدانـێکی ئاشتییانەی کوردەکان کردبوو، ئەردۆگان خەڵاتێکی گەورەی پێ دا. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە، کە ئەم فاشیستە لە دنیـادا خۆی بەچارەسـەرکەری کێشـەی کورد دادەنێ. خـۆی وەکـو پـیـاوی ئـاشـتـی پـێـشـان دەدات. زیـاتر ١٠٠٠ مـێـرمـنـداڵی کـورد لە

٣٩. هەمان سەرچاوە.

٤٠. سەیری سایتەکانی (ڕۆژ تیڤی، دەنگی سەربەخۆ، ڕۆژهەڵات) فێبریوەری ٢٠٠٩. بکە.

زیندانەکانی تورکیان. هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم سزایە بەردەوامە.[٤١]

## بنەماکانی فاشیزمی تورکی

١- هەموو دەزگاکانی دەوڵەت

ڕاسیزم بە بەردی بناخەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت دێتە ژماردن. هەموو دەزگاکانی دەوڵەت، لەسەر بنەمایەکی ڕاسیزمانە، هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد و کەمەنەتەوەکانی تردا دەکەن. تەنانەت دەستووری تورکیاش لە دەستووری فاشیزمی ئیتاڵیایی دروست کراوە.

٢- سوپا

سوپای تورک بە یەکێک لە دەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەت دێتە ژماردن. بیری ڕاسیزم چووەتە ناو هەموو سووچێکی ئەم سوپایەوە. سوپای تورک لەسەر بنەمایەکی ڕاسیزمانە، سەربازەکانی پەروەردە دەکات. دیارە بیری فاشیزم و کوشتن، پێشینەیەکی ئێجگار زۆری لەم سوپایەدا هەیە.

٣- پارتە سیاسییەکان

هەموو پارتە سیاسییەکانی تورک، بەرنامەی خۆیان لەسەر بنەمایەکی ڕاسیزمانە داڕشتووە. هەموو پێیان وایە، کە جگە لە تورک هیچ کەسێکی تر، لەو وڵاتەدا مافی نییە. هەموویان لەسەر قسەکەی مستەفا کەمال کۆکن کاتێک وتی "یەک تورک بەرامبەر هەموو دنیایە". جگە لەوەش هەموویان، ئەندامانیان لەسەر شەڕەنگێزی و پەلامارادنی نەتەوەکانی دەوروبەری تورک ڕاهێناوە. بەتایبەت (کورد، یۆنانی، ئەرمەنی، بولگاری).

٤- میدیاکان

هەموو میدیای تورکی، لەسەر بنەوایەکی ڕاسیزمانە شت بڵاو دەکەنەوە. بچووکترین شت لەسەر کورد باس بکرێت، یەکسەر سزا دەدرێن. جگە لەوەش زۆربەیان بەبیری ڕاسیزمانە بۆ دنیا دەڕوانن. بەشێکی زۆریان بە چاوێکی سووک

٤١. ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە، ١٥٠، ٢/ ١٢/ ٢٠٠٨.

سـەیری گـەلانی دەوروبەر دەکـەن. بەشـێکی زۆری فیلم و درامـای تورکی، کـاری سـووکـایەتی پێکردن و نـاشـیـرینکردنـی وێنەی گـەلی کـوردە. لـەم چەند سـاڵەی دواییدا، ئەم دراماـیانە دەکرێنە عـەرەبی و دەیانەوێ لە وڵاتانی عـەرەبیشـدا، ناوی کورد بشـێوێنن. بـەداخەوە هەندێک تیڤیی کوردیش، ئەم دراماـیانە بڵاو دەکاتەوە. هەر لە سـەرەتاوە فـیلم و درامای تـورکی، کوردسـتـان بەناوچەیەکی دواکـەوتوو، خـەڵکەکەشی بەکەسـانی سـەرەتایی و وەحشی داناوە. هەندێک جار ڕێگەیان داوە کـە چەند درامـایەکی کـوردی پێـشـکێش بکرێت، بـەڵام ئەوانیش هەمـان وێنەی ناشـیرینی کوردیـان پێشـان داوە. بۆ نموونە فیلمـەکانی یـەڵماز گۆنای، هەمان وێنەی نـاشـیـرینی ناوچـە کـوردییـەکـان پێشـان دەدات. لـە هەمـان کـاتیـشـدا، نووسـەرانی تورکیش، بەشداریی سـەرەکی لەم پرۆسـێسـەی ناشیرینکردنی گەلی کورد دەگێڕن.

٥- میلیشیای چەکداری

لە تورکیـا دوو جـۆر میلیـشـیـای سـەربازیی فـاشـیـزمانەیان هەیە. یەکەمـیان مـیلیـشـیـای پارتی نـەتەوەیی MHP کـە زیاتر لـە ٣٠ هـەزار ئەندامـی هەیە. کـاری ئەمـان لە شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیـایە. ئەویش پەلاماردان و سـووتاندنی دوکـان و بنکە کوردییـەکان. لە هەمـان کاتیشـدا پەلاماردانی خۆپێشاندانـە کوردییـەکان و ئازاردانی خوێندکار و کرێکارە کوردییەکانی ئەو شارانـە. مەبەسـتی سـەرەکیش لەم میلیشـیایە کە دەوڵەتی تورک خۆی دروسـتی کردووە، بـۆ ئەوەی وەکو هێزێکی چەکـدار دژی ئەو کـوردانـە بەکـاری بهـێنێ، کـە لە شـارە تـورکـیـیـەکـاندا دەژین. لەبەرئەوەی لـە ڕۆژئاوای تورکیـا، مـیدیای جـیـهـانیی لێـیە و توریسـتـێکی بیـانیی زۆریشـی لێیـە. هـەر بۆیە ناتوانێ لەشکر بۆ دژایەتیکردنی کورد بەکار بهێنێ. لێرە دەتوانێت بەجیهـان بڵێت، ئەمـە پارتێکی فـاشیستـە، پارتی فاشیستیش ئەمڕۆ لە ئەوروپادا زۆرە.

دووەمین جۆری میلیشـیا: حزبوڵڵا و هێزی جاشە. کە لە نـاوچە کوردنشینەکاندا بەکاریان دەهێنێت. میلیشـیاکـانی حزبوڵڵای تورکی، زیاتر لـە ١٠ هـەزار خـەڵکی سیڤیلی کوردیان شەهید کردووە، کە زیاتر خەڵکی نووسەر و ڕۆشنبیر بوون.

٦- یارمەتیی بێگانە بەتایبەت (ئەمەریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا)

هەر لە دێرزەمانەوە، فاشیزمی تورکی لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە پشتگیری کراوە. بەتایبەت ئەڵمانیا بەگەورەترین پاڵپشت و هاوکاریی فاشیزمی تورکی دێتە ژماردن. هەموو تاوانەکانی ئەم دەوڵەتە، لەلایەن ئەڵمانیاوە دەشارێتەوە. ئەڵمانیا لە ئەوروپادا، باشترین دۆستی فاشیزمی تورکییە. بەهیچ شێوەیەک ناهێڵێت، پەردە لەسەر تاوانەکانیان هەڵبدرێت. تەنانەت لە ئەڵمانیاش تەنگ بەچالاکوانانی کورد هەڵدەچنێت و زۆرجاریش ڕەوانەی تورکیایان دەکاتەوە. ئەڵمانیا یەکەمین دەوڵەت بوو، کە پەکەکەی بەتیرۆریست ناساند. پاشان هەموو ئەوروپای ناچار کرد، کە پەکەکە بە تیرۆریست دابنێت. هەر لەسەر بڕیاری ئەڵمانیاش، ئیتاڵیا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی تەسلیمی تورکیا کردەوە. ئەڵمانیا بەتەواوی لە سەنگەری فاشیزمی تورکییە و دژی گەلی کورد و ئەرمەنی و یۆنانی. هەتاوەکو ئەمڕۆش دان بەکۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان نانێت. ئەڵمانیا بەهەموو شێوەیەک (دارایی، عەسکەری، لۆجستیکی، هەواڵگری) تورکیا دەکات. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٩٠ ئەڵمانیا یەکی گرتەوە، هەموو چەک و تەقەمەنیی سوپای ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی پێشکێشی تورکیا کرد. هەر بەو چەکانەش، وڵاتی کوردستانیان خاپوور و سووتاند. جگە لەوەش لە ئەڵمانیادا بەئاشکرا دژایەتیی پارتە کوردییەکان دەکات و پشتگیریی گرووپە فاشیستەکانی تورک دەکات. پاش ئەڵمانیاش، ئەمەریکا گەورەترین پاڵپشت و هاوکاری فاشیزمی تورکییە. ئەمەریکا لە تەواوی مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا پشتگیریی فاشیزمی تورکی دەکات، بەهەموو شێوەیەک پەردەپۆشی بۆ تاوانەکانیان دەکات. ئەم پشتگیرییەی ڕۆژئاواش، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، لە مانەوە و بەردەوامیی فاشیزمی تورکیدا. واتە هێزی دەرەکی ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە مانەوەی فاشیزمی تورکی. تورکیاش لە بەرامبەر ئەوروپا و ئەمەریکا، ڕۆڵی سەگی هاری بینیوە بۆیان. بەتایبەت لە کاتی شەڕی سارددا. وا بۆ ماوەی پەنجا ساڵە لە بەردەم دەرگەی ئەوروپا وەستاوە، بۆ ئەوەی بیکەنە ئەندامی ئەوروپا، بەڵام خۆشبەختانە ئەوروپاییەکان وەری ناگرن. تورک هەموو کات هەوڵ دەدەن، ئەو سووکایەتی و زەلیلییەی کە بەدەستی ئەوروپاییەکانەوە دەیبینن، هەقەکەی بە کورد بکەنەوە. تورکیا هەموو کاتێک خۆیان وەکو خزمەتکارێکی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا پێشان داوە، هەر بۆیە

فاشیزمی تورکی هەڕەشە نییە بۆ ڕۆئاوا، بگرە بەپێچەوانەوە لە خزمەتیاندایە. لەبەر ئەوە تەمەنی ئەم فاشیزمە درێژتر دەبێ و دەمێنێتەوە.

٧- ئابووری

یەکێک لە بنەماکانی تر، بەکارهێنانی سیاسەتێکی ئابوورییانە لە دژی گەلی کورد. هەموو ناوچە کوردنشینەکانی، کردووەتە فەقیرخانەیەک بۆ ئەوەی بەناچاری کۆچ بکەن بۆ شارە تورکنشینەکان. ئەگەر بەراوردی باری ئابووریی ناوچە کوردییەکان و ناوچە تورکییەکان بکەیت، وەکو نێوان ئەرز و ئاسمان دیارە. هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم سیاسەتە بەردەوامە، ئامانجی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە، کە کوردەکان بەناچاری کۆچ بۆ شارە تورکییەکان بکەن. لەبەرئەوەی لەوێ لەناو تورکەکان دەتوێنەوە.

٨- داهێنانی نوێی فاشیزمی تورکی

یەکێک لەو سیاسەتە چەپەڵ و نامرۆڤانەی فاشیستە تورکەکان، قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەیەکی ترە. چ فاشیزمی ئیتاڵیایی، چ نازییەتی ئەڵمانیایی، هیچ فاشیزمێکی تری جیهان، پەی بەمجۆرە سیاسەتەی نەبردووە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە وڵاتێکدا نەتەوەیەکی سەردەست، بەزۆری سوپا و دەزگاکانی تری دەوڵەت، زمانی نەتەوەیەکی تر لەناو دەبات. زمانی خۆشی بەسەر نەتەوەیەکی تردا دەسەپێنێ. لە پاش دروستبوونی کۆماری تورکییەوە، زمانی کوردی نەک لەناو بازاڕ و دەزگا حکوومەتییەکان، بگرە لەناو ماڵیش ئەگەر بەزمانی کوردی قسە کرابێت، ئەوا پۆلیس و جەندرمەی تورکی بەدڕندەترین شێوە سزای ئەو خێزانە کوردانەیان داوە، کە بەکوردی لە ماڵەوە قسە دەکەن. ئەگەر لەگەڵ کوردەکانی تورکیا قسە بکەیت، بەهەزاران چیرۆکی تراجیدیات بۆ دەگێڕنەوە. لێدان و سووکایەتی، کە پۆلیسی تورکی دژی خانەوادەکانیان کراوە، چونکە لە ماڵەوە بەکوردی قسەیان کردووە. ئەمەش داهێنانێکی نوێی فاشیزمە، لە هیچ دەوڵەتێکی فاشیستی ئەم دنیایەدا، سیاسەتی وا فاشیستانە و دژە مرۆڤانە بەکار نەهێنراوە.

### فاشیزمی فارسی

فـاشـیـزمـی فـارسـیش لەگـەڵ سـەرهـەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیـری فـاشـیـزم لە رۆهەڵات بەتایبەت لە تورکیا پەیدا بووە. زۆر لە سیاسـەت و بەرنامەکانی فاشیزمی فارسی، لە فاشیزمی تورکییەوە سەرچاوەی گرتووە.

### جۆرەکانی فاشیزمی فارسی

فـاشـیـزمی فـارسـی پێـچـەوانەی فـاشـیـزمـی ئەوروپایی و تورکییە، تەنیا لەسـەر بنـەمـای نەتـەوەی سـەردەست هـەڵنەقـووڵاوە. بگرە جـگە لە فـاشـیـزمـی نەتـەوەیی فـاشـیـزمێکی تریش هـەیە، کە لە ئاینەوە هـەڵقـووڵاوە. هـەردوو شـێـوەکەی فـاشـیـزمـی نەتـەوەیی و ئـاینی لـە ئێـرانـدا هـەبووە. دیارە هـەریەکـەیان قـۆنـاخـێکی بڕیوە و ماوەیەکیش حوکمی وڵاتی کردووە.

### فاشیزمی نەتەوەیی

لە سـەرەتاکـانی سـەدەی پێشـوودا، بیـری نەتەوەپەرسـتی لە ئێران بەشـێـوەیەکی ترسـنـاک گـەشـەی کـرد. ترسـناک بوو بـۆ نەتەوەکـانـی تـری ئێـران، لەبـەرئەوەی لە ئێـران تەنیـا یەک نەتەوە ناژی. لـە ئێـران جگە لە فـارس، کـورد، ئازەری، بـەلوچی، تورکمان، عەرەب، ئەرمەنی، ئاشووری دەژی. ڕێژەی فارسیش زۆرینەی تەواو نییە، بگرە لـە ئێـران ڕێژەی فـارس ٦٥٪، ئـازەری ١٦٪، کـورد بە لوڕیشـەوە (بەداخـەوە هـەندێک سـەرچاوە لوڕ لە کورد جیا دەکەنەوە) ١٣٪، عەرەب ٢٪، بەلوچ ٢٪.[٤٢]

### ڕەزا شـا و سـەرەتای فاشیزمی فارسی

ڕەزا شـا کـە ئەفـسـەرێکی سـوپای ئێـرانی بـوو، بەیارمـەتیی دیپلـۆمـات و سیاسـەتوانی ئێرانی (ضیـاالدین طبـاطبـائی) توانی لە ٢١ی فێـبریوەری سـاڵی ١٩٢١ کـودەتایەکی سـەربـازی ئەنجـام بدات و کـۆتا بەحـوکـمی قـاجـارییـەکـان بهێنێ.[٤٣]

---

42. www. Wikipedia de. Iran

٤٣. د. کمال مظهر احمد. دراسات في تاريخ ئيران الحديث والمعاصر. بغداد. ١٩٨٥ ص١٢٧.

ئەم کودەتایە بەکودەتای (حوت) دەناسرێ. لە پاش ئەم کودەتایەوە، ئەم پیاوە بوو بە بەهێزترین کەسایەتیی ئێرانی. هەر پاش ماوەیەکی تر، واز لە (ضیاالدین طباطبائی) دەهێنێ، لە حکوومەت و لە ئێرانیش دەری دەکات. لە ٢٥ی ئەپریلی ١٩٢٦ جلی شاهەنشاهی لەبەر دەکات و خۆی دەکات بە شای ئێران. بەم شێوەیەش سەرەتای فەرمانڕەواییی بنەماڵەی پەهلەوی دەست پێ دەکات[٤٤].

## سیاسەتە فاشیستەکانی ڕەزا شا

هەر لە سەرەتاوە ڕەزا شا دەیویست هەمان هەنگاوی مستەفا کەمالی باوکی فاشیزمی تورکی بنێت. ئەوە بوو سەفەرێکی بۆ تورکیا کرد و، رێککەوتننامەیەکی دووقۆڵییان مۆر کرد. کە بەشێکی زۆری ڕێککەوتننامەکە لە دژی گەلی کورد بوو. لە پاش فاشیزمی تورکی، ڕەزا شا زۆر هەواداری نازییەتی ئەڵمانیایی بوو. زۆر شەیدای هیتلەر و سیاسەتەکانی بوو. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٣٥دا ناوی دەوڵەتی فارسی بۆ (ئێران) گۆڕی. ئەمیش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ، کە فارسیش وەکو ئەڵمانیایی لە ڕەچەڵەکی ئارییە.

خۆی ناوی ئێران واتە وڵاتی ئاری. ئەم سیاسەتە دەبەنگەی فارسیش، هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە زۆرێک لە فارسەکان شانازی بەوەوە دەکەن، کە وەکو ئەڵمان ئارین[٤٥] تا ڕادەیەکیش کاری لە هەندێک کوردیش کردووە. هەر بەهۆی خۆشەویستی و هەواداری بۆ هیتلەر، ئینگلیز و رووسەکان پەلاماری ئێرانیان دا و لە حوکم دەریان پەڕاند بۆ باشووری ئەفریقیا. ڕەزا شا دەیویست دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە ئێران دروست بکا، کە هاوشێوەی دەوڵەتە فاشیستەکەی مستەفا کەمالی فاشی بێت. بەهەمان شێوەش دەیویست ئەم دەوڵەتە، نەتەوەی فارس خاوەن قەرار و گەورەی هەموو نەتەوەکانی تری ئێران بێ.

## پێڕەوکردنی سیاسەتی ڕاسیزمانە دژی گەلی کورد

بەفەرمانێکی فەرمیی ڕەزا شا، لە ناوچە کوردنشینەکاندا، جلوبەرگی کوردی،

---

٤٤. هەمان سەرچاوە.

٤٥. د. جەمال نەبەز. کوردستان و شۆڕشەکەی.. کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بەکوردی ١٩٨٥. لاپەڕە. ٨٨.

قسەکردن و بڵاوکراوەی کوردی قەدەغە کرا و هەر کەسێکیش سەرپێچیی بکردایە بەتوندی سزا دەدرا. بەتایبەت پاش شۆڕشەکەی رابەری مەزنی کورد، سمکۆی شکاک و کۆماری مەهاباد، سیاسەتی ترس و تۆقاندن، هەموو کوردستانی گرتەوە. بەئاشکرا رۆژنامە و ئەکادیمیاکانی فارس، سووکایەتییان بەزمان و کولتووری کوردی دەکرد. ساڵی ١٩٥٩ کاتێک (نشريه آمار عمومي) بۆ هەوەڵ جار ئاماری زمان و لەهجەکانی ئێرانی بڵاو کردەوە و ڕای گەیاند کە لە ئێراندا ١٠ زمان هەیە. چەند مامۆستایەکی زماناناس هەستیان بەمەترسی کرد و ڕایان گەیاند کە لە ئێران یەک زمان زیاتر نییە و ئەویش زمانی فارسییە. بۆ وێنە، سادق کیا، مامۆستای زمانی پەهلەوی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی کیهان کە لەژێر دێری "در ايران فقط يک زبان وجود دارد" واتە "لە ئێراندا تەنیا یەک زمان بوونی هەیە". پاشتر ئەم شەکرەی بە بەردی ئەکادیمی دەشکێنێ دەڵێ:

"زمانی کوردی لەهجەیەکە لە زمانی فارسی. ئەوانیش ناتوانن وەکو زمان حیسابیان بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی توانای دارشتنی زمانی دەستەواژەی زانستی و ئاینییان نییە. پاشتر دەڵێت هەموو دەستەواژە زانستی و ئاینییەکانی زمانی تورکی و عەرەبی لە زمانی فارسییەوە وەرگیراوە"[٤٦].

پاش زمان ئینجا کەوتنە گیانی قسەکردن لەسەر بوونی نەتەوەی تر. هەتا ئەم چەند ساڵەی دواییش، فاشیستە فارسەکان، کورد و ئازەری و بەلوچیان، وەکو خێڵێک لە خێڵە فارسەکان دەبینی. نکووڵییان لە بوونی کورد وەکو نەتەوەیەک دەکردەوە[٤٧] شاپوور بەختیار کە دواین سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو، هانا بۆ لێکدانەوەی ستالین دەبات بۆ نەتەوە، ئەو دەڵێ:

"کورد نەتەوە نییە، لەبەرئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی ئابووری، هەموو کورد بەیەکەوە نابەستێتەوە"[٤٨]

هەموو شتێکی کوردی (گۆرانی، موزیک، رۆژنامە، ئەدەب، فەرهەنگ) بەچاوێکی

---

٤٦. دوکتۆر ئەمیری حەسەن پوور. شۆڤێنزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی. سایتی گزینگ. www. gzing .org ٢٠٠٦/٣/٤.

٤٧. جمال نبز. المستضعفون الكرد واخوانهم المسلمون. الطبعة الثانية. السليمانية. جنوب كوردستان. ص ١١٥- ١١٦.

٤٨. هەمان سەرچاوە.

سـووکـەوە سـەیر دەکـرا. ئەگـەر هـەر کـوردێکیش پارچە کـاغـەزێکی کـوردیی پێ بگیرایە، ئەوا سزای توندیان دەدا. کوردسـتـان لە سـەردەمی ڕەزا شـا و حـەمـەی کـوڕیدا، بـە ئاگـر و ئاسـن بەڕێوە دەبرا. سـوپا و سـاڤـاک (پۆلیـسی سـیـاسی)، حـوکمی کوردسـتـانیـان دەکرد، چەندان تاوانی دژە مرۆڤیان دژی خـەڵکی سـڤیلی کورد ئەنجام داوە.

لە سـەردەمی حـەمـە ڕەزا شـادا، فـاشـیـزمی فـارسی گـەیشـتـە لووتکە. ئەو کـات نەتەوەی فـارسـیـان بە باشـتـرین و زاناترین نەتـەوەی دنیـا دادەنا. شـانـازیکردن بەمێژووی فارسیی کۆن و داریوش، بووبووە وێردی سـەر زمانی هەموو میدیاکانی ئێران. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٢ شـای ئێران، لە کەلاوە وێرانەکانی پایەتەختی ئاخـمینیـیەکـان (برسـو بولیس) بەیادی ٢٥٠٠ سـاڵەی ئیـمـپراتۆریەتی فـارسی، ئاهەنگێکی گـەورەی سـاز کـرد، کـە ٨٦ مـەلیک و سـەرۆکی جـیـهـان بەشـدار بوون. ئاهەنگەکە سیمایەکی مەزنی و گەورەیی فارسی پێشـان دەدا. جێگەی ئاماژەیە ئەم ئاهەنگە زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەو کاتەی تێ چوو. خواردنی ئاهەنگەکە، لە یەکێک لە ریستورانتە بەناوبانگەکانی پاریس دەکرا و بە فڕۆکە دەیانهێنایە ئەو سـەحـرایەی کـە نمایشـەکـەی تێدا دەکـرا[٤٩] حـەمـە ڕەزا شـای ئێـران، خـاوەنی کەسـایەتییەکی لووتبەرز بوو. وای هـەست دەکرد، کە هەموو دنیـا نۆکەری ئەون. لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا بە ڕۆژنامـەوانێکی ئەمـەریکای وت "ئێوە هیـچـتـان نییـە، ئەگـەر ئێمـە نەوتتـان لێ ببڕین ئێوە لە برسـاندا دەمرن"[٥٠]. وەلێ باش بوو زۆری نەبرد، لووتبەرزیی شا لە گۆڕەپانەکانی تاراندا شکا و نەما.

## خومەینی و فاشیزمی ئاینی

پاش ئەوەی گەلانی ئێران بۆ مـاوەی زیاتر لە ٥٠ سـاڵ لە حـوکمی شـاهانشـای ڕزگاریان بوو. هەموو گەلانی ئێران بە دڵێکی پڕ لە هیـواوە چاوەڕێی داهاتوویەکی پرشنگداریان دەکـرد. لێ مـخـابن هێـزی کـۆنەپەرسـتی و ئـاینی توانی بە سـەرۆکایەتیی خـومـەینی ئەو هیـوایەی خەڵکی بسووتێنێ. خـومەینی توانی خـۆی و

٤٩. محمد حسنين هيكل. مدافع آية الله. قصة ايران والثورة. الطبعة الثالثة. دارالشروق، ١٩٨٣، ص، ١٢٦.

٥٠. ئەم لێدوانەی شا لە سایتی You tube دەست دەکەوێ.

باڵەکەی بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنێ. دیارە دەزگای ئاینی لە ئێران، مێژوویەکی ئێجگار زۆری هەیە. هەر لە سەرەتاوە پیاوانی ئاینی ڕۆڵی سەرەکییان لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا هەبووە. جگە لەوەش رۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە ژیانی سیاسی و دادوەری و ئابووریی ئێراندا گێڕاوە. پیاوانی ئاینی (مەلا و ئایەتوڵڵا)کان، رەگێکی گەورەیان لەناو کۆمەڵگەی ئێرانیدا هەبووە. بەشێکی زۆری بازاڕی ئێران لەژێر دەستیاندا بووە[٥١].

سەرەتا خومەینی بەڵێنی گەورەی بە گەلانی ئێران دا، بەتایبەت بە گەلی کورد. وەلێ لەپاش ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەهێز کرد، لە هەموو بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە. هەر لە سەرەتاوە خومەینی سیاسەتێکی تایەفەگەری و شیعەگەرایی دەست پێ کرد. لە هەوڵی گواستنەوەی شۆڕش بۆ جیهانی ئیسلامی بەردەوام بوو. لە هەمان کاتیشدا سیاسەتێکی فاشیستانەی دژی رۆئاوا و رۆهەڵات پیادە کرد. لە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمەریکاشدا گەیشتە لووتکە. ئەمەش هەموو دنیای هەژاند. لەبەرئەوەی داگیرکردن و بە دیلکردنی سەفارەت لە هیچ شوێنێکدا نەبووە بە نەریت، جگە لە ئێران. لە مێژووی ئێراندا ئەمە دووەم جار بوو.

لە ١١ی ڤێبریوەری ١٨٢٩، سەفارەتی رووسی داگیر کراوە، گەورەترین کۆمەڵکوژییان دژی دیپلۆمات و خێزانەکانیان کرد. بەپێی هەندێک سەرچاوەی ئەو کاتە جگە لە سەفیری رووسی، زیاتر لە ٨٠ کەس بوونە قوربانی[٥٢]. لەپاش زاڵبوونی خومەینی بەسەر تەواوی دەزگاکانی دەوڵەتدا، دەستی کرد بە سەپاندنی شەریعەتی ئیسلام و، هەرکەسێکیش سەرپێچیی بکردایە، بەتوندترین شێوە سزا دەدرا. جارێکی تر فەلاقەکردنی خەڵکی لە گۆڕەپانی جەماوەریدا، بەردبارانکردنی ژنان، لەداردانی خەڵکی بەدیار چاوی جەماوەرەوە دەستی پێ کرد. هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم سیاسەتە نەگریسە بەردەوامە.

---

٥١. د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ئيران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥، ص، ١٨٥.

٥٢. هەمان سەرچاوە

### پەلاماردانی کوردستان و گەلی کورد

پاش ئەوەی کورد لە بەڵێنەکانی خومەینی کەوتە گومانەوە و، هێزی حکوومەتی لە کوردستاندا نەما، گەلی کورد دەستی بە شۆڕش کرد. ئەمەش هێندەی تر خومەینی و باڵە ئاینییەکەی تووڕە کرد. خومەینی لە میدیاکانی ئێرانەوە، بەیانێکی فاشیستانە و توندڕۆیانەی دژی گەلی کورد و شۆڕشەکەی بڵاو کردەوە. شۆڕشی کوردیان، بە نۆکەری ئەمەریکا و کافر لە قەڵەم دا. خومەینی ئیعلانی جیهادی دژی گەلی کورد کرد. وەکو بڵێی کورد کافر بێت و ئەمانیش موسڵمان[٥٣]. خومەینی هێندە تووڕە بوو، دەیویست خۆیشی بەشداریی ئەو غەزا پیرۆزە بکات، بۆ ئەوەی زووتر تەواو بێت.

لە هەموو میدیاکانی ئێرانەوە هێرش بۆ سەر گەلی کورد دەستی پێ کرد. مەلایەکی فاشی هەموو کچ و ژنانی کوردی بە بەدڕەوشتی وەسف کرد لەبەرئەوەی سەرپۆش نادەن بەسەریاندا. لە ڕۆژنامەی کەیهانی تارانی، بەشانازییەوە باسی تۆپبارانکردنی شارە کوردییەکانیان دەکرد، موژدەی سەرکەوتنیان بە خەڵکی دەدا[٥٤].

سەرۆکی دادگەی شۆڕش ئایاتوڵڵا خاڵخاڵی. دوکتۆرێکی گوللەباران کرد، لەبەرئەوەی تیماری کوردێکی بریندار کردبوو[٥٥].

سوپای ئێران کاتێک شارەکانی کوردستانی داگیر کرد، ئینجا دەستی کرد بە تۆڵەسەندنەوە. لەم هێرشە دڕندانەی سوپای ئێراندا، هەزاران کەس شەهید بوون و هەزارانی تریش بریندار بوون. زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسیش ئاوارەی عێراق بوون. لەپاش داگیرکردنی کوردستان، گوللەبارانکردن و لەداردان بە بەرچاوی خەڵکییەوە، بوو بە نەریتێکی ڕۆژانەی سوپا و ئیتلاعاتی ئێرانی. جێگەی ئاماژەیە پارتە چەپەکانی ئێران، ڕۆڵێکی نەگریسیان بینی لەم شەڕانەدا. وەلێ پاشتر

٥٣. جمال نبز، المستضعفون الكرد واخوانهم المسلمون، الطبعة الثانية، السليمانية، جنوب كوردستان، ص ٥٠.

٥٤. هەمان سەرچاوە.

55. Michael Naumann undJosef Joffe. Teheran. Eine Revolution wird hingerichtet. Wilhelm Heyne Verlag. Hamburg. 1979/1980.S107.

خومەینی هەمان دۆزەخی بۆ خۆیان هەڵگیرساند. وا زیاتر لە ٣٢ ساڵە لە ئێران ڕێژیمێکی فاشیستی ئاینی حوکم دەکات. دەقە ئاینییەکان دەکاتە پەردە بۆ سیاسەتە فاشیستەکانی. ئەم حکوومەتە بەپێچەوانەی فاشیزمەکانی ترەوە، پیاوانی ئاینی، سەرلەشکری ئەم ڕێژیمەن. ئاین بەتایبەت تایفەی (شیعە)، کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم ڕێژیمەیە. پەلاماردان و سووکایەتی بە ئاین و تایفەکانی تر، کارێکی ڕۆژانەی ئەم ڕێژیمە نەگریسە فاشیستەیە.

ئەمڕۆ لە تەواوی دنیادا، ئێران وەکو دەوڵەتێکی فاشی و نامرۆڤانە ناسراوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ناوبانگی خراپتر دەبێ. بەتایبەت پاش هاتنە سەر کاری (ئەحمەدی نەژاد). کە کەسێکی فاشییە. ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سویسرا، هێرشی کردە سەر وڵاتی ئیسرائیل داوای کرد ئەو وڵاتە لەسەر نەخشەی جیهان نەمێنێ و بفەوتێ. جگە لەوەی لە چەندان شوێنی تردا، گاڵتە و سووکایەتی بە کۆمەڵکوژیی جوولەکەکان دەکات و بە درۆیەکی گەورە وەسفی دەکات.

ئەم (ئەحمەدی نەژاد)ە لە هەموو سەرۆکەکانی پێشووی ئێران، توندڕۆتر و شەڕەنگێزتر. هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر باوەڕی وایە، کە چارەنووسی ئەم فاشیستەش هەمان چارەنووسی شا و سەدامی فاشی دەبێ.

## دوا وشە

دیارە ئەم چەند دێرەی من، زۆر کەم و کورتن بۆ ئەوەی لە جیهانی فاشیزم و سیاسەتەکانیان تێ بگەین. ئەگەر بمانەوێ لەسەر فاشیزم، شارەزاییی تەواومان هەبێ، ئەوا پێویستیمان بە هەزاران دێر و سەدان کتێبی قەوارە گەورە دەبێ. تاوانەکانی فاشیزم لە جیهاندا، هێندە زۆرە کە هیچ کاتێک بە کتێبێک تەواو نابێ. ئاواتەخوازین کە ڕۆژێک جیهان لە بیری فاشیزم و ڕەگەزپەرستی ڕزگاری بێت و لە جیاتیی فاشیزم، ئاشتی و برایەتی جێگەی بگرێتەوە.

هیوادارم ئەم هەوڵە بچووکەی من، توانیبێتی خوێنەری کوردزمان، هۆشیار بکاتەوە و شارەزایییەکی کەمی لەبارەی فاشیزمەوە پێ بدا. هیوادارم نووسەرانی تر، بتوانن هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی فاشیزم بە گەلی کورد بناسێنن.

سەرچاوەکانی بەشی چوارەم


1- Michael Naumann undJosef Joffe. Teheran. Eine Revolution wird hingerichtet. Wilhelm Heyne Verlag. Hamburg. 1979/1980 S107.

2. www. Wikipedia. de. Iran.

3- Symrna (izmir) Massaker. www. Wikipedia. de.

4- Der Völkermord an den Armeniern. www. World. De24/4/2005.

5- Information Türkei 4 277Quatral 2005 bpb.

6- Saud www Wikipedia de.

٧- د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ئيران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥.

٨- جمال نبز، المستضعفون الكرد واخوانهم المسلمون، الطبعة الثانية، السليمانية، جنوب كوردستان.

٩- محمد حسنين هيكل، مدافع آية الله، قصة ايران والثورة، الطبعة الثالثة، دارالشروق، ١٩٨٣، ص ١٢٦.

١٠- دوکتۆر ئەمیری حەسەن پوور، شۆڤینزمی سۆرانی و ئەفسانەکانی، سایتی گزینگ، www. gzing.org4/3/2010

١١- جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی.. کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی ١٩٨٥.

١٢- سایتەکانی (رۆژ تیڤی، دەنگی سەربەخۆ، رۆژهەلات) ڤێبریوەری ٢٠٠٩.

١٣- رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە١٥٠، ٢٠٠٨/١٢/٢.

١٤- د. بلەج شيركو، القضية الكردية، ماضي الكرد و حاضرهم، دار الكتاب، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٨٦.

١٥- جليلي جليل، من تاريخ الامارات في الامبراطورية العثمانية، في النصف الاول من القرن التاسع عشر، ترجمة د. محمد عبدو النجاري، الطبعة الاولى، مطبعة الاهالي، دمشق، ١٩٩٨.

١٦- الدكتور علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، الجزءالاول، الطبعة الاولى، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٩.

١٧- محمد ملا احمد. القضية الكردية في سوريا. الطبعة الاولى. اصدارات مجلة هاڤيبون. برلين. ٢٠٠١.

١٨- حسن العلوي. العراق دولة المنظمة السرية. الناشر: الشركة السعودية للأبحاث والنشر

- الطبعة الخامسة.
١٩- حزب البعث العربي، المؤلف: جلال السيد، الناشر: دار النهار، بيروت. ١٩٧٣.
٢٠- جمال عبدالناصر.. القائد الكاريزمي، ٢٠٠٤/١٠/٣، جزيرة نيت.
٢١- شوان ئەحمەد، ئیسلامی سیاسی، چاپی یەکەم، کتێبی ڕووناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤، لاپەڕە.
٢٢- محمد حسنين هيكل، من نيويورك الى كابول، الطبعة الرابعة، الشركة المصرية للنشر العربي والدولي، قاهرة، مصر، ٢٠٠٢.
٢٣- محمد حسنين هيكل، خريف الغضب، الطبعة الثامنة، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ١٩٨٤، بيروت، لبنان.
٢٤- الدكتور علي الوردي، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٧٦، انتشارات المكتبة الحيدرية.
٢٥- عبدالرزاق الصافي، النظام الملكي في العراق، كيف اقيم وكيف انهار؟، الثقافة الجديدة، العدد، ٣٠٣، تشرين الثاني، ٢٠٠١.
٢٦- مليارديرات فوربس: ثلاثة سعوديين وكويتي بين أغنى مئة في العالم
www. BBC/Arabic11/3/2070
٢٧- ساطع الحصري، البلاد العربية والدولة العثمانية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٦٠.